

ژمارە (٨٨٥) ■ ٢٠١٢/٦/٢٥



# حکومڕانی وەک ناسنامەی نەتەوە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا

# حکومڕانی باش ئیرادەی نەتەوەیەکی زیندوو بەجیهان دەناسێنێت

حکومڕانی وڵات ئەگەر هەتا پێش ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان پرۆسەیەکی تایبەت و دیاریکراو بووبێت بەسیاسەتی ناوخۆیی وڵاتێك و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان قسەکردن لەسەری بەشێوەیەك لەدەستتێوەردانی دەوڵەت دانابێت، ئەوا لەدوای کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانەوە، چەمکی حکومڕانی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و، چۆن مانا تەقلیدیەکەی سەروەریی دەوڵەتی سەردەمانی شەڕی سارد گۆڕانی بەسەردا هات، بەهەمان شێوە حکومڕانیش لەپرۆسەیەکی لۆکاڵەوە بووە پرۆسەیەکی نێودەوڵەتی.

سەبارەت بەم لایەنە د. نیکۆڵ مالدۆنادۆ لەتێزی دکتۆرانامەکەیدا بەناونیشانی (بانکی جیهانی و بەرەوپێشچوونی چەمکی حکومڕانی باش و کاریگەرییەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ) کە لەساڵی ٢٠١٠ پێشکەشی زانکۆی بۆنی لە ئەڵمانیا کردوو، ئاماژەی بەوە کردووە: (لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هاوکات

**یەکێك لەکۆڵەگە گرنگەکانی حکومڕانی بۆئەوەیە هاووڵاتی بە بەرچاوڕوونی و متمانەوە بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی بکات**

لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورەکانی جیهان کە بەڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دەستی پێکرد، چەمکی حکومڕانی باش هاتە ئاراوە، هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکارییە هەڵوەشانەوەی ئەو پێوەندییە سیاسی و ئابوورییە بوو کە پێشتر لەنێوان وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بوونی هەبووە، بۆیە ئەم گۆڕانکارییانە زەمینەی ئەوەیان ڕەخساند، کە وتوویژ لەسەر ئەوە بکرێت چۆن دەوڵەت پلان دادەنێت بۆ پەرەپێدانی ئابووری، ئەمەش واتە وتوویژکردن لەسەر ئەوەی چۆن حکومڕانی باش پیادە بکرێت.. بانکی جیهانی لەساڵی ١٩٨٩ تویژینەوەیەکی لەسەر ئاستەنگەکانی پەرەپێدان لەئەفریقیا بەناونیشانی (لەتەنگژەوە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام) بڵاو کردەوە و تیایدا ئاستەنگەکانی بەردەم پەرەپێدانی لەئەفریقیا دەستنیشانکردبوو، لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەوە کراوە دامەزراوەکانی ئەو وڵاتانە پێویستیان بەریفورم و باشترکردن هەیە بۆئەوەی زیاتر کاریگەریان لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان هەبێت. هەربۆیە لەو توێژینەوەیەدا بەو جۆرە پێناسە حکومڕانی کراوە بەوەی (چۆن دەسەڵاتی سیاسیی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات؟).. بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ و لەتوێژینەوەیەکی دیکەی بانکی جیهانیدا، بەناونیشانی (حکومڕانی و پەرەپێدان) جارێکی دیکە پێناسەی حکومڕانی بەمجۆرە داڕێژراوەتەوە: (حکومڕانی ئەو شێوازەی پیادەکردنی دەسەڵاتە بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لەپرۆسەی پەرەپێداندا) بەڵام دیسان لەساڵی ١٩٤٤ بانکی جیهانی پێناسەیەکی دیکەی بۆ حکومڕانی داڕشتۆتەوە کە تا ئێستا ماوەتەوە، پێناسەکەش بەمجۆرەیە: (حکومڕانی بریتیە لەمەزندە و بەرچاوڕوونی و ئاستی کرانەوەی بڕیاردروستکەران لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی شەفافدا، هەروەها دەبێت حکومەت ئامادەبێت بۆئەوەی لەسەر بەرنامەو کارەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز هەبێت بەشدار بێت لەکاروباری گشتی و هەموو لایەکیش لەژێر سەروەریی کاربکەن)، لەمەش زیاتر سەرۆکی بانکی جیهانی کە بۆ یەکەمجار زاراوەی حکومڕانی باشی بەکارهێناوە مەبەستی بەمجۆرە بووە: (حکومڕانی باش بریتییە لەدابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بەئاستێکی بەرز، بوونی دەسەڵاتێکی دادوەری بتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، حکومەت لەبەردەم خەڵکی خۆیدا بەرپرسیار بێت)...)

ئەولایەنەی د.نیکۆڵ لەتێزی دکتۆرانامەکەی ئاماژەی پێکردووە، ئاستەکانی بەرەو پێشەوەچوونی چەمکی حکومڕانییە لەسەر ئاستی بۆچوونەکانی بانکی جیهانی و هەر لەسەر ئەم بنەمایانەش بانکی نێودەوڵەتی قەرز دەداتە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بۆئەوەی لەپرۆسەی بونیادنانەوەی ژێرخانی وڵاتەکاندا بەکاربهێنرێت، هەربۆیە ئەم بۆچوونانەی بانکی جیهان لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و نەتەوەوە یەکگرتوەکان، وەك چەمکێکی جیهانی گشتگیر و پێوانە بۆ

**گرنگی بەشداری هاووڵاتیان و گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپرۆسەی حکومڕانی هۆکارێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەویاتی پێداویستیەکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیار دروستکردن**

هەموو شێوازەکانی حکومڕانی لەجیهاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە چەمکی حکومڕانی وەك شێواز بۆ هەر دەوڵەتێك شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیەو پرۆسەیەکی تایبەتە بەشێوازی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی دەوڵەت، ئەوا هەڵکشانی چەمکی حکومڕانی بۆ ئەو ئاستەی لەچوارچێوەی حکومڕانی باشدا هەڵبسەنگێنرێت، هەموو شێوازە جیاوازەکانی حکومڕانی، بەحکومڕانی دیموکراتی و نیمچە دیموکراتی و تەنانەت ئەو شێوازە حکومڕانیانەش دەگرێتەوە کە سیتمی سیاسیان تاڕادەیەك ئەسۆریتاریانیزم و خۆسەپێن بوون، بەڵام گەشەی ئابووری بەرچاویان بەدەست هێناوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ چەمکی حکومڕانی باش تەنیا پەیوەست و پێوەندیدار نییە بەچەمکی دیموکراتی و پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو وردکردنەوەی چەمکی حکومڕانیی و ڕیفۆرمی دامەزراوەکانە بۆئەوەی حکومەت لەپرۆسەی حکومڕانی وەك حکومەتێکی کارا بەدیار بکەوێت و پێوەریش بۆ حکومەتی کارا ئەوەیە کە بتوانێت لەڕووی جۆرییەوە خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان بۆ هاووڵاتیانی خۆی دابین بکات، ئەمەش واتە ئەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت دابینی دەکات، دەبێت لەڕووی جۆرییەوە شایستەی هاووڵاتیانی خۆی بێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە حکومەت بتوانێت ئەو بڕیار و سیاسەتانەی دایدەڕێژێت جێبەجێیان بکات و میسداقیەتی پابەندبوونی خۆی بۆ لێپرسینەوە لەسەر جێبەجێ کردنی سیاسەت و بەرنامەکانی بۆ خەڵکی خۆی بسەلمێنێت.

ئەگەر بەوردی سەرنج لەسەر سیمای پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵسەنگاندن و مانای حکومڕانی بدەین، هەست دەکەین کەم تازۆر باسی ئەوە نەکراوە ئەو حکومڕانییە دیموکراتیە یان نە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەموو پسپۆڕ و تایبەتمەندەکانی بواری پەرەپێدان و حکومڕانی باش لەسەر ئەو ڕاستیە کۆکن ئەگەر سیستمێك دیموکراتی نەبێت ناتوانێت داواکاریی و ڕێوشوێنەکانی گەیشتن بەحکومڕانی باش جێبەجێ بکات، کە لەئێستادا حکومڕانی باش گرێدراوەتەوە بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە، واتە پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی تاك دەگرێتەوە و لێکجیاناکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر هەتا پێش ساڵی ١٩٨٩ تەنیا گەشەی ئابووری و سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان هێما بووبن بۆ حکومڕانی باش، ئەوا لەدوای ئەم مێژووەوە، نەبوونی ئازادی سیاسیی و ئازادی ڕادەربڕین و فرەیی حزبی سیاسیی و گروپ و لایەنەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشێکی گرنگی حکومڕانی باش پێدەکهێنن و نەبوونی هەریەك لەمانە کەلێنێکی گەورە لەپرۆسەی حکومڕانی دروست دەکات و پێویستە ئەو کەلێنانە پڕبکرێنەوە، هەر ئەمەش گوشار و کاریگەری ئەو چەمکە جیهانیەیە کە لەدوای ساڵی نەوەدەکانەوە لەسەر ئاستی سیاسیی گۆڕانکاری و کرانەوەی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی وەك چیلی و ئیکوادۆر و بارگوایی و مەکسیك و چەندین وڵاتی دیکە دروستکردووە، بۆئەوەی هاوشانی بەرەو پێشەوەچوونەکانی ئابووری هەنگاوی زیاتر بۆ کرانەوەی سیاسیی و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەراهەم بکەن، ئەمەش ئەو ڕاستیەی بۆ هەموو جیهان ئاشکرا کرد، کە سەرکەوتنە ئابوورییەکانی بینۆشێ لەچیلی نابێتە نموونەی حکومڕانی باش

**ئەو خاڵانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ حکومڕانی باش دیاریکردوون، لەناو بەرنامەی کابینەی حەوتەمدا ڕاشکاوانە ئاماژەیان پێکراوە**

لەئەمریکای لاتیندا، هەروەها سەرکەوتنە ئابوورییە سەرسوڕهێنەرەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە ژاپۆنیشەوە ئەگەر هەنگاو هەڵگرتنی بۆ کرانەوەی سیاسیی و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەڵ نەبێت، ناتوانرێت وەك نموونەی حکومڕانی باش پۆلێن بکرێن، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومڕانی باش پرۆسەیەکە بەچەند ڕێنمایی یان بەڕاوێژکردن بەچەند پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی بونیاد دەنرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا، شارەزایان پێیانوایە پێوەرەکانی حکومڕانی باش کە لەیەك کاتدا بەسەر دەوڵەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا دەچەسپێن و ئەو پێوەرانەش لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دانراون، بەڵام خودی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان نەیانتوانیووە ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکەن، لەمبارەوە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مارگرێت ئەلیزابیش کورك ئوستادی سیاسەتی گشتی لەزانکۆی کۆلۆمبیا و تایبەتمەند لەسەر پەرەپێدان و حکومڕانی لەدەوڵەتانی ئەفریقیا کرد و لەوەڵامدا و سەبارەت بەپێوەر و ستاندەرەکانی حکومڕانی باش بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (پرسیارەکەی ئێوە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان ئایا ستانداردێك هەیە لەم ڕووەوە، پێموایە دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان کارێکی زۆریان کردووە بۆ داڕشتنی ستاندارگەلێك لەبارەی بەرپرسیارێتی لەئاستی لۆکاڵ و لەئاستی هەرێمی، هەروەها لەبارەی ئەوەی چۆن هەڵبژاردنەکان بەڕێوەببردرێن، واتە لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان چەندین ستانداردی پەیوەست دانراوە لەم ڕووەوە، بۆ نموونە لەلایەن بانکی جیهانی و دامەزراوەکانی دیکەوە. لەم ڕووەوە کێشەکە کەمی ستاندار و ڕێنمایی نییە لەم ڕووەوە. چونکە یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی دیکە، کە ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازترە، بریتییە لەتوانای جێبەجێکردنی ئەو ستانداردانە، لێرەدا توانای ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دیاری دەکرێت، ئەویش بەئاست و ئەندازەی گرنگی ئەو ڕێکخراوە لەو وڵاتەدا، بۆ نموونە ئەگەر وڵاتێك پشت بەکۆمەکی دەرەکی و وەرگرتنی قەرز لەبانکی جیهانی ببەستێت، ئەوا پتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بانکەوە، کەواتە فشاری ئەو دامەزراوانە بەستراوە بەڕۆڵی ئەو دامەزراوانەوە لەوڵاتەکەدا. دەبێت دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان هاوکاری حکومەتە نیشتیمانییەکان بکەن، بەڵام دەبێت ئەو دامەزراوانە پشتیوانی کەمینەکان بکەن کە لەلایەن حکومەتەوە فەرامۆش کراون. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر بایەخ بەمەسەلەی مافەکان، مافەکانی مرۆڤ دەدات، بەڵام بەردی بناغەی حکومڕانی باش، بریتییە لەبەرپرسیارێتی بواری نێودەوڵەتی، کەواتە هەموو ئەو مەسەلانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن بەرپرسیارێتی حکومەتی نیشتیمانیە بەهاوکاری دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان)).

ئەم بۆچوونەی پرۆفیسۆر مارگرێت ئەلیزابیس پرۆسەی حکومڕانی گرێدەداتەوە بەچەند خاڵێکەوە کەبریتین لە: (یەکەم پێویستە سیستمی باجدان هەبێت (لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەم سیستمە نییە)، ئەمەش بەو مانایەی کە پێویستە حکومەت فەرنانبەری خەڵك بێت و ملکەچی فەرمانەکانی هاووڵاتیان بێت، دووەم: پاراستنی مافەکانی مرۆڤ واتە (مافە مەدەنی و ئابووریی و سیاسیەکان)، ئەم خاڵە لەچەمکی هاوچەرخی حکومڕانیدا،

**ئێستا جیهان وەك ئەزموونێك بۆ بونیادی حکومڕانی باش سەیری حکومڕانی هەرێمی کوردستان دەکات**

حکومڕانی گرێدەداتەوە بەدیموکراتی، لەبەر ئەوەی هەرسیستمێکی سیاسیی بەمانای وشە ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێت، ئەوا گومانی تێدانییە دەبێت ئەو سیستمە دیموکراتی بێت، سێهەمیان: بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیە هەنگاوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێستا بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات لەئاییندە لەهیچ وڵاتێك قبوڵ نەکرێت حکومڕانی باش پیادە بکرێت، هەر بۆیە لەم خاڵەدا کە جەخت لەسەر بەرپرسیاریەتی نێودەڵەتی دەکاتەوە، مانای ئەوەیە ئێسا لەڕووی ئابوورییە دامەزراوە جیهانییەکان وەك(بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و سەنتەری بازرگانی جیهانی و ڕێکخراوە ئابوورییەکانی یەکێتی ئەورووپا) ئامادەنین هاوکاری لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەن کە هەنگاو بەرەو حکومڕانی باش هەڵنەگرن.

## ئەو توخمانەی حکومڕانی دەگۆڕن بۆ حکومڕانی باش

بۆ ئەمڕۆی جیهان هەڵسەنگاندنی ئیرادەی نەتەوە، هەڵسەنگاندنی هەڵسوڕانی ئەو ئیرادەیەی بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی ناوخۆی کۆمەڵگە و بەرهەمی ئەو ئیرادەیەیە بۆ خزمەتی ئاشتی و ئاسایشی جیهان، بەدرێژایی مێژووی نەتەوەکانی جیهانیش ئەو ڕاستیە دەرکەوتووە، دەوڵەتێك بیەوێت گەلەکەی بەخۆشگوزەرانی بژی، ئەوا هەموو کات هەوڵیداوە لەچوارچێوەی سەروەریی یاسا حکومڕانی بکات و بەشێوازی ئاشتیانە کێشەکانی کۆمەڵگە و کێشەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چارەسەر بکات، ئەمەش ئەو لایەنەیە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوای لیبرال دیموکراتی شانازی پێوەدەکەن و بەدەنگی بەرز بانگێشە بۆ ئەوە دەکەن لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو دوو دەوڵەتی لیبرال دیموکراتی لەگەڵ یەکتری بەشەڕ نەهاتوون، ئەگەر شەڕیش دروست بوویێت وەك شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی، ئەوا دەوڵەتانی دیموکراتی پێکەوە هاوپەیمان بوون و ناچاربوون شەڕ بکەن لەپێناوی کۆتایی هێنان بەشەڕ، ئەم پرۆسەیە یان ئەم چەمکە ئەگەر لەچوارچێوەیەکی دیکە و لەبازنەی بونیادنانەوەی نەتەوە (Nation Building) ڕاڤەی بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە شێوەی پراکتیکی و لەمیانەی ئەدەبیاتی سیاسیی و دەوڵەتیدا، ئەم چەمکە بەمانای بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی هاتووە کە بتوانێت نەتەوە یان گەلەکەی خۆی خۆشگوزەران و کامەران بکات، ئەمەش بەدیوێکی دیکە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە هەموو نەتەوەیەك یان گەلێك ئەو ئیمکانییەتەی هەیە بتوانرێت تواناکانی پێکەوە هەڵبسورێنرێت و سیستمێکی دامەزراوەیی پیادەبکرێت بۆئەوەی بەخۆشگوزەرانی بژی، بەڵام ئەوەی جیاوازی لەنێوان گەلێك یان

> **ئەگەر سیستمێك دیموكراتی نەبێت ناتوانێت داواكاریی و ڕێوشوێنەكانی گەیشتن بەحكومڕانی باش جێبەجێ بكات**

نەتەوەیەك و ئەوی دیکە دروست دەکات، شێوازی هەڵسوڕانی توانا مرۆیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیەکانە بۆ بەرهەمهێنانی حکومڕانییەك کە شایستەی نەتەوەی خۆی بێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەند خاڵێك دەستنیشان کراون، کە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی حکومڕانی گۆڕانکاری بەسەردا بێت و ببێتە نموونەیەك بۆ ئیرادەی نەتەوە وەك ناسنامەی نەتەوەیەکی زیندوو بەجیهان بناسێنێت، ئەو توخمانەش بریتین لە:

١- هەڵسوڕاندنی حکومەت، یان حکومەت وەك ڕایەڵێك بۆ گرێدانەوەی هەموو توخمەکانی حکومڕانی پێکەوە، ئەم لایەنە کە لەچوارچێوەیەکدا کارایی و لێهاتووی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پیشاندەدات، بەڵام بە حکومەتی باشیش لەناو پرۆسەی حکومڕانی هەژمار دەکرێت و هەر حکومەتی باشیشە کە پرۆسەی حکومڕانی دەگۆڕێت بۆ حکومڕانی باش، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر چەمکی تەقلیدی بۆ هەڵسوڕانی حکومەت بریتی بێت لەبەڕێوەبردنی داهاتی گشتی و ڕیفۆرمی خزمەتگوزاری گشتی و بەهێزکردنی دامەزراوەکان بۆئەوەی توانای دامەزراوەکان بەهێزتربێت، ئەوا لەچوارچێوەی چەمکی حکومڕانی باشدا، حکومەت مانایەکی دیکە وەردەگرێت و حکومەت دەتوانێت کۆی توخمەکانی حکومڕانی دەوڵەت بەرەو سەرلەنوێ دارشتنەوە و پلاندانان و کارکردن بەشێوازی نوێ (Redimension) بەرێت، ئەمەش واتە هەنگاو هەڵبگرێت بۆ کەمکردنەوەی تێچوون و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو کۆمپانیا گشتیانەی حکومەت کە لەڕووی بازرگانییەوە سوودێکی ئەوتۆیان نییە بۆ کەرتی تایبەت و پیادەکردنی ئابووری بازاڕ و هاندانی ململانێ بۆ ڕێکخستنەوەیە ئابووری، ئەمەش ئەو مانایەی هەیە کە حکومەت دەتوانێت لەپرۆسەیەکدا حکومڕانی و پەرەپێدان پێکەوە گرێبداتەوە.

٢- لێپرسینەوە یاخو پرسیارکردن لەحکومەت و بەرپرسان و ئامادەباشیان بۆ وەڵامدانەوە، لەم پرۆسەیەدا لێپرسینەوە هێندەی بەمانای پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دێت، هێندە بەمانای سزادان یان لێپێچینەوە نایەت، ئامانج لەم پرۆسەیە کە بەدڵی

> **ئەوەی جیاوازی لەنێوان گەلێك یان نەتەوەیەك و ئەوی دیكە دروست دەكات، شێوازی هەڵسوڕانی توانا مرۆیی و ئابووریی و كۆمەڵایەتیەكانە بۆ بەرهەمهێنانی حكومڕانییەك كە شایستەی نەتەوەی خۆی بێت**

حکومەتی باش دادەنرێت ئەوەیە، کە بەرپرسانی حکومەت بەتاك و حکومەت وەك دامەزراوەیەك هەمووی پێکەوە بەرپرس بن بەرامبەر ڕەفتاری خۆیان و کۆی بەرنامەی حکومەت، لەهەمانکاتدا قەناعەتیشیان بەوە هەبێت کە هەم خەڵك وەك تاك و پەرلەمان وەك نوێنەری گەل ئەو مافەیان هەیە لەسەر ئەدای کاروبارەکانیان و کۆی بەرنامەی حکومەت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، سەبارەت بەم لایەنە و لەچوارچێوەی چەمکی حکومڕانی باشدا، لەسەر دوو ئاست لێپرسینەوە دەکرێت:

ا- لەسەر ئاستی ئاسۆیی، ئەم لێپرسینەوەیە هەوڵدانە بۆ باشتر ڕدنی توانای دامەزراوەکان و دروستکردنی کاریگەریی ناوخۆیی لەسەر ئەدای دامەزراوەکان لەناو حکومەت، ئەمەش سەبارەت بەلێپرسینەوەی دارایی و دانانی میکانیزمێك بۆ چاودێری ناوخۆیی.

ب- لێپرسینەوەی ستوونی کە ئەمە لەدەرەوەی حکومەت و لەلایەن خەڵکەوە کاریگەری دروست دەکرێت بۆئەوەی ئەدای کارەکانی حکومەت و جۆری خزمەتگوزاریەکان باشتر بێت، هەروەها دەسەڵاتی حکومەت سنووردار بکرێت بۆئەوەی چالاکانە ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەم بوارەدا پەرلەمان لەسەر دوو ئاست دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت: (یەکەمیان وەك پەرلەمان کە مافی خۆیەتی لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت و وەزارەتەکان بکات، دووەمیان بەرپرسیاریەتی پەلەمانتارە یان فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانە کە بەردەوام گوێ لەدەنگدەرانی خۆیان بگرن، ئەمەش لەمیانەی دروستکردنی پلاتفۆرمێکەوە دەبێت، کە خەڵك بتوانێت ئازادانە قسە بکات و پەرلەمانتاران ئەم قسانە بەرنە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمانەوە)).

**لەپرۆسەی حکومڕانی باشدا، گەندەڵی بۆتە دۆسیەیەکی سەربەخۆ و هەر بە سەربەخۆیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت**

ئەم دوو خاڵە کە زۆربەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەکاریگەرترین چەکی دەزانن بۆ دژایەتی و بنبڕکردنی گەندەڵی، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەپرۆسەی حکومڕانی باشدا، گەندەڵی بۆتە دۆسیەیەکی سەربەخۆ و هەر بە سەربەخۆیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**٣-**دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ پەرەپێدان، گومانی تێدانییە قۆناخی پرۆسەی پەرەپێدان یەکێکە لەقۆناخە هەستیارەکانی قۆناخی بونیادنەوە و قۆناخی گواستنەوە، هەربۆیە هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە بەوەی پێویستە ئەم پرۆسەیە بەیاسا ڕێکبخرێت، ڕێکخستنی ئەم پرۆسەیەش بەپێی یاسا لەچوارچێوەی پرۆسەی سەروەریی یاسا دەبێت لەحکومڕانیدا، لەمەش گرنگتر بوونی سەروەریی یاسا ڕەهەندی یاسایی حکومڕانی باش نمایش دەکات.

٤ - شەفافیەت و گەیشتن بەسەرچاوەی زانیاری، ئەمە لایەنەش کە یەکێکە لەکۆڵەگە گرنگەکانی حکومڕانی بۆئەوەیە هاووڵاتی بە بەرچاوڕوونی و متمانەوە بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی بکات و ململانێی بازاڕ لەسەر بنەمای متمانەکردن ڕێکبخات، ئەمە بێجگە لەوەی شەفافیەت و زانیاری ڕاست باشترین چەکن لەشەڕی دژە گەندەڵیدا، بۆیە لەم لایەنەوە، دەکرێت بڵێین شەفافیەت و زانیاری لەسەر سێ ئاست یارمەتی حکومڕانی دەدات بۆئەوەی بەرەو حکومڕانی باش هەنگاو هەڵبگرێت، ئەو لایەنانەش بریتین لە:

ا- دروستکردنی کەفائەی ئابووری
ب- خۆپارستن لەدیاردەی گەندەڵی
ج- پەسەندکردنی بەرنامە و کارەکانی حکومەت و قسە لەسەر کردنیان.

ئەم سێ لایەنە ئەگەر پێکەوە وەربگرین، دەبینین هەم هاووڵاتیان بواری ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت زۆر باش بەشداری لەپرۆسەی سیاسی بکەن، هەمیش جوڵەیەکی ئابووری گرنگ لەکۆمەڵگە دروست دەبێت، هەمیش گەندەڵی کەم دەبێتەوە، ئەمانەش کە هەموویان لەچوراچێوەی سەروەریی یاسا ڕیکدەخرێن، دەبێتە هۆکاری ئەوەی لێهاتوویی تاکەکان و کارکردنیان ببنە ئەو چینە ناوەڕاستەی کە بتوانرێت دیموکراتی لەسەر بونیاد بنرێت.





مارگرێت ئەلیزابیش کورک بۆ گوڵان:

# بەردی بناغەی حکومڕانی باش، بریتییە لەبەرپرسیارێتی بواری نێودەوڵەتی

### خەڵك و حکومەت لەپرۆسەی حکومڕانیدا

بەشداری خەڵك لەگەڵ حکومەتی خۆی و گوێگرتنی حکومەت لەداواو پێداویستیەکانی خەڵکەکەی، بنەمایەکی دیکەی حکومڕانی باشە، ئەم لایەنە ئەگەرچی وەك توخمێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆ لەڕیزی توخمەکانی حکومڕانی باش لەلایەن بانکی جیهانییەوە پۆلین نەکراوە، بەڵام وەك توێژینەوەکانی هەمان بانك دەریانخستووە، لەقۆناخە سەرەتاییەکانی حکومڕانی یان بونیادنانەوە، پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە پێویستی بە بەشداری زیاتری خەڵك و گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، گرنگی بەشداری هاوولاتیان و گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپرۆسەی حکومڕانی هۆکارێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەویاتی پێداویستیەکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر پرۆسەی بریار دروستکردن و باشتر کردنی جۆری خزمەتگوزارییە گشتیەکان، بۆیە دوای دەرکەوتنی ئەم ڕاستیانە ئێستا هەندێك لەپسپۆران و تایبەتمەدانی بواری پەرەپێدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەشداری خەڵك و گروپەکانی دیکەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك گەوهەری حکومڕانی باش وەسف دەکەن، هەر ئەمەش وایکردووە ئێستا زۆر لەو پسپۆرانەی کار لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەکەن، ڕێنماییان بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە لەپرۆسەی پەرەپێدانی گشتگیردا و لەپێناوی سەرکەوتنی پرۆسەکە، پێویستە دەوڵەت بانگهێشتی خەڵك و گروپ و لایەنەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات بۆئەوەی بەشدار بن لەستراتیژیەتی پەرەپێدانی نیشتمانیدا.

### کابینەی حەوتەم و بایەخدانی بە بەشداری خەڵك

یەکێك لەو لایەنانەی کە بەکابینەی حەوتەم گەشبینمان دەکات، ئەوەیە ئەو خاڵانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ حکومڕانی باش دیاریکردوون، لەناو بەرنامەی کابینەی حەوتەمدا ڕاشکاوانە ئاماژەیان پێکراوە، ئەمە بەو مانایە ناڵێین لەبەرنامەی کابینەکانی دیکە ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵکو مەبستمان ئەوەیە ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و قسەکردنە لەسەر حکومڕانی ئێستای کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی کابینەی حەوتەمدا، وەك لەپێشەوەش ئاماژەمان پێکرد حکومەت ڕایەڵی پێکەوە گرێدانەوەی تەواوی توخمەکانی دیکەی حکومڕانییە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا قسەکردن لەسەر بەرنامەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەکردنە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، بۆ ئەمەش مادام چوارچێوەیەك هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و کۆمەڵێك ستاندەر دیاریکراوە بۆ چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی حکومەتی کارا لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا، ئەوا هەموو کات بوونی ئەو چوارچێوە و ستاندرانە کاری بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەریانە ئاسان دەکات و ئەو کارانەش دەبنە هاندەر و بەرچاوڕوونییەك بۆئەوەی خەڵك زیاتر بەشداری بکات و زیاتر قسە بکات و زیاتر کاریگەری خۆی لەسەر دروستکردنی بڕیاری حکومەت دیاری بکات، سەبارەت بەگرنگی ستاندەر و چوارچێوەیەك بۆ هەڵسەنگاندی حکومڕانی و حکومەتی کارا لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڤیتۆ تەنزی کرد کە بێجگە لەوەی ئابووریناسێکی گەورەیە لەهەمانکاتدا لەساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٣ وەزیری ئابووری و دارایی حکومەتی ئیتاڵیا بووە و پێشتریش لەساڵی ١٩٨١ -٢٠٠٠ بەڕێوەبەری کاروباری دارایی بووە لەسندوقی نەختی نێودەوڵەتی، سەبارەت بەم لایەنە لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان پرۆفیسۆر ڤیتۆ تەنزی بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (ئەمە پرسیارێکە، وەڵامدانەوەکەی قورسە، بەڵام هەمیشە بوونی ستاندارد باشترە وەك لەنەبوونی، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەرەوپێشچوون هەبوو و ستانداردەکانیش باش بوون، ئەوا ئەمە نیشانەی ڕوودانی بەرەوپێشچوونە. لەگەڵ ئەوەشدا، پرسیارێکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بەوەی ئایا ستانداردەکان پیادە دەکرێن یان نا، بۆ نموونە ئەگەر ستانداردی نوێ هەبن و کەس جێبەجێیان نەکات، ئەوا هیچ سوودێکیان نابێت، جگە لەدیاری کردنی ئەو ئاڕاستەیەی کە پێویستە حکومەت بیگرێتەبەر. کەواتە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئێوە، دەبێت لە هەل و مەرجی هەر وڵاتێك بەجیا بڕوانین.. ئاشکرایە ئەوە دەوەستێتەسەر ئەو سیاسەتەی حکومەت پیادەی دەکات و، دەوەستێتە سەر بەرژەوەندی وەزیرەکان و سیاسیەکان، بۆ نموونە ئەگەر وەزیرێك، یان فەرمانبەرێکی باڵای دەزگای بیرۆکراسی هەبێت و بەرژەوەندی وڵات بخاتە سەرو بەرژەوەندی خۆیەوە، ئەوا هەوڵی گرتنەبەری سیاسەتێکی باش دەدات و ئومێدەکە ئەوەیە ئەو سیاسەتە باشەش کاریگەری هەبێت لەسەر گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکە و لەسەر نەهێشتنی هەژاری و...تاد. بەڵام حکومەتێکی باشت نابێت ئەگەر وەزیرەکان و کارمەندە باڵاکانی دەزگای بیرۆکراسی بەتەنگ بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە بن، یاخود بەتەنگ بەرژەوەندیەکانی دۆستە نزیکەکانیانەوە بن، نەك بەرژەوەندی وڵاتەکەیان، ئەوا ئەمە مایەی کێشەیە. هەربۆیە من باوەڕێکی پتەوم هەیە کە دەبێت کارکردنی ڕاستەقینە لەناوەوە دەست پێبکات و ئەوەندەی دەکرێت وڵاتەکە پشت بەخۆی ببەستێت، ئیتر لەشێوەی سیستمێکی باشی سەپاندنی باجدابێت، یاخود بەفێڕۆنەدانی سەرچاوە ئابووریەکان و نەهێشتنی هەژاری

و...تاد، ئەگەر وڵاتەکە لەڕووی ئابووریەوە ئەدایەکی باشی هەبو و قەناعەتی بەوڵاتانێکی دیکە کرد کە پارە بۆ ئەو وڵاتە تەرخان بکەن بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئەو وڵاتە کە هەمووان لێی بەهرەمەند بن، نەك تەنیا گروپێکی دیاریکراو، ئەوا ئەمە کارێکی باشە. بەڵام من باوەڕێکی پتەوم هەیە، بەتایبەتی بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئێستا لەئەوروپادا بەدی دەکرێت، کە دەبێت هەمیشە هەوڵەکانی هەوڵی نەتەوەیی و ناوخۆیی بن)).

ئەوەی پرۆفیسۆر ڤیتۆ تەنزی ئاماژەی پێکرد، زیادکردنی مەرجێکی دیکە لەسەرووی ئەو پرانسیپ و ستاندرانەی کە لەبەرنامەی حکومەتدا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەویش ئەو پرسیارە ئایا ئەو بڕیار و ڕاسپاردانە جێ بەجێ دەکرێن؟ یان ئەگەر پرسیارەکە ڕووبەڕووی خۆمان بکەینەوە بپرسین ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو چوارچێوە و ستاندەرەی لەبەرنامەکەی دیاریکردووە جێبەجیان بکات؟ ئەم پرسیارە کە هێشتا زووە وەڵامبدرێتەوە لەبەر ئەوەی هێشتا کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان سەد ڕۆژی یەکەمی تەواو نەکردووە، بەڵام ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە حکومەت دەیەوێت بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەویش لەمیانەی ئەو هەنگاوانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەدەسپێکی کابینەی حەوتەمەوە هەنگاوی بۆ هەڵگرتوون، کە گرنگترینیان بریتییە لەبەهەند وەرگرتنی بەرنامەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن کە بە پاکێجەکانی ئۆپۆزسیۆن ناسراوە، بایەخدانی سەرۆك وەزیرانی کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان بەوەرگرتنی خواست و داواکاری خەڵك ڕاستەوخۆ بۆئەوەی لەبەر ڕۆشنایی خواست و داواکاری خەڵك ئەولەویەتی بەرنامەکەی خۆی ڕێکبخات و پیشاندانی ئامادەباشی حکومەت بۆ پرۆژەی چاکسازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەوڵدانی بۆ دەرکردنی بڕیار و بەشێوەیەکی شەفافانە و کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمان، بەتایبەتی وەك لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لە وتووێژەکانی بودجەی کوردستان بینیمان و تەواوی فراکسیۆنەکان بەوپەڕی ئازادییەوە گفتوگۆیان لەسەر کراوە و وەك لەشاشەی تیڤیەکانیشەوە بینمان، فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیان شانازی بەوە دەکەن کە بەگوشاری ئەوان چەندین گۆڕانکاری لەبڕگەکانی ڕەشنووسی



ڤیتۆ تەنزی بۆ گوڵان:

## بۆ هەڵسەنگاندنی حکومڕانی و حکومەتی کارا لەناو پرۆسەی حکومڕانیدا، گرنگ ئەوەیە ستاندەرەکان جێبەجێ بکرێن

پرۆژەی بودجە کراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەی ڕاستە لەپەرلەمان زۆرینە هەیە، بەڵام ڕای کەمینەش لەبەر چاو گیراوە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەشەخسی ئاگاداری پەرلەمانتارەکانی کردۆتەوە و زۆر بە وردی و بۆ بەرژەوەندی گشتی وتوویژ لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بایەخدان بە بەشداری خەڵك و گروپ و ڕێکخراو و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەپرۆسەی بڕیار دروستکردن و پەسەندکردنی یاساکاندا، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە بەو نییەتە دەست بەکاربووە کە ئەو بەرنامەیەی ڕایدەگەیەنێت هەوڵبدات جێبەجێی بکات.

### گرنگی هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لەناو سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا

تەنگژە و ئالۆزییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق، هەندێك ڕاستی بۆ هەموو لایەك خستەڕوو بەوەی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ڕێز لە ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستان دەگرن و قبوڵ ناکەن کە ئارامی و سەقامگیری و هەنگاوەکانی پرۆسەی پەرەپێدان کە لەم هەرێمەدا گەشەسەندێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە بکەوێتە بەر هەڕەشەی کەسێك کە بیەویت سیستمی حکومڕانی عێراق بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆری بەرێت، تەنانەت ستۆران ستیڤنسۆن سەرۆکی شاندی یەکێتی ئەوروپا لەنامەیەکی تایبەتیدا بۆ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپای بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپات کردۆتەوە کە ئەوان پشتگیری لەهەوڵەکانی سەرۆك بارزانی دەکەن بۆئەوەی دیکتاتۆریەت لەعێراقدا دووبارە نەبێتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی بڕیارسازانی ئەمریکاش ئەو ڕاستیە دووپاتکراوەتەوە کە نابێت هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی هیچ مەترسیەك ببێتەوە و هەروەك دوای سەردانەکەی بارزانیش بۆ ئەمریکا، پرۆفیسۆر تید گەلن کارپینتەر لەوتارە تایبەتیەکەی خۆیدا کە مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردبوو، ئەمە یەکەمجارە لەمێژووی دیپلۆماتیەتدا کەسێك چەند گرنگ بێت و سەرۆکی دەوڵەت نەبێت، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا بەئاستی سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێشوازی لێ بکات، هەمان دیمەن لەتورکیاش لەکاتی پێشوازی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەسەرۆك بارزانی سەرنجی پەیامنێری بەشی ئینگلیزی دەنگی ئەمریکای ڕاکێشا بوو مانشێتی هەواڵەکەی بەو جۆرە داڕشتبوو: بارزانی وەك سەرۆك دەوڵەت لەتورکیا پێشوازی لێکرا، ئەم ئاماژانە کەبەرهەمی ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردستانن، ئێستا جیهان وەك ئەزموونێك بۆ بونیادی حکومڕانی باش سەیری دەکات، ڕاستە کەموکورتی هەیە و هەموو شتێك نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی جێگەی ڕەزامەندی و شایستەی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەکوردستان هەوڵێك هەیە بەو ئاراستەیە، ئەوا جیهان وەك ئیرادەی گەلێکی زیندوو بۆ خۆ بونیادنانەوەی ناسنامەی خۆی پێشوازی لێدەکات.



گراسینا دیل کاستیلۆ بۆ گوڵان:

# نەتەوە یەکگرتووەکان ١٨ خاڵی بۆ حکومڕانی باش دیاریکردووە بەڵام هەندێک لەو خاڵانە لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا بوونی نییە

**پرۆفیسۆر گراسینا دیل کاستلۆ ئوستادی نێودەوڵەتی و کاروباری گشتی لەزانکۆی کۆلۆمبیا و تایبەتمەند لەوڵاتی خاوەن تەنگژە لەهەردوو بواری تەنگژەی ئابووری و وڵاتانی دوای تەواوبوونی شەڕ و تەنگژەکان و یەکێك بووە لەکارمەندە دیارەکانی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و هەروەها پێشتریش لەنووسینگەی سەرەکی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە، پرۆفیسۆر گراسینا ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی قەرەبووی دەوڵەتە زەرەرمەندەکان بووە بەدەستی عێراق و هەروەها تایبەتمەند و کادری مەیدانی پەرەپێدان بووە لەوڵاتانی ئەمریکای لاتینی و ئەفریقیا و ئاسیا، ئەمە بێجگە لەوەی ڕاوێژکاری باڵای بانکی پەرەپێدان بووە بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتینی ( IADB)، بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی حکومڕانی وەك دیاردەیەکی نێودەوڵەتی لەسیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخ و گرنگی پرۆسەی پەرەپێدان، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر گراسینا دیل کاستیلۆ کرد و چەندە پرسیارێکمان ئاراستە کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** حکومڕانی لەئەمڕۆی جیهاندا شێوازێکی گلۆباڵ یان جیهانی وەرگرتووە، ئەمەش بەو مانایەی کۆمەڵێك دامەزراوەی جیهانی هەن وەك بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختی نێودەوڵەتی و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش کۆمەڵێك پێوەریان بۆ حکومڕانی داڕشتووە، بەپێی ئەو پێوەرانە حکومڕانی باش و خراپ هەڵدەسەنگێنن، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم پێوەرە نێودەوڵەتیانە کاریگەریان لەسەر حکومڕانی لەوڵاتانی جیهاندا هەبووە؟**

- دەبێت ستانداردی حکومڕانی باش، نەك تەنیا بەسەر حکومەتەکاندا، بەڵکو بەسەر ڕێکخراوە و کۆمپانیاکانیشدا جێبەجێ بکرێن. بۆ نموونە، نەتەوە یەکگرتووەکان ١٨ خاسیەتی حکومڕانی باشی دیاری کردووە. کە زۆربەیان تەنانەت لەخودی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا بوونیان نییە. بەدەر لەهەندێ حاڵەت، ئەم دامەزراوەیە نە کارایە، و نە «لەئاستی بەرپرسیارێتیدایە» و نە «شەفاف»یشە. لەکاتێکدا ئەمانە ئەو خاسیەتانەن کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکات وڵاتان پیادەی بکەن. لەهەمان کاتدا، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگایەکی نییە بۆ سەپاندنی ئەم خاسیەتانە بەسەر وڵاتاندا. لەلایەکی دیکەوە، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەتوانێت مەرج بەسەر ئەو وڵاتانەدا بسەپێنێت کە داوای قەرزی لێدەکەن. بۆ نموونە، ئەگەر گەندەڵی لەبانقی کابوڵدا هەبێت، مەترسی بۆسەر پێوەندی نێوان ئەفغانستان و ئەم دامەزراوەیەدا دروست دەبێت. لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە، ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن ئەوە دیاری بکەن و بسەپێنن کە کامە حکومڕانی باشە لەسەر ئاستی مەحلی. دەبێت حکومەتەکان کۆدەنگیەك گەڵاڵە بکەن بۆئەوەی ئەوە دیاری بکەن کە حکومڕانی باش چیە لەوڵاتەکەیاندا. گەندەڵی مەسەلەیەکی زۆر بابەتیانەیە، ڕەنگە ئەوەی بەلای منەوە گەندەڵی بێت، بەلای تۆوە شێوازی کارکردن بێت. دەبێت کۆمەڵگەکان بەئاسودەییەوە بڕیار لەسەر حکومڕانی باش بدەن لەکۆمەڵگەکەیاندا.

*** ئێستا هەستدەکەین پێوەری حکومڕانی باش خەریکە جێگەی حکومڕانی دیموکراتی دەگرێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی**

**پێوەر بۆ حکومڕانیی باش بریتییە لەپەرەپێدان و گەشەی ئابووری و کەمکردنەوەی بێکاری و نەهێشتنی هەژاری، ئایا تاچەند لەحکومەتەکان دەتوانن لەو هەنگاوانە سەرکەتوو بن، بۆئەوەی خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگەی خۆیان دابین بکەن؟**

- ئەو ئامانجانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن، وەك بەرەوپێشچوونی ئابووری، گەشەپێدان، ڕەخساندنی هەلی کار و ڕیشەکێشکردنی هەژاری، دەبێت لەهەموو بڕیارێکی ئابووری لەبەرچاوبگیرێن. ئەگەر حکومەتەکان بتوانن ئەم کارە بکەن، ئەوا بێگومان دەتوانن بنەماکانی حکومڕانی باش پیادە بکەن.

*** یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبێتەوە، کێشەی ڕێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری و ژێرخانی کۆمەڵایەتیە، ئەم ڕێکخستنەوەیەش زۆر جار پێویستی بەهاوکاری نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام ئەم هاوکارییە نێودەوڵەتیانە بوونی نییە، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ئەو دەوڵەتانە سەرکەتوو نەبن، ئایا تاچەند هەر ئەو دەوڵەتانە دەبنە سەرچاوەی هەڕەشە و توندوتیژی بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟**

- ئەو وڵاتانەی شکست دەهێنن لەبواری گەشەپێداندا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و توندوتیژی، نەك تەنیا لەسەر هاووڵاتیەکانیان، بەڵکو لەسەر دۆخی ئیقلیمی و جیهانیش. بەڕەچاوکردنی ئەوە، هەندێ لەو وڵاتانەی هاوکاری و کۆمەککراون لەبواری تێکڕای داهاتی نەتەوەیی، بەئەندازەیەکی زۆر وڵاتگەلێکی ناسەقامگیرن. ئەفغانستان و لایبیریا دوو لەگەورەترین کۆمەك وەرگرەکانن، یەکەمیان دووبارە خزایەوە نێو شەڕ و وڵاتی دووەمیش، دوای ٩ ساڵ لەڕێککەوتنی ئاشتی، داوای هێزی ئاشتیپارێز دەکات، کە بڕی خەرجیەکانی ئەو هێزە ئاشتیپارێزە دوو لەسەر سێی تێکڕای داهاتی نەتەوەی

**دەبێت حکومەتەکان کۆدەنگیەك کەڵاڵە بکەن بۆئەوەی ئەوە دیاری بکەن کە حکومڕانی باش چییە لەوڵاتەکەیاندا**

ئەو وڵاتە پێکدەهێنێت، کە دەبێت لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە دابین بکرێت.

*** پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و چاودێری تەندورستی، دوو کێشەی دیکەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوون، ئەم دوو پرۆسەیەش پێوەندی بەپەرەپێدانی توانای مرۆیی و ئەکتیڤبوونی کۆمەڵگە هەیە، ئایا تاچەند ڕێکخستنەوەی سیستمی پەروەردەو تەندروستی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو گرنگە؟**

- باوەڕێکی پتەوم هەیە بەوەی ئەم دوو کەرتە، پەروەردە و تەندروستی، پێکهاتەی گرنگی مۆدیلێکی گەشەکردنی کارا پێکدەهێنن. ئەوەی لەم گەشتانەی دواییدا بۆ ئەفغانستان و ئەفریقا بینیم، کە ئەو کۆمەکانە بەزۆری بۆ دروستکردنی قوتابخانە و عیادەی پزیشکیدا خەرج دەکرێت، بێ ئەوەی مامۆستا و کارمەندی تەندروستی پیشەوەریان هەبێت. قوتابخانەی بێ مامۆستا (یاخود بێ مامۆستای

**ئەو وڵاتانەی شکست دەهێنن لەبواری گەشەپێداندا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و توندوتیژی**

کارامە) و مەڵبەندی پزیشکی بێ ئەوەی توانای دابینکردنی چاودێری تەندروستیان هەبێت، نابنە هۆی هاوکاری کردنی گەشەپێدان لەو وڵاتەدا. دەبێت هەوڵ و کۆششی جدی بدرێت بۆ پەروەردەکردن و مەشقپێکردنی ئەو پیشەوەرانە.

*** لایەنێکی دیکە کە گرنگە مەسەلەی ڕۆڵی ئافرەتانە و دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتە، لەبەر ئەوەی ئافرەت ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، ئەم مەسەلەیەش لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو تاڕادەیەکی زۆر دواکەوتووە ئایا چۆن ئەم لایەنە چارەسەر دەکرێت و زەمینە دەڕەخسێنرێت بۆئەوەی ئافرەت ڕۆڵی خۆی لەکۆمەڵگە بگێڕێت؟**


- ئاشکرایە کە باوەڕم وایە ئافرەت دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لەکۆمەڵگەدا و پێویستە ڕۆڵیش ببینێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت کۆمەڵگە ئەو ڕۆڵە دیاری بکات. باوەڕێکی بەهێزم هەیە بەوەی نابێت هێزە دەرەکیەکان ئەم ڕۆڵە بسەپێنن. بۆ نموونە، نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگی یەکسانی جێندەری بۆ حکومەت و گەلی ئەفغانستان باس دەکات، بەڵام دواتر تەنیا پیاوی قەوقازی سپی پێست بۆ هەر سێ پۆستە گرنگەکەی لەنووسینگەی کابولدا دادەمەزرێنێت، کەواتە پەیامەکە چیە؟ ئایا وەڵامەکەی ئەوان ئەوەیە ئافرەتێکی شایستەیان نەدۆزیوەتەوە بۆئەوەی ئەو ڕۆڵە ببینێت لەنووسینگەکانی کابوڵدا؟ جگە لەمەسەلەی یەکسانی جەندەری و مافەکان، ئەوا پرسێکی ئابووری گرنگتر هەیە. لەبەر ئەوەی ئافرەتان دەستیان بەکەلوپەلە کشتوکاڵیەکاندا ناگات(وەك ئامێرە، تۆو، کیمیایی، قەرز و...تاد)، ئەوا بەرهەمهێنانی ئافرەتان لەبواری کشتوکاڵیدا کەمترە بە بەراورد بەپیاوان. پێدانی ئەو کەلوپەلانە بەشێوەیەکی یەکسان بەئافرەتان بەشێوەیەکی گەورە ئاستی بەرهەمهێنانیان زیاتر دەکات. بەدڵنیاییەوە ئەمە وەبەرهێنانێکی باشە.

**ئەو وڵاتانەی چینێکی ناوەندی بەهێزیان هەیە کەمترین ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ناسەقامگیربن**

*** تاچەند لەقۆناخی بونیادنانەوە هەوڵدان بۆ دروستکردنی چینی ناوەند گرنگە و تاچەند دروستبوونی چینی ناوەند دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانەوە و بونیادی دیموکراتی؟**

- بونیادنانی چینی ناوەند هەنگاوێکە بۆ پێشەوە لەپرۆسەی پەرەپێداندا. ئەو وڵاتانەی چینێکی ناوەندی بەهێزیان هەیە کەمترین ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ناسەقامگیربن. خەڵکی سەرکێشی بەسەرمایەی خۆیەوە ناکات. لەهەمان کاتدا، بونیادنانی چینی ناوەند لەسەر حسابی چینەکانی خوارەوە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، کلیلی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و دیموکراتی، بریتییە لەگەشەپێدانی ئابووری بەشێوەیەکی بەردەوام و دادپەروەرانە کە هەمووان بەهرەمەند بن لێی.

# مافی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا



پ.ی.د. طالب کاکەیی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**بە پێی پرەنسیپی مافی مرۆڤ، لە یاسای نێونەتەوەییدا، جێبەجێکردنی فیدراڵی بە جێبەجێکردنی مافی چارەنووس دەژمێردرێت ئەگەر گەلی پێوەندیدار لە هەرێمەکەدا بە ئیرادەی ئازادی خۆی هەڵیبژێرێت و رازیبێت پێی**

هەرێمی کوردستان هەرێمێکی یاسایی و دەستوورییە، یاساییە چونکە پەرلەمانی کوردستان بە بریارێك ساڵی ١٩٩٢ سیستمی فیدراڵیی لە کوردستانی عێراق راگەیاند، دەستووریشە چونکە دەستووری عێراق لە ٢٠٠٥ لە ماددەی ١١٧ دا هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد وەك هەرێمێکی فیدراڵی.

هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەوڵەتانەیە کە لەسەر هەرسێ رایەڵە سەرەکییەکانی دەوڵەت بنیاتنراوە. دانیشتووان وهەرێم /خاك/ وحکوومەت.

هەموو ئەو پێوەرانەی پێویستن بۆ بوونی گەل، بێ گومان لە گەلی کوردستانی عێراقدا هەن. گەلی کورد وەك کۆمەڵە کەسانێکی ئەتنی نیشتەجێبوو لە هەرێمی کوردستان خاوەن زمان ومێژوو رەگەز وخاك وکەلتوور و ژیانی ئابووری ودابونەریتی هاوبەشی خۆیەتی.

گەلی کوردستان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی نیشتەجێ بووە. سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا بە ماددەی ١٤٣ی دەستووری عێراقی وماددە ٥٣/أ ی یاسای بەڕێوەبردنی عێراقی بۆ قوناغی گواستنەوە دیاری کراوەو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەوتنە باکووری هێڵی ٣٦ تاوەکو ١٩ئازاری ٢٠٠٣ لە پارێزگاکانی دهۆك وهەولێر وسلێمانی وکەرکوك ودیالە ونەینەوا. هەروەها بەشێك لە خاکی راستەقینەی هەرێمی کوردستان نەخراوەتە ناو ئەم سنوورەوە، بەڵام لە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق شێوەی چارەسەرکردنی بۆ دیاری کراوە.

هەرێمی کوردستان خاوەن سیستمێکی سیاسیی پەرلەمانیی کۆماریی دیموکراتییە لەسێ دەسەڵات پێکدێت: دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکاری و دەسەڵاتی دادوەری. هەریەکە بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی بە یاسا١ و دەستووری عێراق٢ پێی دراوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

گەلێ لە دەوڵەتانی خاوەن پێگەی گرنگ لە جیهاندا بە تایبەتی لە ئەوروپا دانیان ناوە بەم قەوارە شێوە دەوڵەتییەی کوردا لە رێگای کردنەوەی کونسوڵگەری لە هەولێری پایتەخت کە کاری دیبلۆماسیش ئەنجام دەدەن، یان بە پێشوازیکردن لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەو رێوڕەسمانەی کە پێشوازی سەرۆکی دەوڵەتی سەربەخۆی لێ دەکرێت.

لەم بارەدا ئایا هەرێمی کوردستان بە پێی یاساکانی عێراق ویاسای نێونەتەوەیی بۆی هەیە بە یەکلایەنە لە عێراق جیاببێتەوە؟.

تاوەکو ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت بەو میکانیزمەی تێیدا هاتووە، واتا ئاساییکردنەوەی پاشماوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن وپاکتاوی رەگەزی وسەرژمێری و راپرسیی ئازاد دەربارەی چارەنووسی ناوچە دابڕێندراوەکان یان چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی پەسەندکراو لەلایەن گشت لایەنە پێوەندیدارەکانەوە، ناکرێ بگوترێت کە گەلی کوردستانی عێراق مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی جێبەجێ کردووە.

بە پێی پرەنسیپی مافی مرۆڤ، لە یاسای نێونەتەوەییدا، جێبەجێکردنی فیدراڵی بە جێبەجێکردنی مافی چارەنووس دەژمێردرێت ئەگەر گەلی پێوەندیدار لە هەرێمەکەدا بە ئیرادەی ئازادی خۆی هەڵیبژێرێت و رازیبێت پێی. بەڵام پێموایە رازیبوونەکەی گەلی کوردستان بە سیستمی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بەم سنوورەی ئێستاوە پەیوەستە بەچەند مەرجێکەوە. گرنگترینیان چارەسەرکردنی ناوچە دابڕێندراوەکانە بە گوێرەی ئیرادەی ئازادی دانیشتووانەکانیان و پەیڕەوکردنی دیموکراتییە لە عێراق و ئیلتیزامکردنە بە دەستووری عێراق کە مافی فیدراڵی بۆ گەلی هەرێمی کوردستان دابینکردووە ونەخشە رێگای داناوە بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێندراوەکان.

بە پێی ماددەی ٢/٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانی عێراقدایە بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کوردستانی عێراق بدات وپێوەندی یاسایی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا دیاری بکات.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە بە یەکلایەنە بڕیار بدات لەسەر جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و بە راپرسییەکی ئازاد بیخاتە پێشی گەلی کوردستان بۆ پەسەند کردنی، ئەگەر ئەم حاڵەتانە هاتنە کایەوە:

١- هەڵوەشانەوەی دەستووری عێراقی یان راگرتنی کارکردن پێی یان هەموارکردنی ئەو ئەحکامانەی کە سیستمی دیموکراتی وفیدراڵی ومافەکانی گەلی کوردیان دابینکردووە.

٢- جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستوور یان چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە دابڕێندراوەکان بە گوێرەی ویستی ئازادی دانیشتووانەکەی.

٣- بڕینی تێکڕای یان بەشێکی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق بۆ هەر مەبەستێك بێت چ بۆ لاواز کردنی هەرێم یان فشارخستنە سەری بۆ قبوڵکردنی مەرجەکانی دەسەڵاتی ناوەند.

٤- هێرشی هێزی چەکدار لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان ناوچە دابڕێندراوەکان یان دانانی پلان بۆ هێرشی لەو جۆرەو یان هەڕەشەکردن لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێندراوەکان بە بەکارهێنانی هێزی چەکدار.

هێرشی هێزی چەکداری یان هەڕەشەکردن پێی دژی هەرێمی کوردستان مەترسییەکی گەورەیە رەنگە تاوانی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیی لێ بکەوێتەوە، چەشنی ئەو تاوانانەی کە رژێمی پێشوو ئەنجامیانی داوە لە کوردستان وەك تاوانی جەنگ و دژی مرۆڤایەتی وجینۆساید.

ئەوەی ئەم بەڵگەیەی کورد بەهێزتر دەکات بۆ جیابوونەوە لەسەر چەوساندنەوەی گەلی کوردستان داننانی نێودەوڵەتی و ناوخۆییە بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوساندنەوە دەرهەق بە گەلی کوردستان وئەنجامدانی تاوانی جەنگ ودژی مرۆڤایەتی وجینۆساید بەرامبەری.

١- ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێشەکی بڕیاری ٦٨٨ی دا ئاماژە دەکات کە ئەنجومەنی ئاسایش ((هەست بە نائارامییەکی قووڵ دەکات بەرامبەر ئەو داپڵۆسینەی دانیشتووانی سیڤیلی عێراقی تووشی دەبن لە زۆر پارچەی عێراق و لەم دواییەدا ناوچە کورد نشینەکانیشی گرتەوە و بووە هۆی هەڵجمانی پەنابەرانی بە شێوەیەکی فرەوان بەرەو سنووری نێودەوڵەتی و ئەنجامدانی بۆردومان لە دەوروبەری سنوور بە جۆرێك ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی لە ناوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە. لە کاتێکدا (ئەنجومەنی ئاسایش) هەست بە نارەحەتییەکی قووڵ دەکات بەرامبەر ئەو ئازارە سەختەی تووشی مرۆڤەکان بووە لە ئەنجامی ئەوەدا...)) ئەنجومەنی ئاسایش ((١- ئیدانەی ئەو داپڵۆسینە دەکات کە تووشی دانیشتووانی سیڤیلی عێراقی بوون لە زۆر ناوچەدا کە لەم دواییەدا ناوچە کورد نشینەکانیشی گرتەوە، وئەنجامەکانی ئاشتی وئاسایشی نێودەوڵەتیی لە ناوچەکەدا دەخەنە مەترسییەوە))٣

٢- ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٩) لە ٢٠٠٨/٤/١٤ بە بڕیارێك پرۆسەی ئەنفالی بەدناوی بەتاوانی کۆمەڵکوژیی وتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی زانی. لەو بڕیارەدا هاتووە:(( بۆ جەختکردنەوە لەسەر بڕیاری دادگای تاوانی عێراقی تایبەت سەبارەت بە گونجاندنی ئەو رووداوانەی لەگەڵ پرۆسەکانی ئەنفالی بەدناودا روویاندا کە کۆمەڵکوژییە، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیار دەدات کە ئەوەی تووشی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بوو لە سیاسەتی داپڵۆسین وچەوسانەوەو تاوانگەلێك کە ئەم بڕیارە وێنەی رووداوەکانی خستەڕوو تاوانی کۆمەڵکوژیی وتاوانی دژی مرۆڤایەتییە بە هەموو پێوەرێك))٤. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٤٤) لە ٢٠١١/٣/١٧ دەربارەی تاوانی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی بڕیارێکی دەرکرد تێیدا هاتووە :(( پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانی عێراقی لە ٢٠١٠/٢/٢٨ ئەوەی خەڵکی هەڵەبجە تووشی بوون لە ١٩٨٨/٣/١٦ بە تاوانی کۆمەڵکوژیی دادەنرێ بە هەموو واتایەکی وشەکە.٥))

لە پێناو بەرگریکردن لەخۆ بەرامبەر هێرشی چەکداریی یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی یان چەوساندنەوە و داپڵۆسینی گەلی کورد و رێگا گرتن لە گەشەکردن و پێشکەوتنی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی ئاشتییانەی کوردستان لەسەر بناغەی ئاشتی وئاسایش ودۆستایەتی و دەرهاوسێتی باش لەگەڵ گەلە دەرهاوسێکاندا، هەرێمی کوردستان بۆی هەیە بە بڕیاری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە عێراق جیا ببێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی پێکبهێنێت.

هێچ دەوڵەتێکی دەرەکی بۆی نییە بە کردەوە لەناوەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەستوەربدات لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. مەسەلەی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان مەسەلەیەکی ناوخۆییە لەنێوان عێراق وهەرێمی کوردستان.

لە رووی یاسای نێونەتەوەییەوە مەسەلەی جیابوونەوە لە دەوڵەتی ناوەندیی مەسەلەیەکی ناوخۆییە ونێودەوڵەتی نییە. بۆیە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی بە دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەزانرێت. چونکە دروستبوونی یەکێتی فیدراڵی و هەڵوەشاندنەوەی وجیابوونەوەی یەکەکانی بابەتێکە کە دەستووری هەر وڵاتێك رێکیدەخات نەوەك یاسای نێونەتەوەیی.

لە ٢٠٠٨/٢/١٧ پەرلەمانی کۆسۆڤو بە یەکلایەنە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆی راگەیاند. تا ئێستا نزیکەی ٩٠ دەوڵەت دانیناوە بە دەوڵەتی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆدا.

دادگای دادی نێونەتەوەیی لەم رووەوە ئاماژەی کرد کە راگەیاندنی یەکلایەنەی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە ٢٠٠٨/٢/١٧ ((پێشێلکاری نییە بۆ یاسای نێونەتەوەیی گشتیی چونکە یاسای نێونەتەوەیی راگەیاندنی سەربەخۆیی قەدەغە نەکردووە))٦.

ئەم بەڵگانەی لای خوارەوە داواکاری راگەیاندنی سەربەخۆیی وجیابوونەوەی کوردستان بە هێزتر دەکەن لە بەردەم کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا:

١- دەوڵەتێکی کوردی جۆرەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وئەنجامدانی تاوانی جەنگ وتاوانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانی جینۆساید کە چەندەها جار لەم خاکەی کوردستان تووشی بەشێکی مرۆڤایەتی بوون دوور دەخاتەوە وبنبڕیان دەکات. ئەمەش لە سوودی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە خەمی سەرەکی پاراستنی ئاشتی وئاسایشی نێونەتەوەییە.

٢- پرەنسیپی دەستنەخستنە کاروباری ناوخۆوە وپاراستنی یەکێتی خاکی دەوڵەت لە یاسای نێونەتەوەییدا تەنها بۆ دەوڵەتە بیانییە دەرەکییەکانەو یەکە فیدراڵییەکان ناگرنەوە.

٣- پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس کە بوەتە پرەنسیپێکی نێونەتەوەیی مولزەمJus cogens هەموو گەلان دەگرێتەوە نەوەك هەر گەلانی کۆڵۆنەکان٧. پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانی عێراقی لە ٢٠١٠/٢/٢٨ ئەوەی خەڵکی هەڵەبجە تووشی بوون لە ١٩٨٨/٣/١٦ بە تاوانی کۆمەڵکوژیی دادەنرێ بە هەموو واتایەکی وشەکە

٤. بە پێی دیباجەی دەستووری عێراقی، یەکێتی نێوان پێکهاتەکانی عێراق ئازادانەیە، کەواتا دەکرێت بە ئازادانەش پێکهاتەی کورد لە هەرێمی کوردستان لەو یەکێتییە بکشێتەوە.

**پاڵپشت بە بڕیاری دادگای باڵای تاوانی عێراقی لە ٢٠١٠/٢/٢٨ ئەوەی خەڵکی هەڵەبجە تووشی بوون لە ١٩٨٨/٣/١٦ بە تاوانی کۆمەڵکوژیی دادەنرێ بە هەموو واتایەکی وشەکە**

**بە پێی ماددەی ٢/٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستانی عێراقدایە بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کوردستانی عێراق بدات وپێوەندی یاسایی هەرێم لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندا دیاری بکات**

١- لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا خاوەن دەستوری خۆی نییە، ئەم یاسایانە دەسەڵاتەکانی هەرسێ دەزگاکان دیاری دەکەن:
أ. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
ب. یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
ج. یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو.
د. یاسای دەسەڵاتی دادوەریی لە کوردستان ژمارە(٢٣) ساڵی ٢٠٠٧
٢- دستوری عێراقی بە سێ جۆر دەسەڵاتی هەرێمی دیاری کردووە:
أ. لە ماددەی ١١٠ دا دەسەڵاتە سنووردارکراوەکانی ( الاختصاصات الحصريه )ی دەسەڵاتی فیدراڵی دیاری کردووە.
ب. لە ماددەی ١١٢ و ١١٣ و ١١٤دا ئەو دەسەڵاتانە دیاری کراون کە دەسەڵاتی فیدراڵیی ودەسەڵاتی هەرێم پێکەوە یان بە هەماهەنگی یان بەهاریکاریی ئەنجامیان دەدەن.
ج. لە ماددەی ١٢٠ و ١٢١دا هەندێ لە ماف و دەسەڵاتی هەرێم دەسنیشان کراون و جەخت کراوەتەوە کە هەر دەسەڵاتێك لە دەسەڵاتە حەسریەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیی نەبێ، ئەوە دەبێتە دەسەڵاتی هەرێم.
3- S/RES/688 (1991)
د - بڕوانە : بڕیار و راسپاردەکانی دانیشتنی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە وەرزی تەشریعی یەکەم لە ساڵی 2008
هـ- بڕوانە : بڕیار و راسپاردەکانی دانیشتنی چل و چوارەمینی ئەنجومەنی نوێنەران لە وەرزی تەشریعی یەکەم، ساڵی تەشریعی یەکەم
ز- ICJ: Accordance with international law of the unilateral declaration of independence in respect of Kosovo: General List No.14/ 22 July 2010. see http://www.icj-cij.org/docket/files/141/15987.pdf
ر- دادگای دادی نێودەوڵەتی پرەنسیپی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بە پرەنسیپێکی مولزەمی دەزانێت سەبارەت بە هەموو گەلان.بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە:
ICJ: CASE CONCERNING EAST TIMOR (PORTUGAL v. AUSTRALIA): Judgment of June 1995 30

# لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا
# بودجە قابیلی ڕەخنەگرتن و چارەسەرکردنە





## وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمان بۆ (گوڵان):

# هەوڵی تەواوی خۆمان خستەگەڕ تاوەکو کەموکوڕییەکانی بودجە بەو ئاڕاستەیە چاک بکرێت کە لەبەرژەوەندی خەڵکیدا بێت



## سەرۆکی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان بۆ گوڵان:

# دواکەوتنی بودجە زیانی بەکاروباری بازرگانی و بازاڕ گەیاندووە

پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٢ی هەرێم لەپەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرجەم فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانەوە گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان لەبارەیەوە لێ دەکرێت، بەڕاددەیەك لەگفتوگۆکاندا بۆ پەرلەمانتار کات دیاری نەکرابوو، بەڵکو ئازادیەکی تەواو درا بەهەموو پەرلەمانتارێك تا ڕەخنەو پێشنیارەکانی خۆیان بخەنەڕوو، پاڵپشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەوەی داوای لەسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد: (گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٢ی هەرێم بکەن و کەلێن و کەموکورتییەکان نەهێڵن..) پەیامێك بوو بۆ باشترکردنی پرۆژەکەو چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان، بەشێوەیەك کە لەخزمەتی خەڵکی کوردستاندا بێت. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە هات کە بودجە لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا بێ کەموکورتی نییەو قابیلی ڕەخنە گرتنە و هیچ بودجەیەك لە١٠٠٪ بێ کەلێن و کەموکوڕی نییە.

لەم ڕاپۆرتەدا دەمانەوێت هەندێك ڕاستی زانستی تێکەڵ بەواقیعی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان بکەین و خوێندنەوەیەکی زانستیانەو واقیعبینانە بۆ پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٢ بکەین، کە ئەو واقیعە وایکردووە بودجەی کوردستان جیاواز بێت لەبودجەی زۆربەی وڵاتانی دنیا، بەو پێیەی لە٧٠٪ی بودجەکە بۆ بواری بەگەڕخستنەو تەنیا ٣٠٪ی بۆ بودجەی وەبەرهێنانە، کە لەگەڵ بوونی ئەم ڕێژە کەمە بۆ وەبەرهێنان کەچی زۆربەی وەزارەتەکان نەیانتوانیوە ئەو ٣٠٪یەش بۆ پرۆژەکان خەرج بکەن، ئەمە مانای ئەوە نییە دەستەوەستان بووەستین و هەنگاو بەرەو باشترکردنی پڕۆژەکان و ئابووری هەرێمی کوردستان نەدەین، هەموو لیست و فراکسیۆنەکانی پارتە فەرمانڕەواکان و بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە هیچ بودجەیەك بێ کەموکوڕی نییە، ئەگینا بۆچی بۆ پەرلەمان بەرزدەکرێتەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و لەدەرەوەی هۆڵەکانی پەرلەمانیش ڕەخنەو خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، ئەم بودجەیە بۆ هەرێمێکە کە خاوەنی لەشکرێك کارمەندە و تا ئێستا ژێرخانی ئابووری هەرێمەکەش ئاوەدان نەکراوەتەوەو چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانیش پارەیەکی زۆری دەوێت، بۆ نموونە لەساڵی ڕابردوودا زۆربەی بودجەی کوردستان بۆ دابینکردنی کارەباو ئاوی خواردنەوە بوو، تەنانەت پرۆژەکانی نیشتەجێبوونیش بەو پێیەی مەزەندە دەکرێت زیاتر لە٤٠ هەزار کرێچی هەبێت و پێویستی بەیەکەی نیشتەجێبوونی زۆر فراوان و گەورە هەیە. ئەوەی جێی دڵخۆشی بێت لەگفتوگۆکانی ئەمساڵدا ئەو ڕیزبەندییەی کە گفتوگۆکان تێبینی دەکرا کە لەلایەن سەرجەم پەرلەمانتارانەوە گفتوگۆکان بەو ئاراستەیە ڕۆشتوون کە هاووڵاتی لەڕیزبەندو پێشەنگی پێشنیارو داواکارییەکان دانراوە، واتا ئەمساڵ پرۆژە یاسای بودجە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و موزایەدەی سیاسی یا تەنیا بودجەکە بۆ بەڕێکردن بچێتە پەرلەمان، کە لەهەردوو حاڵەتدا هاووڵاتی و ئابووری هەرێمەکەمان لێی زیانمەندبوون، ئێمە ناڵێین بودجەکە بێ کەموکورتییە، بەڵام پێویستە لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی پەرلەمانەوە بەپێی تواناکانی بەردەست و ڕەچاوکردنی لایەنی دارایی و یاسایی هەموو خەوش و کەموکوڕییەکان چارەسەر بکرێن و چیتر پڕۆژەکە تەنیا بۆ مەرامی سیاسییانە دوانەخرێت، چونکە ئەو

> **ئەو خاڵ و بڕگانەی کە لەبودجەی ئەمساڵدا لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانتارانەوە پەسەند کراون زۆرینەی توێژ و چینەکانی ناو کۆمەڵگە تێیدا سوودمەندن**

خاڵ و بڕگانەی کە لەبودجەی ئەمساڵدا لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانتارانەوە پەسەند کراوە زۆرینەی توێژ و چینەکانی ناو کۆمەڵگە تێیدا سوودمەندن، لەوانە قەرزو پێشینەی هاوسەرگیری و قەرزی خانووبەرەو قەرزی پڕۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و زیادکردنی دەرماڵەو قەرزی خانووبەرەی گوندەکان و پێدانی بەخشینی ٤٨٠ هەزار دینار بۆ ئەو فەرمانبەرانەی پلە٩و ١٠ کەزۆربەیان هیچ دەرماڵەیەکیان نییەو بەخاوەن داهاتێکی نزم دادەنرێن و تەرخانکردنی ١٢٠ ملیار دینار بۆ تواناسازی و ١٠٠ ملیار بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکانی ئێران و تورکیاو ١٠٠ی تر بۆ پاڵپشتی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو ناوچە و سنوورانەی پێشتر زیانیان پێگەیشتووەو ٥٠ ملیار دینار بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان بەکارێکی گەورەو گرنگ دادەنرێت، هاوکات بەهۆی دواکەوتنی ناردنی پرۆژە یاساکەی بودجە بۆ پەرلەمان هەر دواکەوتنێکی تر دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئیحالەکردنی پرۆژەکان، چونکە تا پرۆسەی تەندەر تەواو دەبێت کاتی دەوێت و ئێستا پرۆسەکە دەست پێ بکات بۆ مانگی ئاب دەست بەجێبەجێکردنی پرۆژەکان ناکرێت، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی دواکەوتن و تەواونەبوونی پرۆژەکانە لەکاتی خۆیدا کە زیانی دارایی و ئابووری هەیەو بە بەردەوام هاووڵاتی ڕەخنەی لێدەگرێت، دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان سەبارەت بەخراپی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە وتی: پەسەندکردنی بودجە ڕۆڵێکی زۆر باشی هەیە بۆ بوژانەوەی ئابووری و بازاڕ، لەڕێگەی بەگەڕخستنی پرۆژەو پێدانی پێشینەو دەرماڵەو مووچەی فەرمانبەرانەوە بازاڕەکانی کوردستان دەبوژێنەوە، هەربۆیە پێویستە چیتر وتووێژەکان و پەسەندکردنی بودجە وا دوانەخرێت، تا کاروباری بازرگانی و بازاڕ ڕانەوەستێت و زیان بە



سەرۆکی
فراکسیۆنی کۆمەڵ
بۆ (گوڵان):

# کاتی ئەوە هاتوو لەبودجەی ئەمساڵدا مەسەلەی داهات شەفاف بێت و داهاتی سەرجەم وەزارەتەکان دیار و ڕوون بێت



پەرلەمانتار
شەونم محەمەد
بۆ (گوڵان):

# بودجە چەند لایەنی باشی تێدا بێت هەر بێ کەموکورتی نابێت، ئەمەش بەجێ دەمێنێت بۆ پەرلەمانتاران تاوەکو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە

بەرژەوەندی گشتی نەکەوێت.

دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان باسی لەئەرکێکی گرنگی تری پەرلەمانتاران کرد و لەمبارەیەوە وتی: کاتی ئەوەهاتووە لەماوەی ئەمساڵدا پەرلەمانتاران بەجددی کار بۆ هەموارکردنەوەی ئەو هەموو یاسایانە بکەن کە ئێستا هەندێکی لەپەرلەمانە و ناگونجێن لەگەڵ قۆناغی ئابووری و بازاڕدا و زیانی بەگەشەکردنی کەرتی تایبەت گەیاندووە، چونکە یاساکان کۆنن و بۆ سەردەمی ئابووری مەرکەزی و سۆشیالیستی دانرابوون.

هەر سەبارەت بەگرنگی پرۆژە یاسای بودجە، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی وتی: فەلسەفەی دانانی بودجە لەکۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجی دەوڵەتەوە هاتووە، هەربۆیە حکومەت لەڕێگای هاوسەنگکردنی داهات و خەرجیەکانەوە پەنا بۆ کۆمەڵێك سیاسەتی دارایی و ئابووری دەبات، لەوانە کورتهێنانی بودجە ئەمەش لەپێناو سەقامگیری ئابووری و بەدیهێنانی پەرەپێدانی گشتی، دواکەوتنی بودجەش بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری خراپی لەسەر ئەو پرۆژەو کارو چالاکییانەی حکومەت هەیە کە لەماوەی ساڵی دارایی خۆی دەبێت جێبەجێی بکات، لەناویاندا پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کە بۆ هەرێمێکی وەکو کوردستان جێی بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ژێرخانی ئابووری پێویستێتی

> **پێشنیارەکانی فراکسیۆنی کوردستانی کە لە١٣ خاڵدا خرایەڕوو ئەوەی ئەمڕۆ بووە بەیاساو جێگیرکراوە هەمووی لەناو ئەو پێشنیارە ١٣ خاڵەدایە**

و لەقۆناغێکی هەستیاری ئابووریدایەو هەر دواکەوتن و ڕێگرییەك دەبێتە دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕەوڕەوەی ئابووری.

خاڵێکی زۆر گرنگی ئامادەکردن و گفتوگۆکردنی بودجە بوونی شارەزایی و کەسانی بەتواناو خاوەن ئەزموونن لەدارشتنەوەی پرۆژەکەو گفتوگۆکردن لەسەر خاڵ و برگەکانی تاوەکو لەکۆتاییدا ئەو خاڵ و برگەیە ببێتە یاساو دەسەڵاتی جێبەجێکار پابەند بێت بەجێبەجێکردنی، لەمەشدا دەبێت لیژنەکانی دارایی و یاسایی خواست و ویست و پێشنیارەکان بگونجێنن لەگەڵ لایەنی یاسایی و ڕەچاوی ئەو دوو بوارە بکەن، هەربۆیە لەدوای ئەوەی سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەو بوارە پیوەندیدارانە دەکەن دواتر بۆ ئەو دوو لیژنەیە بەرز دەکرێنەوە، سەبارەت بەرەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی لەچاکسازییەکانی کە بۆ بودجەی ئەمساڵ کراوە ئاسۆ کەریم وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمان بەگوڵانی ڕاگەیاند: فراکسیۆنی کوردستانی بەپشتیوانی هاوپەیمانەکانی بەرگرییەکی توندی لەسەر چاکسازی و خزمەتگوزاریی زۆرتر کرد، بەرادەیەك هەوڵی تەواوی خۆی خستەگەڕ تاوەکو کەموکورییەکانی بودجە بەو ئاراستەیە چاك بکرێت کە لەبەرژەوەندی خەڵکی دا بێت، لەم ڕوانگەیەوە تەواوی ئەو شتانەی ویستومانە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی لەپێشنیارەکانی لیژنەی دارایی دا جێگامان بۆ کردۆتەوە کە ئەم ڕاپۆرتە لە٦/٤ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکراوەتەوەو لەناو هۆڵی پەرلەمانیش وتوویژی لەسەر کراوە و یەکەمین کەسیش سۆزان شەهاب سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی بووە کە تەواوی پێشنیارەکانی فراکسیۆنەکەی لە١٣ خاڵدا خستەڕوو، ئەوەی ئەمڕۆ بووە بەیاساو جێگیرکراوە هەمووی لەناو ئەو پێشنیارە ١٣ خاڵەی ئێمەدایەو لایەنەکانی تریش پشتگیرییان کردین. بۆ ئەمەش داواو پشتگیری پێدانی بەخشینەکانی ٤٨٠ هەزار بۆ کارمەندەکانی پلە٩و ١٠ کرد هەروەك چۆن پاڵپشتی پێدانی ٦٠٠ هەزار دیناری کرد بۆ ئەو خانەنشینانەی کە مووچەکەیان لە٤٠٠ هەزار دینار کەمترە، هەروەها پاڵپشتی بڕینی (٢١١١١) بیست و یەك ملیارو سەدوو یازدە ملیۆن دینار کرد کە دەگاتە ڕێژەی ٢٠٪ لەهەرسێ سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری، بڕی (٤٥٣٣) چوار ملیارو پێنج سەدوو سی و سێ ملیۆن دینار واتا بەرێژەی ١٥٪ی خەرجی بەگەڕخستنیش لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەمکرایەوەو، بەرێژەی ١٥٪ی بودجەی وەگەڕخستنیش لەو دامودەزگایانەی بەوەزارەتەکانەوە بەند نین کەمکرایەوە، کە کۆی ئەم دوو بڕینە دەکاتە (٤٣٠٨٤٤) چوار سەدوو سی ملیارو هەشت سەدوو چل و چوار ملیۆن دینار کە تەرخان دەکرێت بۆ بەخشینی خانەنشینان و فەرمانبەران و مووچەی هاووڵاتی شەهید و بەخشینی هاوسەر و منداڵی شەهیدان و بڕی ١٠٠ ملیار دینار بۆ قەزاو ناحیە زیان لێکەوتووەکان و ١٢٠ ملیار دیناربۆ دروستکردنی قوتابخانەی نموونەیی. بڕیاریشدرا بەشێك لەو پارانەی کە کەمکراوەتەوە بخرێتە سەربودجەی وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و پەروەردەو گەشتوگوزار تا پرۆژەیان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان پێ جێبەجێ بکرێت. ئەمەو بەمەزەندەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەخشینەکانی خانەنشینان و

> **بەخشینی ٤٨٠ هەزار دینار بۆ ئەو فەرمانبەرانەی پلە٩و ١٠ کەزۆربەیان هیچ دەرماڵەیەکیان نییەو بەخاوەن داهاتێکی نزم دادەنرێن بەدەستکەوتێکی باش دادەنرێت**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د. ئەمین محەمەد ئال ئیدریسی بۆ (گوڵان):



# لەم قۆناغە هەستیارە پێڕەوکردنی فەلسەفەی بودجە بۆ کۆنترۆڵکردنی داهات و خەرجیەکان پێویستە

دکتۆر سەباح خۆشناو
شارەزا لەبواری فەلسەفەی دارایی گشتی بۆ (گوڵان):



# با پرۆژەی بودجەی ئەمساڵ قووڵاییەکی ستراتیژی هەبێت و ڕووبکاتە ئەو پرۆژانەی بەرهەمهێنن

فەرمانبەرانی پلە٩و١٠ و زیادکردنی موچەی هاووڵاتی شەهید و بەخشین بۆ هاوسەر و منداڵی شەهیدان نزیکەی ٢٠٠ ملیار دیناری دەوێت و ١٠٠ ملیار دینار بۆ قەزاو ناحیە زیانلێکەوتووەکان و ١٢٠ ملیار دینار بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نموونەییش ٢٢٠ ملیار دیناری پێویستە واتا ٤٢٠ ملیار دینار بۆ ئەم دەستکەوتانە پێویستە کە لە٤٣٠ ملیارو ٨٤٤ملیۆن دینارەکەی پارەی براوەکە زۆر نزیکە.

بەمشێوەیە لەگەڵ ئەم دەستکەوتانە بەڵام کەموکوڕی لەبودجەکەدا هەیە، بەتایبەتی لەوەی لەبواری پلاندانان حکومەتی هەرێم کەموکوڕی هەیە، سەبارەت بەم لایەنەش ئارام قادر سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان وتی: بودجەی هەرێم بەڕاشکاوانە پیشانی دەدات کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی بێ پلانە و سیاسەتی ئابووری ڕوون و دیار نییە، هەربۆیە گەر بێتوو حکومەتی هەرێم چاوخشاندنەوە بەم سیاسەتەیدا نەکات، ئەوا هەرێمەکە بەرەو کارەسات دەچێت، ناکرێت ٣٦٪ی هاووڵاتیانی کوردستان مووچەخۆر بن، ئەمەش وایکردووە میللەتێکی بەکارهێنەری لێبکەوێتەوە ساڵ لەدوای ساڵیش مووچەخۆران زیاد دەکات پلانیش نییە بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری، ئەوەتا مانگانە ٨٠ ملیۆن دۆلار دەدەین بەهێنانی سەوزەو میوەو ١٠ ملیۆنیش بەگۆشتی مریشک دەدەین، واتا ئێمە هەرێمێکی بەرهەمهێن نین

**بەهۆی دواکەوتنی ناردنی پرۆژە یاساکەی بودجە بۆ پەرلەمان هەر دواکەوتنێکی تر دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئیحالەکردنی پرۆژەکان**

و بووینەتە کۆیلەی کاڵاخراپەکانی وڵاتانی دراوسێ. کاتی ئەوەهاتوو لەبودجەی ئەمساڵدا مەسەلەی داهات شەفاف بێت و داهاتی سەرجەم وەزارەتەکان دیاروو ڕوون بێت، کاتێك ١٧ ترلیۆن خەرجی بێت و ١٥ ترلیۆن داهات بێت و کورتهێنان ٢ ترلیۆن بێت هەربۆیە پێویستە ئەو کورتهێنانە دیاری بکرێت بەچی پڕ دەکرێتەوە، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم کەموکورتییانە لەبودجەی ئەمساڵدا برگەو ماددەی باشی تێدایە بەتایبەتی بەخشینەکان و تەرخانکردنی بری ١٢٠ ملیار بۆ توانای ٥٠ ملیار بۆ کرێنیشان و ١٠٠ ملیار بۆ ئاوارەکان و...تاد.

سەبارەت بەو لایەنەی کەموکورتی ناو بودجەکە کە لایەنی بەگەڕخستن بەراورد بەبودجەی وەبەرهێنان زۆر زیاترە، دکتۆر سەباح خۆشناو پسپۆڕ و شارەزا لەبواری فەلسەفەی دارایی گشتی وتی: پێویستە ساڵ لەدوای ساڵ کار بکەین بۆ کەمکردنەوەی بودجەی بەگەڕخستن کە بەداخەوە بەهۆی نەبوونی پلانەوە تا ئێستا ئەم لایەنە کاری لەسەر نەکراوە، هەربۆیە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەرین و لەبواری ستراتیژییەتی بەپیشەسازیکردن و بەرهەمهێنان هەنگاوی گەورەمان نەناوە، ئەم حاڵەتەش بەشەو و ڕۆژێك چارەسەر نابێت، بەڵام پێویستە چیتر ئابووریناسان و شارەزایانی ئەمبوارە پشتگوێ نەخرێن بۆ ڕێکخستنی پرۆژە یاسایەکی بودجەی ڕێکوپێکی بێ کەموکورتی، با پرۆژەی بودجەی ئەمساڵ قووڵاییەکی ستراتیژی هەبێت و ڕووبکاتە ئەو پرۆژانەی بەرهەمهێنن یا ڕووبکاتە ناوچە دابڕێنراوەکان، چونکە لەماوەی داهاتوودا زیاتر پێویستە پشت بەخۆمان ببەستین مادام زۆرینەی هاووڵاتیان لەگەڵ بیرۆکەی سەربەخۆیی و بوون بەدەوڵەتین، هاوکات پێویستە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لەبەغدا ئەرکێکی زیاتریان بخرێتە ئەستۆ بەتایبەتی لەبواری گەڕانەوەی ماف و پارەکانی هەرێمی کوردستان

کە بەغدا بە پاساوی جۆراوجۆر تا ئێستا نەیگەڕاندۆتەوە بۆ هەرێم.

هەروەها پەرلەمانتار شەونم محەمەد باسی لەگرنگی بودجەو دامەزراندنی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی کرد کە بۆ بەدواداچوونی خەرجکردنی بودجە پێویستن، لەمبارەیەوە وتی: بەو پێیەی بودجە بۆ خزمەتی هەموو خەڵکی کوردستانە هەربۆیە بەجددی لەماوەی ڕابردوو کارمان کرد بۆ کەمکردنەوەی کەموکورتییەکان، دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە بودجە چەند لایەنی باشی تێدابێت هەر بێ کەموکورتی نابێت، ئەمەش بەجێ دەمێنێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەوپێیەی نوێنەری خەڵکی کوردستانن، وەکو لایەنی تەکنیکی کە بودجە لە٥/٧ هاتە پەرلەمان و لە٥/٩ پرۆژەی بودجەکە دابەشکراو خرایە سندوقی هەموو ئەندام پەرلەمانێکەوە لە٦/٤ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئامادەکراو لە٦/١١ دەستکرا بەگفتوگۆو لەدوای سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی سەرجەم لیستەکانی تر ڕاو پێشنیارەکانیان خستەڕوو. ئەوەی جێی دڵخۆشی و ئاماژەپێدانە جگە لەوەی هەر ١٣ خاڵەکەی پێشنیاری لیستی کوردستانی ڕەزامەندی لەسەر درا، هاوکات بڕیاری دامەزراندنی هەردوو دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکییە کە هەردووکیان بۆ بەدواداچوون و چاودێری خەرجکردنی بودجە گرنگی خۆی هەیە.

**ناکرێت ٣٦٪ی هاووڵاتیانی کوردستان مووچەخۆر بن، ئەمەش وایکردووە میللەتێکی بەکارهێنەری لێبکەوێتەوە ساڵ لەدوای ساڵیش مووچەخۆران زیاد دەکات**



ڕەشید تاهیر

بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابوری بۆ(گوڵان):

# پاش پەسندکردنی بودجە دەست بە پێدانی پێشینەکان دەکەینەوە

**لەم بودجەیەدا پێشینەی خانووبەرە بۆ گوندەکان لە ٢٠ملیۆن دینار کراوەتە ٢٥ملیۆن دینار**

**وەك کەسانی پسپۆرو شارەزا لەبواری ئابووری و دارایی دەیزانن بەرلەوەی باسکردنی بودجە باسێکی دارایی و ئابووری کۆمەڵگە و بازاڕ بێت، باسێکە پێوەندی بە بەرنامەو پلاندارڕشتنەوەیە بۆ خۆشگوزەرانی و فەراهەم کردنی ژیانی کۆمەڵگە، بودجە واتە ڕەچاو کردنی مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگە نەك تەنیا لەوەی مووچەی ئەو کەسە چەندە لەبەرانبەر ئەو ئەرکانەی جێبەجێیان دەکات، بەڵکو لەو ئاسانکارییانەی بۆ پێداویستیەکانی ژیانیشی دەکرێت، کە لەسەر هەموو ئاستەکان مرۆڤ پێویستی بەوەیە لە نیشتمانێکی ئارام و ژینگەیەکی تەندروست و سروشتێکی خاوێن و کەشوهەوایەکی دادپەروەرو دیموکراسییانەو گوزەرانێکی باش و پێگەیەکی شکۆمەندو بەرزو بێ کێشەدا بە ئازادانە بژی، بودجە ئامرازێکە بۆ مانا بەخشین بە هەموو ئەم چەمکانە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر لایەنی پێوەندیدار هەرچی کەموکورتی و ناڕێکی و ناشەفافیەتێك هەبێت لە بودجەدا چارەسەر بکرێت، بە مەبەستی تاوتوێ کردن و پەسەندکردنی بابەتی بودجە گۆڤاری گوڵان بە پێویستی زانی چەند پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێز ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بکات کە ئەمە پوختەکەیەتی.**

سەبارەت بە پەسندکردنی بودجە بەکوێ گەیشتووەو بڕگەو ماددەکانی تا چەند لەبەرژەوەندی هاووڵاتیاندایە، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابوری وتی: بێگومان بودجە سیاسەتی حکومەتە لەزۆر بوارەوە، بەتایبەتی لەبواری کارگێڕیی و ئابوری و سیاسیەوە، بودجەی هەرێمی کوردستان زۆر بواری تێدا کۆبۆتەوەو خەڵکێکی زۆر سوود لەم بودجەیە وەردەگرن لەوانە (١٣٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس مووچە وەردەگرن کە (٦٦٧) هەزار کەس فەرمانبەری فەرمی حکومەتن و زیاتر لە(٦٠٠)هەزار کەسیش ئەو کەسانەن کە خانەنشینن و لە ناو تۆڕی کۆمەڵایەتی و جۆری ترن کە مووچە لە حکومەت وەردەگرن و هەموو ئەو پارانەش کە لەم ڕێگایەوە خەڵك وەری دەگرێت دەچێتە ناو بازاڕو ژیانی خەڵك و ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت و سوودی گشتی بۆ هەموو خەڵکەکە هەیە، لەلایەکی ترەوە لەناو بودجەدا زۆر پڕۆژەی تێدایە کە بەبڕی چوار ملیار دۆلارە کە ئەمەش ژێرخانی ئابوری گەشە پێ دەکات، چونکە هەر ملیارێك دۆلار چەندین کارو پڕۆژەی پێ ئەنجام دەدرێت و بەمەش ژمارەیەکی زۆر هەلی کار بۆ خەڵك دەستەبەر دەبێت، هەروەها لەم بودجەیەدا بایەخ و گرنگی بەکارو پڕۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان دەدرێت کە لێرەدا کەرتی تایبەت سوود وەردەگرن و لەم لایەنەوە ئێستاکە زیاتر لە(٢٠)ملیار دۆلار لە ناو هەرێمی کوردستان لە ئیشکردن و جموجۆڵی بازرگانیدایە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئەو جموجۆڵە بازرگانییە لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوەدا بەهێزترو زیاترو پێشکەوتووتر دەبێت و بەمەش هەلی کار زیاتر دەبێت، هەرچەندە لە کوردستان هێمنی و ئاسایش هەیە، بەڵام لەم بودجەیەدا گرنگییەکی باش بە دەسەبەرکردنی لایەنی هێمنی و ئاسایش دەدرێت بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە سەقامگیر و هێمن و ئاسایشەی هەیە، هەر بەردەوام و بەرقەراربێت و زیاتر پەرەبسێنێت، ئەمەش کاریگەری ئیجابی لەسەر هەموو بوارەکانی تری ژیان هەیە، چونکە لەهەر کاتێکدا هێمنی و ئاسایش بەرقەرار نەبێت ئەوە خەڵك ناتوانێت لەبوارەکانی تریش کار بکات، هاوکات لەم بودجەیەدا گرنگیەکی تایبەت و زۆر بە ناوچە دابڕێنراوەکان دراوە بە تایبەتی لەلایەنی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و هێمنی و ئاسایش کە هێزی پێشمەرگەو ئاسایش لەم ناوچەو شوێنانە هەر لە شەنگارو بەعشیقەو مەخمورو تا دەگاتە کەرکوك و سەعدیەو جەلەولاو خانەقین بوونیان هەیەو دەیانپارێزن و ئەم ناوچەدابڕاوانە ئیدارەی

لێیە و لەگەڵ کردنەوەو دروستکردنی سەدان قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و دامەزراندن کە بەسەدان مامۆستاو کارمەندی تەندروستییان بۆ دادەمەزرێنین و کارەبایان بۆ دابین دەکەین هەمووی ئەوانەش لەسەر حیسابی بەشە بودجەی ئێمەیەو لە جێگایەکدا هەیەو دەڵێت ٥٠ملیار دینار بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان تەرخانکراوە یا خەرج دەکرێت، لە هەقیقەتدا ئەم ژمارەو برە پارەیە ڕاست نییە، بەڵکو سێ ئەوەندەو زیاتریش بودجەو پارە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان خەرج دەکەین.

هەروەها هەر لەبودجەکەدا پێشینەی خانووبەرە بە هاوولاتیان دەدەین و لە ساڵی ٢٠١١دا ٧١هەزار کەس لەم پێشینەیە سوودمەندبوونەو ئێستاکە ٢٢هەزار مامەڵەی هاوولاتیان ئامادەیە کە پێشینەیان پێ بدەین و لەپاش پەسندکردنی بودجە دەست بە پێدانی پێشینە دەکەینەوەو لەم بودجەیەدا پێشینەی خانووبەرە بۆ گوندەکان لە ٢٠ملیۆن کراوەتە ٢٥ملیۆن و قەرزی کشتوکاڵی هەیە کە ساڵی ڕابردوو ژمارەیەك زۆر لە جوتیاران لێی سوودمەندبوون، ئەمانەش بۆ ئەوەیە زیاتر پشتگیری و هانی خەڵك بدرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پێشکەوتن و گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و کەمکردنەوەی بەشێك لە ئەزمەی نیشتەجێبوون و لەساڵی ڕابردوو بۆ هاوکاری و یارمەتی جوتیاران و پێدانی خانووی پلاستیکی و پەینی کیمیاوی و پێداویستی تر بەنرخێکی زۆر کەمتر لە نرخی خۆی ٥٠ملیار دینار تەرخانکرابوو و ئەمساڵ ئەو برە پارەیە بۆ ٦٥ملیار دینار زیادکراوە بۆ ئەوەی زیاتر هاوکاری و هانی جووتیارانمان بدەین بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان کە هەموو ئەوانەش کە لە کەرتی کشتوکاڵیدا دەکرێت، بۆ ئەوەیە بەرووبوومی خۆمان زیاتر بێت و بگاتە ناو بازاڕی قەزاو ناحیەو شارەکان، هاوکات لە بودجەکەدا قەرزی پیشەسازی دانراوە کە ٥٠٠ملیۆن دینار تا یەك ملیار دینار بەو کەسانە دەدرێت کە دەیانەوێت کارگەی پیشەسازی دابنێن. هاوکات پێشینەی هاوسەرگیری هەیە کە بۆ فەرمانبەران و هاوولاتیانیشە کە لەسەرەتای ئەو پێشینەیەوە تا ئێستا ١٦٧هەزار کەس سوودمەندبوون و پێشینە هاوسەرگیری بۆ منداڵ و کەسوکاری شەهیدان هەیەو لە بودجەی ئەمساڵدا ٦٠٠هەزار دینار بۆ یەکجار کە بە دوو جار دەدرێت بەو خانەنشینانەی کە مووچەکەیان ٤٠٠هەزار دینارو کەمترەو ٤٨٠هەزار دیناریش بۆ یەك جار بەو فەرمانبەرانە دەدرێت کە لە پلەکانی (٩ و ١٠)دان و مووچەکانیان لە١٤٠هەزار دینارەوە دەست پێ دەکات.

سەبارەت بەو برە پارەیەی لە هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری کەم دەکرێتەوە ئایا بۆچی بەکاری دەهێنن و تەرخانی دەکەن ڕەشید تاهیر وتی: لە ٢٠٪ی بودجەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری و ١٥٪ش لە وەزارەتەکان کەم کراوەتەوەو ئەو برە پارەیەش لەم بوارو برگانە خەرج دەکەین:

١- ئەو ٦٠٠هەزار دینارەی کە دەدرێت بە خانەنشینان کە موچەکەیان ٤٠٠هەزار دینار و کەمترە

٢- ئەو ٤٨٠هەزار دینارەی کە دەدرێت بەو فەرمانبەرانەی کە لە پلەی( ٩و١٠) دان

٣- بۆ پێدانی دەرماڵەیەك بۆ کەسوکاری شەهیدان

٤- بۆ مووچەی شەهیدانی هاوولاتی کە مووچەکەیان لە ١٨٠هەزار دینار کراوەتە ٢٥٠هەزار دینار

**لە بودجەدا قەرزی پیشەسازی دانراوە کە ٥٠٠ملیۆن دینار تا یەك ملیار دینارە و بەو کەسانە دەدرێت کە دەیانەوێت کارگەی پیشەسازی دابنێن**

٥- ١٢٠ملیار دینار لەو پارەیە بۆ دروستکردنی قوتابخانە لەهەرێمی کوردستان تەرخانکراوە

٦- ١٠٠ملیار دیناریش بۆ کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەکاتی خۆی زەرەرو زیانیان پێکەوتووە

لەتەوەرەیەکی تردا بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەوەدا کە لە گفتوگۆیەکانی پەسندکردنی بودجەدا باس لە بودجەی پێشمەرگەو چەند قەرزی تر کرا کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن بەغداوە گلدراوەتەوەو بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانەش کە بە ماف و هەقی خۆمانی دەزانین پێویستە ئالیەتێك لەنێوان ئێمەو بەغدا دروست بکرێت.

سەبارەت بەوەی هەندێ جار و ئێستاش ڕەخنە لەسەر داهاتی هەرێم هەیەو ئەم داهاتە چەندەو چۆن داخیلی بە بودجە کراوە بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابوری وتی: داهاتی هەرێمان ڕوونکردۆتەوەو لە ڕاگەیاندنەکانیش بڵاوکراوەتەوە، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چۆتە ناو بودجەکە بڕی دوو ترلیۆن و سێ و یەك ملیار دینارە، تەنیا ٣٠٠ملیار دینارمان داخیڵ نەکردووە لەترسی بەغدا نەوەکو لە بودجە لێمان ببڕێت، ئەو برە پارەیەش ئەو داهاتەیە کە لە سنوورەکان بەدەست دێت کە دەبێت بە بەغدا بدرێت، بەڵام ئەوە ماف و هەقی ئێمەیەو قەت وازی لێ ناهێنین، گەرچی لە ساڵی ٢٠١٠و ٢٠١١کە ئێمە ئەو داهاتەمان داخیڵی بودجەی خۆمانمان کرد، بەڵام بەغدا لە بودجەی ئێمەیان بڕی و لەمەشدا بە پێچەوانەی یاسا ڕەفتاریان کرد.

هەروەها لە بودجەی ئەمساڵدا شوێنی ١٧هەزار پلەی دامەزراندن دانراوەو وەزارەتی داراییش داوای لە وەزارەتەکان کردووە کە وردەکاری پێویستیان لە پلەیی دامەزراندنەکان بۆ بنێرن و لە دوای پەسندکردنی بودجەش پرۆسەی دامەزراندنەکە دەست پێ دەکات، لەلایەکی ترەوە بەپێی وتەیی وەزیری پلاندانان هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە ١٧هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیەو بۆ ئەو مەبەستەش لە ناو پلان و بەرنامەی وەبەرهێنانیش ٥هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیەو لەلایەن کەرتی تایبەتیش لەمبارەوە کارو پرۆژەی خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون بەردەوامەو پێشینەی خانووبەرەش دەدرێت بە هەموو ئەوانە تا ڕادەیەکی باش دەتوانرێت ئەزمەی نیشتەجێبوون کەم یا چارەسەر بکات، بەڵام ئەمڕۆکە هەرێمی کوردستان لە گەشەساندن و بەرفراوانیەکی زۆردایەو لە هەموو لایەکەوە خەڵك بە تایبەتی لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق ڕوویان لە کوردستان کردووە و بەپێی ئەو زانیاریەی لە وەزارەتی پلاندانان هەیە ئێستاکە ١٠هەزار خێزانی دەرەوەی هەرێم لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەژین کە ئەمانەش لە چەندین بوار بەتایبەتی لەبوارە خزمەتگوزارییەکان باری قورسن لەسەر هەرێمدا.

سەبارەت بەوەی گفتوگۆیەکان تا ئێستاکە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا چۆن بەڕێوەدەچێت بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابوری وتی: گفتوگۆیەکان زۆر باش و جیدی بەڕێوەدەچن و هەنگاو و قۆناغی باش لە کارەکانی بڕیوە و دەرئەنجامی باش و پۆزەتیفی هەیە، لەو کاتەشدا کە لیستی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان دەستیان بەهەراو هۆریاکرد کە هێشتا وەزیری دارایی و ئابوری و حکومەت ڕاپۆرتی خۆی لە جانتاکەی دەرنەهێنابوو کە نەیان دەزانی چی هەیەو چی دەگوترێت، واتە ئۆپۆزسیۆن پێشوەختە بڕیاری خۆیان لەسەر بودجەکە دابوو.








## دۆزی كورد لە سووریاو
## دوا ئاستەنگەكانی بەردەم گۆڕانكاری

# سیمیناری گوڵان بە هاوكاری
# بەشی فەلسەفەی كۆلێژی ئەدەبیات
# زانكۆی سەلاحەدین




گۆڤاری گوڵان بەهاوکاری
گوڵان
بە ناونیشانی (

وەك بەدواداچوونێك بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی سوریا و لەبەرچاو گرتنی ڕەهەندە نەتەوەییەکانی کورد لەو وڵاتە و ئەو تەحدییانەی لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوە دێتە ئاراوە، گۆڤاری گوڵان بە هاوکاری بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، لە ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٨ سیمینارێکی بەناونیشانی (دۆزی کورد لە سوریا و دوا ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕانکارییەکان) لە هۆڵی هۆتێل شاهین بۆ کۆمەڵێك سیاسەتمەدارو بیرمەندو ڕۆشنبیری کورد سازو ئامادە کرد، ئەو بەڕێزانە بریتی بوون کێشە میحوەرییەی سووریاو دۆزی کورد لەو وڵاتەدا کرد، کە چارەنووسی بەشێکی نەتەوەی کورد لە خۆرئاوای کوردستانی پێوە گرێدراوە، چونکە کورد لە سووریا گەلێکە لەسەرخاکی مێژوویی خۆیەتی ولکێنراوە بە وڵاتی سووریاوە و کێشەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، دەسپێکی سیمینار لە لایەن فەرهاد محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان سیمینارەکەی کردەوە و بەخێرهاتنی میوانانی سیمینارەکەی کرد، پاشان داوای لە بەڕێز ڕێبوار سیوەیلی سەرۆکی بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کرد، وتاری کردنەوەی سیمینار پێشکەش بکات.




## د. کاوە مەحمود بۆ گوڵان:

# ئەو وڵاتانەی گۆڕانکاری تێیاندا ڕوویاندا بە ڕێڕەوی پەرەسەندووی مێژوویی خۆیان تێنەپەڕیون، سەرکردەکانیان لە ڕێگەی ئینقیلاباتی سەربازی فەرمانڕەوایەتییان گرتۆتە دەست

لە (د.کاوە مەحمود، عەدنان موفتی، فەلەکەدین کاکەیی، د.سەربەست نەبی، هێمن هەورامی، عەبدولڕەحمان سدیق، د. زیاد یوسف، نەوزاد جەمال)

لە دوای ئەمانیشەوە دەیان مامۆستای زانکۆو ڕۆشنبیرو میدیاکارو کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەسەر دوا گۆڕانکارییەکان کۆمێنت وبیروڕای خۆیان بە گفتوگۆکانیان ئاڵوگۆڕکردو قسەیان لە بارەی دوا گۆڕانکارییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەندوئەو دواتر لە لایەن ماجید نووری سکرتێری نووسینی گۆڤاری گوڵان کۆڕەکانی سەر لە بەیانی بەڕێوە بران و، جەخت لە بابەتی سەرەکی سیمینارەکە کرایەوە سەبارەت بەوەی لای کەس شاراوە نییەو نکوڵیش لەوە ناکرێت کە ماوەی ساڵ و نیوێکەو زیاترە بایەکی توندو بە هێز بۆ گۆڕانکاری ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەندو دەوروبەری گرتۆتەوەو بەردەوامیشە، وەزیفەی ڕۆشنبیری و ئەرکی ڕۆشنبیران نە تف کردنە بە ڕووی بادا، نە ملدان و ڕۆیشتنە بە چاوی نووقاوەوە بە ئاڕاستەی بایەکە، نەگەیشتنە بە شوێنە نادیارو زەمەنە مەجهولەکان، بەڵکو ئەرکی ڕۆشنبیران تیۆریزەکردنی فەلسەفیانەی سەرهەڵدانەکانەو ڕوانینی دوورمەودایە بۆ بەرئەنجامی گۆڕانکاری و تێگەیشتنە لە هۆکارو ئامانجی گۆڕانکاری.

**دوایەمین ئاکامی ڕژێمە کودەتاچییەکان**

یەکەمین بابەتی دانیشتنی سەرلەبەیانی سیمینارەکە لە لایەن بەڕێز (د. کاوە مەحمود) پێشکەشکرا کە تایبەت بوو بە بابەتێك سەبارەت بە ڕەوالەت و دەرنەکەوتنی ئاکامەکانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە مەودای دوورو نزیکدا ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاندووە و هۆکارەکانی گەڕاندەوە بۆ قەیرانی لە مێژینەو ئاڵۆزی پێشوەختی کودەتایی زیاد لە نیو سەدەی لەمەوبەر کە ئەو ڕژێمانەی هێنابووە سەرحوکم، کەوا ئێستا کەوتونەتە بەر شەپۆلی چالاکی مەدەنی جەماوەری و ناڕەزایی دەربڕینەوە، یان کەوتونەتە بەر هەڵمەتی سەربازی بۆ لادانیان تا ئاستی یارمەتیدانی خەڵکی ڕاپەڕیو بۆ گۆڕینکاری لە ڕێی فڕۆکەکانی ناتۆوە، وەك لە ڕووخانی ڕژێمی قەزافی ڕوویدا کە ئەویش هەر بەکودەتا هاتبووە سەر حوکم، لەم بارەیەوە (د. کاوە مەحمود) وتی:

(( هەموو ئەو وڵاتانەی گۆڕانکاری تێیاندا ڕوویاندا، لە ناوەندی سەدەی ڕابردوو بەرەو ژوور، سەرکردەکانیان لە ڕێگەی ئینقیلاباتی سەربازی فەرمانڕەوایەتییان گرتۆتە دەست، ئەو وڵاتانە بە ڕێڕەوی پەرەسەندووی مێژوویی خۆیان تێنەپەڕیون، ئینقیلاباتی ئەوکاتیش لە لایەن هێزە چەپەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەوکاتەوە ناوی (شۆڕش)یان لێ دەنران و پاڵپشتی دەکران، وەك شۆڕشی ١٩٥٢ی میسر یان شۆڕشی ١٤تەمووزی ١٩٥٨ عیراق، کە پاڵپشتی جەماوەریشیان هەبوو، پاشتر کەوتنە چوارچێوەی گوتاری پۆپۆلیستییەوەو توانیشیان بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆیان سوود لە شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆك ببینن، بۆ نموونە جەمسەری یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا دژ بە خواستی گەلانی ناوچەکە پشتگیری تەواویان لە مانەوەی ئەم سەرکردە کودەتاچیانە




## عەدنان موفتی بۆ گوڵان:

# ئەنجومەنی نیشتمانی سووریاو ئۆپۆزسیۆنیش بە گشتی بوونی خاک و گەلی کورد لە سووریا ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش دووبارە بوونەوەی مێژووی نەهامەتیەکانی گەلی کوردە لە سووریا

دەکرد، لە دوای ساڵانی نەوەدەکانیشەوە هەر ئەم ڕژێمانە لەگەڵ تاك جەمسەری خۆیان دەگونجان و لە پێناوی مانەوەی خۆیاندا قەناعەتیان بە خۆرئاواو ئەمەریکا کردبوو کە دەتوانن دەوڵەتی مەدەنییانە بەسەر بەرەی تیرۆردا سەربخەن، بەڵام دوا بەدوای ساڵانی دووهەزار کە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی بوون و حوکمی ڕەشیدو گەشەسەندنی ئابووری و مرۆیی لە فیکری لیبراڵی جیهانیدا تاوی سەند، ئەمە وای کرد کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی سیاسەتەکانی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بگۆڕێت، چونکە حوکمڕانانی ناوچەکە توانای نەهێشتنی تیرۆریان نەبوو، هاوکات خۆیان پێ نەدەگونجا لەگەڵ چەمکە نوێیەکانی فیکری هاوچەرخی تاك جەمسەری جیهانی، ئەوەی شەپۆلی گۆڕانکارییەکانی خێراتر کرد، شۆڕشی زانیارییەکان و گەیاندنی خێرا بوو کە وەك ئامرازێك بەکارهاتن، ئەگینا نە شۆڕشی فەیس بووك بوو نە لە بێزاریدا خۆسووتاندنی کابرایەك بەرانبەر ئەو وەزعە بوو، بۆ نموونە شەڕی جیهانی یەکەم بەهۆی کوژرانی جێنشینی پاشای نەمساوە نەبووە، بەڵکو هۆکارەکەی کۆتایی پێ هاتنی ڕۆڵی ئیمپراتۆریەتەکان و سەرلە نوێ دابەشکردنەوەی جیهان بوو، ئەمەی ئێستاش جگە لە هۆکارە ناوخۆییەکان و ڕۆڵ و تایبەتمەندی ئەو هێزانەی بەشدارن لە گۆڕانکاریدا کە وەك یەك و یەك ئاست نین و نازانرێت چۆن ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێڕەوی سروشتیانەی خۆی، چۆنیەتی هاوپەیمانی وڵاتانی زلهێزیش ڕەنگدانەوەی هەیە لە ئاراستەکردنی شێوازی گۆڕینەکاندا، بۆیە ئەوەی لە تونس ڕوویدا جیاواز بوو لەوەی میسر، هەروا ئەوەی یەمەن جیاوازە لەوەی بەحرەین، لە لیبیا گەیشتە ئاستی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی، لە وڵاتی سووریا هێشتا کە لە کەناری شێوازی دوو جەمسەری ماوەتەوە، ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانی وەرگرتووە، نیگەرانی زۆریش هەیە کە ئەم گۆڕینانە تەنیا گۆڕینی دیکتاتۆرێك بن بە یەکێکی تر، یان گۆڕینی ستەمی سەربازی و قەومی بن بە ستەمی ئاینزایی و هەژموونی حزبە ئیسلامیەکان لە ڕێی ستەمی دەوڵەتی ئایینیەوە، بەوەی خۆیان فەرزبکەن بەسەر هەموو هێزە دیموکراتخوازەکانی ناوچەکەدا))

### ئاستەنگی بەردەم دۆزی کورد لەم گۆڕانکارییانەدا

نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا لەسەر خاکی خۆی پشتی بە ڕەوایەتی دۆزە ڕەواکەی بەستووە، لە سووریاش کۆی خواستەکانی بە ئومێدی بونیادنانی دەوڵەتێکی سووری دیموکراتی فرەیی مەدەنییە، ئەوەش لەسەر بنەمای شەراکەتی عەرەبی ـ کوردی، بۆ ئەو خواستانە بەڕێز(عەدنان موفتی) لە بابەتەکەیدا ئەو ئاستەنگانەی دەستنیشان کرد کە ڕووبەڕووی گەلی کوردی ئەو بەشەی کوردستان دەبنەوەو هەندێکیان مێژوویین و هەندێکیشیان پێوەندارن بە جوگرافیای سیاسی و هەشیانە پێوەندی بە ڕەگەزپەرستێتی ئەو ڕژێمانەوە بووە کە یەك لە دوای یەك حوکمی سورییان کردووە، تەنانەت تا ئێستاش کەسایەتییەکی وەك بورهان غەلیون بە ڕاشکاوانە دۆزی گەلی کوردی ڕەت دەکردەوەو دەیوت ئەگەر بلێین کوردستان دەبێت بشلێین لازیقستان، سەرەتا بەڕێز عەدنان موفتی خوێندنەوەیەکی مێژووی و جڤاکی بۆ کوردی سوریا کردو وتی:

(( هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە سەردەمی میتانی و پارسییەکان و بەر لەوانیش لە نووسینە هیرۆگلۆفیەکاندا ئاماژە دراوە بە بوونی کورد لە حەلەب و دیمەشق و درعا و حومسی ئێستا، دواتر کوردانێکی زۆر بە هۆی خەباتی ئەیوبیەکانەوە لەو ناوچانە نیشتەجێ بوون و تەنانەت لە میسریش، تا زەمەن گەیشتووە بە مێژووی تازەو کەسایەتیە ناودارەکانی کورد لە خزمەتی ئەو شارستانیەتەی شام بەشداریی کارایان هەبووە، چەندین سەرۆك کۆمارو پۆستی بەرزی وڵاتیان گرتۆتە دەست بە نموونەش حوسنی زەعیم و موحسین بەرازی و عابید یوسفی و تاد، هەروەها کەسایەتی کوردی ناسراو بەشدار بوونە لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی سووریا بە نموونە حەمەد کوردعەلی یان غوتی..تاد بەڵام کاتێك خانەوادەی بەدرخانیەکان داوای مافەکانی کوردی ئەو بەشەیان کردووە، حکومەتەکانی سووریی گوێیان لە ئاست داوا ڕەواکانیان داخستووە))

ئینجا بەڕێزیان هاتە سەر ڕۆڵی



## فەلەکەدین کاکەیی بۆ گوڵان:

# ئەمریکا لە هەوڵدایە تا کوردی سووریا بچنە ناو ئەنجومەنی نیشتمانییەوە، ئەمە بۆنی توانەوەی لێ دێت، پێویستە کورد مەرجی خۆیان هەبێت و وەک هاوپەیمانێک تەنسیق بکەن

جیۆگرافیایی سیاسی کوردستانی سووریاو چۆنیەتی گۆڕینی بیۆگرافی کە بە هۆی تەعریبەوە بەسەریدا هێنراوە، هەروەها وتی:

(( زیاتر لە ٤٠٠ گوندی کورد بە هۆی دروست کردنی پشتێنەی عارەبی لە شوێنی خۆیان ڕاگوێزراون، زمانی عارەبیان زاڵکردووە لە ناو فەرهەنگ و بەسەر زمانانی تردا تا ئەو وڵاتە ناو بنێن دڵی عارەبانی بزواو، نەیاندەهێشت کورد بە زمانی خۆی بدوێت، خالید بەگداش سکرتێری حزبی شیوعی سووریا بووە وەك کەسایەتییەکی کورد هەرگیز بە کوردی قسەی نەکردووە، لە مێژووی حزبی شیوعی سووریاشدا هەڵویستێك نابینیتەوە بەرگری لە دۆزی ڕەوای کوردو مافەکانی کردبێت، لە کاتێکدا سەلام و عادل لە کۆنفراسەکەی ١٩٥٦ وتویانە چۆن عارەب خەبات بۆ یەك نەتەوەیی خۆیان دەکەن کوردیش مافی خۆیەتی خەبات بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی خۆیان بکەن، ئەمەش دیکۆمێنتەو بۆ مێژوو ماوەتەوە، ئەگەرچی حافز ئەسەد پشتگیری لە پارتە سیاسیە کوردییەکانی عیراق دەکرد بەڵام لە ئاست کوردی سووریادا چاوی نەیدەبینی، ئێستا ئەنجومەنی نیشتمانی سووریاو ئۆپۆزسیۆنیش بوونی خاك و گەلی کورد لە سووریا ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش دووبارە بوونەوەی مێژووە بۆیە پێویستە گەلی کورد لەوێ بۆ دابین کردن و سەندنی مافە مێژووییەکانی خۆیان بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت..))

دکتۆر( زیاد یوسف) لە بابەتەکەیدا هاوشێوە شرۆڤەی بۆ لایەنی جیۆگرافیانەو دابەشبوونەکانی کوردی سووریا کرد بە ڕووە زانستیەکەی کە چۆن پێکهاتەی کشتیاری و پیشەسازی و ڕەوەندایەتی جیایان دەکاتەوە، لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوەش هەرێمی کوردستانی سووریا بە پاڵ سنووری هەرێمی کوردستانی عیراقەوەیە و دەروانێتیشە سەر دەریای ناوەڕاست و سامانێکی سرووشتی و کانزایی و ڕووەکی و داهاتی زۆری ئاژەڵداری هەیە

لە بارەی نیشتمانی بوونی دۆزی ڕەوای کوردەوە بەڕێز (فەلەکەدین کاکەیی) لە پێشکەشکردنی بابەتەکەی خۆیدا باسی لەو پەنجا ساڵەی دوایی حوکمی پۆلیسی و سەربازییانەی حکومەتەکانی سووریای دژ بە گەلی کورد کرد و وتی:

(( تا ئێستاش ئۆپۆزسیۆنێکی کوردی ئەکتیف پەیدا نەبووە، سەرەوەختایەك ئیخوان موسلمین کە ڕاپەڕین بە خراپترین شێوە سەرکوتکران، کەچی تا ئێستاش باس لەمەسەلەی کورد ناکەن، پارتەکانی تری ئۆپۆزسیۆنیش هاوشێوەی ڕژێمی ئێستان جگە لەوەی خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو سووریا داناوە، هیچ هەڵوێستێکی مژدەبەخشیان بۆ کورد پێ نییە، لە کاتێکدا لەو وڵاتەدا بە سەدان هەزار کورد تەنانەت لە مافی پێدانی ڕەگەزنامەی وڵاتەکە بێبەشکراون، جگە لە چەند کەسایەتییەك نەبێت کە پشتگیری لە دۆزی ڕەوای کورد دەکەن کە دەڵێن چارەسەرە بۆ پێشەوەچوونی باری وڵات و دۆزی کورد دۆزێکی نیشتمانییە بە نموونەی ئەوانەش جەمال ئەتاسی، ئیتر زۆربەی زۆری کەسایەتییە عەرەبیەکانی سەربەدەسەڵات پۆلیسی بوون، ئێستاش ئەم ئەنجومەنە نیشتمانیەی سووریا روئیای شەفاف و ڕوونیان لە بەرانبەر کورد نییەو هەر شکڵگیری کودەتا سەربازییەکانی جارانن، هەیانە پێی باشە لە ناو خودی خانەوادەکەی بەشارەوە کەسایەتییەك پەیدا بێت و بە کودەتا بەشار لابدات، بەگشتی کورد لە سووریا وێڕای ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەری هێنراوە یەك دەنگ نین و دابەش بوون، ئامانجیشیان یەك نییە، لە کاتێکدا سنوورێکی بڵاو و فراوانیان هەیە کە بە لای ئەمریکیەکان جێی بایەخە هەر بۆیە داواکار بوون لە ئۆپۆزسیۆن کە ئیعتیرافی زیمنی بە دۆزی کورد بکرێت، ناوی کورد وەك نەتەوە لە دەستووردا بهێنرێت و مافەکانیشی لە نەتەوەی عارەب کەمتر نەبێت، لە بەرانبەردا هەر ئەمریکا لە هەوڵدایە تا کوردی سووریا بچنە ناو ئەنجومەنی نیشتمانییەوە، ئەمە بۆنی توانەوەی لێ دێت، پێویستە مەرجی خۆیان هەبێت وەك هاوپەیمانێك تەنسیق بکەن، ئەوەی لە سەر زەمین دیارە بە گشتی زۆربەی بزووتنەوەی کورد وایان داناوە ئاشتیخوازانە شۆڕش بکرێت، بەڵام تازە کار لە کار ترازاوەو خەڵکی سووریا پڕ چەك کراون و بووەتە شەڕێکی ئەهلی..))

### بلۆکبەندی نوێ و ئاسایشی نەتەوەیی کوردی

کاتێك بە قووڵی تەماشای مۆدێلی ئەم گۆڕانکاریانە بکەین، وا دەردەکەوێت دەرهاویشتەی دۆخێکی تازەی سیستمێکی جیهانی بن بۆ مانۆڕکردن و دروست بوونی هاوپەیمانی نوێ و دانانی پێودانگی تر لە لایەن جەمسەرەکانی دنیاوە، لەم ڕووەوە بەڕێز (هێمن هەورامی) لە بابەتەکەیدا کە تایبەت بوو بە لێدوان لەسەر گۆڕانکاری لە سووریاو ئاستەنگی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، پشتی بە هەردوو تەکنیکی شرۆڤەیی دیمەنی سیاسی و شرۆڤەی پرۆسەو دینامیکیەتی گۆڕانکاری بەستبوو، هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی جەمسەرگیری و بلۆکبەندی نوێ لە ناوچەکەدا، وتی:

(( ئەگەری ڕووادنی کۆمەڵێك پێشهاتی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە چونکە ناوچەکە دابەشبووە بەسەر بلۆکی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی وەك تورکیاو فەتح و ..تاد، هەروەها بلۆکی ئێران و سووریاو حەماس و بەشێکی تر لە هاوپەیمانە کلاسیکیەکانی ناوچەکە، گۆڕینکارییەك بەسەر شێوازی هاوپەیمانی هەردوو بلۆکدا هاتووە، هێزە گەورەکان هێندەی بە تێگەیشتن بە گۆڕانکارییەکەوە سەرقاڵن، هێندە سەرقاڵ نین بە بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بلۆکبەندییەکە، تورکیاو ئێران کە کەوتونەتە دژبەری یەکترەوە، پێش گۆڕانکارییەکان لەسەرەوە هەماهەنگ بوون و لە ژێرەوە ململانێیان دەکرد، کەچی ئێستا لە سەرەوە لە ململانێدان و لە ژێرەوە شەڕی یەکتر دەکەن، ئەمە لێکەوتەی بەسەر مەلەفی سووریاشەوە هەیە، دوو گەمەکاری بنەڕەتی تازە کە هاتونەتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانی ژینگەی ستراتیژی و مەنزوومەی هەرێمایەتی بلۆکبەندییەکانەوە، یەکەمیان سەرهەڵدانی ئیخوان موسلمینە و دووەمیان هەرێمی کوردستانی عیراقە، سیماکانی گۆڕانکاری ناسەقامگیرن ولە سیاقی جیاوازدا بە دەرکەوتون و کۆمەڵێك پارادۆکس لەم دۆخە تازەیەدا خۆیان نمایش دەکەن، لەوانە:

١ــ ئێران و ئیسرائیل کە دوو لایەنی ململانێکاری بنەڕەتین لە بەرانبەر یەکتر کەچی هەردووکیان هاوکوفن لەسەر مانەوەی بەشار ئەسەدو ڕژێمەکەی، چونکە ئەو ڕژێمە بە باشی خزمەت بە ستراتیژی هەردوولا دەکات

٢ــ تورکیاو هەرێمی کوردستان پێوەندییەکانیان لە قۆناغێکدایە کە تورکیا خوازیارە هاوپەیمانێتی خۆی توندوتۆڵتر بکات، بە تایبەتیش بۆ مامەڵەکردنی هەرێم لەسەر مەلەفی سووریا، پارادۆکسەکەش لەوێدایە، ناشیەوێت هەرێمێکی تری وەك ئەمەی ئێستا بۆ کوردی سوریا پێك بێت..

٣ـ توندتر بوونەوەی ململانێی مێژوویی شیعەو سوننە



هێمن هەورامی بۆ گوڵان:

**ئەگەر ئیخوانەکان باڵادەست بن ئەوا ئازادی کورد لە سوریا دەکەوێتەوە بەر هەڕەشەوە، سامناکترین ئاستەنگیش دابەشبوونی خیتابی کوردییە و بوونێتی بە بەشێک لەو ئەجیندایەی ململانێی بلۆکبەندی ناوچەکەی تێکەوتووە**

٤ـ ناجێگیری براوەو دۆڕاوە لە ناوچەکەدا بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێکانیش چەندین پرۆژە لە لایەن چەندین جەمسەرەوە داڕێژراونەتەوە کە کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکان هەیە، لەوانە پرۆژەکانی ئەمەریکا/ ئێران/ ئیسرائیل/ سعودیە/ ئیخوانەکان/ زەواهیری و سەلەفیەکان/ نەتەوە بێدەوڵەتەکان/ کەمینەکان/ پرۆژەی وزە..

زۆربەی ئەم پرۆژانە لە ڕووداوەکانی سووریادا بوونیان هەیە بە حوکمی ئەوەی سووریا وڵاتێکی میحوەرییەو خاڵی هاوبەشی جیۆستراتیژی خۆرهەڵاتی ناوەندە، ئەم پرۆژانە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ڕووداوەکانی میسرو تونس و لیبیا ئەو ڕۆڵەیان نەبووە))

### ئایین و ڕۆڵی کاریگەربوون پێی لە گۆڕانکاریەکاندا

سەبارەت بە گرنگی و ڕۆڵی ئایین لەو نارەزایەتیانەی ئەم دواییە مامۆستا (عەبدولرەحمان سدیق) لە پێشکەشکردنی بابەتەکەی خۆیدا بەم شێوەیە ڕوونکردنەوەی دا کە ئەمە پوختەیەتی:

((چەندە خەڵك خۆیان لە شەکرو خوێ بەدوور بخەنەوە بەڵام هەردوو توخمەکە بڕێکی لە خۆراکەکانیاندایەو دەیخۆن، ئاینیش وایە خۆلێدانی زەحمەتیش بێت بەڵام ڕەهەندەکانی دێنەوە ناو ژیانی مرۆڤ، خودی ئەمەریکاو خۆرئاوا تاڵترین ئەزموونیان لە بارەی خراپ بەکارهێنانی ئایینەوە هەیە، لە سەدەی پێنجی زایین تا سەدەی پازدە واتە دە سەدەی بێدابڕان، هەزار ساڵێك کڵێساو دەوڵەتی تیۆکراسی کاریگەری هەبوو، تا دەسکاری



د. سەربەست نەبی بۆ گوڵان:

# کورد لە عیراق ئەگەر چارەگی دانیشتووانیش پێکبهێنن بە هۆی ئیرادەی مێژوویی جۆرایەتی گشتییەوە بێ ڕەچاوکردنی چەندایەتی هاوکوفی زۆرینەی عارەبن، بۆیە هەڵەیە بشڵێین کورد نەتەوەی دووەمن لە سووریا

سێگۆشـــەیەك بكات بۆ هێڵێكی ڕاســـت، حاكم دەبووت مـــن ناوەندم و فەرمانەكانی خواتـــان پـــێ ڕادەگەیەنم، هـــەر پیاوانی ئایینی خوایان لەو سێ گۆشەیە لاداو، بووە ڕاســـتەهێڵی حاكم و خەڵك، تا گەیشتنە سەدەی ڕێنیسانس و چربوونەوەی چەمكی دەوڵەت، بەڵام لە نێوان ئەو دووانەشدا ئایین هەر كاریگەری هەبووە))

ئینجـــا لە درێژەی بابەتەكەیدا كێشـــەی كـــوردی لە ناو ململانێـــكان ئاماژە پێداو وتی:

((ناكرێت وەك كێشەی پێكهاتەیەكی سێ ملیۆنـــی بچووك لە ســـووریادا تەماشـــا بكرێت، بەڵكو وەك گەلی عەرەب ئەمیش خســـتەڕوو كە ئەو وڵاتە بـــەرەو ئەگەری كارەســـاتی زیاترو شەڕی ناوخۆیی بچێت و ڕەنگیشە پەرەبسێنێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگێكـــی بەرفراوان بە نـــاوی ئاینزایی مەزهەبەكانـــی ســـوننی ـ شـــیعی، كە تەواوی ناوچەكە بگرێتەوە، بۆیە پێویســـتە ئۆپۆزسیۆنی كوردی لەو وڵاتەدا گوتاری خۆیان یەك بخەن، لەو پەرت پەرت بوونەی ئێســـتایان ڕزگاربن و لە ژێـــر چەترێكدا كۆببنەوە وەك چۆن لە باشووری كوردستان تێكڕای پارت و هێزە سیاســـیەكان لە ژێر چەتری بەرەی كوردستانی ئیدیۆلۆژیایان لەوە دوور خســـتەوە ببێتە ســـایكۆلۆژیا، كوردی ئەو پارچەیەی كوردســـتانیش تا پێكهاتەیەكی سەرەكییە لە وڵاتی سووریادا، نەك وەك ئەوەی ئەنجومەنی نیشـــتیمانی سووریا بەو جۆرە وێنای كێشەی نەتەوەیی كـــورد دەكات كـــە وەك ئەوەی كێشـــەی تایبەت بێت بـــە كەمایەتییەكی نەتەوەیی وەك توركمـــان و ئاشـــووری و ئەرمەنی و چەركەسی)).

بەرپێزیشـــیان ئامـــاژەی دا بـــەوەی كە پێشبینی هەموو ســـیناریۆو ئەگەرەكان لە سووریا دەكەن و هەندێك ئاماژەی بە هێزی لە هاوكێشـــەی داهاتووی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی سووریادا سەنگ و پێگەی خۆیان جێگیر بكەن، بەو شـــێوەیە دەكرێت كوردی ســـووریا ڕۆڵێكی ئەكتیڤانەیان هەبێت لە هاوكێشەكانی گۆڕانكاری و گواستنەوەی دیموكراسی لەو وڵاتەدا..))

هەر مامۆســـتا عەبدولڕەحمان سدیق لەو وتارە زانســـتانە ڕێك و پێكەیدا ئاماژەی بەو ڕاســـتییە مێژوویـــی و دیموگرافی و جیۆگرافیانـــە دایـــەوە، كـــە كورد چ ڕۆڵێكی كاریگەری لەو وڵاتەدا هەیەو لە پاش ڕێكەوتننامەی ســـایكس پیكۆوە بە زۆردارەكی و بە ناڕەوایی بەشێكی خاكی كورد و نەتەوەكـــەی خزێنراوەتە ناو وڵاتی سووریاوە بە تایبەتیش لە دوای دەرچوونی چواردە خاڵەكەی ویلســـنەوە، كە هەر ئەو كاتیش لە دیباجەكاندا بە ڕاشكاوی ئاماژە بە چارەسەری كێشەی كورد درابوو بە پێی بنەماكانی مافی چارەنووسین بۆ گەلان

## چۆنیەتی مامەڵەكردنی كورد لەگەڵ پاشماوەی شۆفینیەت

هـــەر هەڵوێســـتێك دژ بـــە دۆزی ڕەوای كـــورد بوونـــی هەبێت لە هـــەر لایەنێكی ئۆپۆزســـیۆنەوە بێـــت، دیـــارە بریتیە لە پاشـــماوەی ڕەگـــی شـــۆفینیەت كە ئەم هەموو نەهامەتی خوێنرشـــتنەی ئێســـتا ئاكامێتی، بۆیە دكتۆر (سەربەست نەبی) لە بابەتەكەیدا كە پێشكەشی كرد پێی وایە كـــە قەیرانەكە بە تەنیـــا تەنگژەی كودەتا یان گۆڕینـــی ڕژێمەكان نییـــە هێندەی تەنگـــژەی تازەكردنـــەوەی دەســـەڵات و دەوڵەتی سیاسییە، بۆیە ئەگەر شەرعیەتی گۆڕان باڵ بكێشـــێت تەنیـــا بۆ گۆڕینی ســـەرانی دەســـەڵات و مانـــەوەی هەموو سیماكانی ستەم و پاشماوەی شۆفینیەت، ئەوا نە یەكســـانی بۆ هەمـــووان وەك یەك وەدیدێت و نە ئازادی بۆ تاكەكان فەراهەم دەبێت، كوردیش ناتوانێت ئامانجە سیاسی و مێژوویەكانی و مافە ڕەواكانی وەدەست بهێنێت لەو بارەیەوە، وتی:

((كۆمەڵێـــك گەنـــج لـــە نـــاو گشـــت پێكهاتەكانەوە بە شۆڕشەكە هەستان، دواتر لە ڕووی ماددی و سیاسی و ڕاگەیاندنەوە شۆڕش قەرسەنە كرا، ئێستا سەد دەر سەد ناتوانین ناوی شۆڕشی لێ بنێین، نەبوونی گووتارێكی ئەلتەرناتیڤ و پرۆژەی سیاسی و دەستەبژێری پێشـــەنگی جەماوەری بۆ حوكمڕانی كردن لە بری ڕژێمەكەی بەشار هاندەری ســـەرەكی بوون بۆ درێژكردنەوەی وادەی زەمەنـــی شۆڕشـــەكەو كەوتنەوەی هەزاران شەهیدو بریندار، ئێستاش زەحمەتە بۆ كورد ڕێگەكانی چۆنیەتی مامەڵكردن بدۆزێتـــەوە لەگەڵ ڕژێمێكـــی نەتەوەیی عارەبی شـــۆڤینی كە لە ناسرییەكانەوە تا ئێســـتا درێژەی كێشـــاوە، دڵنیاش بن بەم حاڵەیەوە ڕژێمی داهاتوو لە سووریا ناتوانێت

چارەسەری ڕیشەیی ئەو میراتە شۆفینیە بکات، چەوسانەوەی کورد لەو وڵاتە ڕەگی هەیەو بەهۆی شۆفینیەتەوە بەر لە هاتنی بەشارو باوکیشیەتی، بەردەوامیشە مادامەکێ ئامانجی سەرەکی لە شۆڕش تەنیا ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشارە..

ئۆپۆزسیۆن لە سووریا ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونە زۆرەی ناو کۆمەڵگەیە، ئەگەر زۆرینەی تایەفەگەری عارەبی کە شیعەن لە عێراق داوای دیموکراتی بکەن نەك سیکۆلاری، ئەوا کەمینەی تایەفیی سوونە داوای سیکۆلاری دەکەن نەك دیموکراتی، لە سووریا پێچەوانە بۆتەوە زۆرینەی عارەبی سوونە داوای دیموکراتی دەکەن نەك سیکۆلاری لە کاتێکدا کەمینەی تایەفی عەلەوی و ئیسماعیلی داوای سیکۆلاری دەکەن نەك دیموکراتی، تەنگژەیەکی مەسلەبیە تۆ قسە لەسەر دەوڵەتی هاوچەرخ بکەیت بێ قسەکردن لەسەر هەردوو چەمکەکە بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیش ؛ لە فکری هاوچەرخدا سیکۆلاری لە چەمکی دەوڵەت جیاناکرێتەوە، هەندێك سیاسەتمەداری کورد کە تەقلیدیانە لە دیموکراتیەت تێگەیشتون بەسەر مێزی گفتوگۆوە ڕازین بە دەوڵەتی زۆرینەی دیموکراتی، کاتێك عەرەب پێت دەڵێت دیموکراتی زۆرینە، تۆ وەك کوردێك بڵێ ئایا پێتان قبوڵە بەو مەبدئی دیموکراتیەتی زۆرینەیە لە فەڵەستین دەوڵەتێکی جوولەکە دروست بکرێت وەك نەتانیاهۆ بەو مەبدئە قسەی لەگەڵ دەکردن و هەموو حاکمدارانی عارەب وەختە بوو قیامەت لە دژی بەرپا بکەن!!

لە حاڵی ئێستای سووریادا ئەمهاوسەنگیەتەی دیموکراتی سیکۆلاری نایەتە دی چونکە هەر لە سەرەتاوە ڕژێمی بەشار توانیویەتی ئۆپۆزسیۆن بخاتە ناو ئەو تەڵەیەی کە بۆی نابوونەوە، ئەویش بەسەربازی کردنی شۆڕش بوو، ئیخوانەکانیش هەر بە ڕوانینی شۆفێنی لە مانگی سێیەمی هەڵگیرسانی ناڕەزاییەکانەوە پێوەندیان بە شۆڕشەوە کرد چونکە نەیاندەتوانی بە هۆی سندوقەکانی دەنگدان حوکم لە سوریا بکەن، لە هەموو مێژووشدا ڕووی نەداوە شۆڕشێکی چەکداری سیستمێکی دیموکراتی لێ بکەوتبێتەوە، ئەگەر هەیە مەمنوونتانم نموونەیەکم بدەنێ، موخابەراتی ڕژێم زیرەکانە توانی کوردیش پەلکێشی دووبەرەکێ بکات، سیاسەتی دەرەوەی ڕژێم توانی خۆی بهاوێتە ناو ئەجندای نێو دەوڵەتی تا کێشەکەی بکاتە کێشەیەکی ستراتیژی نێو دەوڵەتی و ڕووسیا و چین بۆی بوونە دوو باڵی فریادڕەس، بەم شێوەیە کۆمەڵگەی سووریایان لە تونێلێکی تاریکدا بەرداوەتە گیانی یەکتر، لە نێوان تەکیەی ئەردۆگانی و ئیسلامی میانڕەوی گردگی دڵانی ئەمەریکی و سەلەفیەت و جیهادیەتی ئیسلامیدا واقیعی بوونی دۆزی کورد وەلانراوە، هێزە سیاسیەکانی کوردیش تووشی واهیمە بوون ئەگەر وا بزانن تۆزقاڵێك داخوازییان لەمانەوە بۆ جێبەجێ بکرێن، لە دوا ڕاگەیاندنیدا شەفقەی سەرۆکی ئیخوانەکان خێر بە کورد دەکات و دەڵێت مافی قسەکردن بە زمانی کوردی بە کورد دەبەخشین، کەسێکی وەك شێخ عەرعود سێ کەناڵی ئاسمانی لەلایەن وڵاتانی کەنداو بۆ دانراوە ڕێ نادات کوردێك بە کوردی لە بەرنامەیەکی کەناڵەکانیدا بدوێت، کوردی سووریاش کەناڵێکی ئاسمانی نییە ئاراستەی خیتابی نەتەوەیی خۆی پێ بکات، لەم ڕووەوە گلەیی لە هەرێمی کوردستان دەکەین کە نەیتوانیوە هاوکاری دانانی کەناڵێك بکات، لە زانستی سۆسیۆلۆژیا ئیرادەی زۆرینەو ئیرادەی گشتی هەیە، ئیرادە زۆرینەکە چەندایەتیە و سیاقی هەڵبژاردنەکان ڕێك دەخات، قەتەر دەوڵەتێکی بچکۆلەیە بە هۆی ئیرادەی نەوعی گشتییەوە هاوکوفە بە ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کورد لە عێراق ئەگەر چارەگی دانیشتووانیش پێکبهێنن بە هۆی ئیرادەی مێژوویی جۆرایەتی گشتییەوە بێ ڕەچاوکردنی چەندایەتی هاوکوفی زۆرینەی عارەبن، بۆیە هەڵەیە بڵێین کورد نەتەوەی دووەمن لە سووریا، هەر گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ شەراکەت بە پێی ئیرادەی گشتی نەبێت واتە شۆڤینیەت بە زیندوێتی لە سووریا دەمێنێتەوە..))

بەڵام بە پێچەوانەی ڕای دکتۆر سەربەستەوە بۆچوونی بەڕێز عەدنان موفتی وا بوو کە کورد بە هاوشانی ئۆپۆزسیۆن خەباتی خۆی بکات باشترە و چونکە نیوەی دانیشتووانی کورد لە ناوچە عەرەبیەکان نیشتەجێن ئەگەر ئێستا ڕۆڵیان لە گۆڕینی ڕژێم نەبێت چۆن دواتر داوای ڕۆڵ گێڕان بکەن. فیدراڵیەت لەم بەشەی کوردستانی خۆمان بەهۆی



د. زیاد یوسف بۆ گوڵان:

**لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە هەرێمی کوردستانی سووریا بە پاڵ سنووری هەرێمی کوردستانی عیراقەوەیەو دەڕوانێتە سەر دەریای ناوەڕاست و سامانێکی سرووشتی و کانزایی و ڕووەکی و داهاتی زۆری ئاژەڵداری هەیە..**





## نەوزاد جەمال بۆ گوڵان:

# گەلی کوردی سووریا لە بەهاری عارەبیدا چییان بەدەست دەکەوێت، داهاتوویان چییەو چۆن دەبێت، ئایا دەوێرین بڵێین ئەوەی لە سووریا دەگوزەرێت بەشێکی پێوەندی بە ڕزگاربوونی پارچەیەکی تری نیشتمانی کوردەوە هەیە

خەباتکردنی هێزە سیاسییەکانی کوردەوە هاتۆتە دی لە دژی ڕژێم و هاوکات پێوەندی دۆستانەیان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقیش هەبوو، بۆیە لە دانانی دەستووری تازەدا پشتگیری ئەوانیشیان بەدەست هێنا..

### تەمومژی وێنەکان

دواجار لە لایەن بەڕێز نەوزاد جەمال باسی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و تۆڕە فرە ڕەگەزەکانی کەناڵەکانی کرا کە وا دەکەن خەڵکی تەنیا وێنەکان ببینن بەڵام نەزانرێت ئەو خەڵکانەی ناو وێنەکان چۆن ژیان دەگوزەرێنن، واتە وردەکاری لە وێنە گشتییەکەدا بزردەبێت، وێنەی گشتی پێیان دەڵێت ستەمکارێك هەیەو خەڵكانێك بەرەو ڕووی دەبنەوە، لەو بارەیەوە وتی:

((شێوازی وێنەی لەو چەشنە لە میدیاکانی کوردیدا زۆرن، کەتەنیا وەسفکارن بۆ پرس و ڕووداوەکان، بۆیە هەمیشە ئەو پرسیارە دەوروژێت ئاخۆ تا چەند ئەو ڕەخنەو هەواڵانە مایەی پرسیارکردنن، مایەی هەڵوێست دروستکردنن، تا چەند بە ڕوونی و وردی بزانرێت چی لە سووریا دەگوزەرێت، کێشەی سەرەکی چییەو ئەم هەمووەی لە پای چی لەسەر دەکوژرێت، ئایا ئەمەش مۆدەکەی بەهاری عارەبییە، لە پشتەوەی ئەم مۆدەیەی گۆڕانکاری بزوێنەرو پاڵنەرو هاندەرەکان چین، باشە گەلی کوردی سووریا لەم بەهارەی عارەبیدا چییان بەدەست دەکەوێت، داهاتوویان چییەو چۆن دەبێت، ئایا دەوێرین بڵێین ئەوەی لە سووریا دەگوزەرێت بەشێکی پێوەندی بە ڕزگاربوونی پارچەیەکی تری نیشتمانی کوردەوە هەبێت، سەدان و هەزاران پرسیاری تر کە ناکرێنە وێنەو نە ڕۆشنبیران و نە ڕاگەیاندنەکانی باشوور وەڵامیان لا نییە ئایا لە نەزانییەوەیە یان نایانەوێت بیلێن و نایانەوێت بیبیستن و خەمی ئەوان نییە!!))

بەڕێزیان لە بابەتەکەیدا شرۆڤەی پرسیارەکان و وەڵامەکانی بۆ ئامادەبووانی سیمینار کرد..

### سیناریۆکانی سووریا

هەر لە بابەتەکەی بەڕێز(هێمن هەورامی) سێ سیناریۆ بۆ ئاکامی ئەم ڕووداوانەی سووریا، خرانە بەرباس و یەکەمیان نەمانی بەشارو ڕژێمەکەی بوو، دووەمیان مانەوەی هەردووکیان، سیناریۆی سێیەمیش بەردەوامی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا، ئینجا ئەگەرەکانی بەم شێوەیە باس کردن:

((یان ئەوەتا ئیخوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان جڵەگیر دەکات و فکرو ڕوانینی ئاینزایی بەسەردا زاڵ دەکات، یان لیبرالی و سیکۆلاریستەکان بە کوردو کەمینەکانەوە لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا باڵادەست دەبن



یان بە تەوافوقـــات بەرەیەك لە هەردوولا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پێك دەهێنرێت، لاوازترین سیناریۆش شکســـت پێهێنانی ڕاپەڕینەکەیە هاوشێوەی ئێران کە شکستی بە ڕاپەڕینەکان هێنا، ئەوەش بە پشتگیری کردنی بەشار لە لایەن ڕووســـیاو صین و ئێرانەوە، خۆ ئەگەر شـــەڕی ناوخۆیی بەردەوام بێت سووریا بەرەو دەوڵەتی فاشیل دەچێت، ناوەند کۆنترۆڵ لە دەســـت دەدات، وڵاتەکە بـــەش بەش دەبێت، شـــەڕی مەزهەبی تاو دەسێنێت، بنەماکانی شـــەڕی نەتەوەیی دێنە پێشـــەوە، ململانێی سیاســـی توندوتیژتـــر دەبێـــت و ئەمانەش زۆربەیان دەبنە فاکتەرو ئاسایشـــی هەرێمی کوردســـتان دەخەنە بەر هەڕەشـــەوە، چونکە ئاسایشی کوردی ســـووریا لە مەنزوومەی ئاسایشـــی نەتەوەیی کوردیدایە، بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەریان لەســـەر یەکتر هەیە، سەبارەت بە پاراســـتنی بەرژەوەندییەکان لە هەر هەڕەشـــەیەکی ناوخۆیـــی و دەرەکی، پێویســـتە دۆزی کورد ببێتـــە ژمارەیەکی قورس لە ناوچەکەدا، نامەرکەزی سیاســـی بۆ کوردی ســـووریا وەدیبێت، لە دەستووردا و بـــە پراکتیکیـــش ئـــەو مافە بچەســـپێت، ســـەقامگیری هەرێمی کوردستانی عیراق بچەســـپێت و لە لایەن هیچ بەرەیەکی بیانی و هێزێکی کوردی نەخرێتە بەر مەترســـی لە ناوچوونەوە، دیموکراتیـــەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەند پێشبکەوێت،هەموو ئاستەنگەکانیشی کە لەبەردەم ئەو بەرژەوەندییانە کۆدەبنەوە لەو بلۆکبەندییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەندایە پرسیار ئەوەیە چ هێزو ئەجندایەکی سلوکی سیاسی



## عەبدولڕەحمان سدیق بۆ گوڵان:

# پێویستە کورد لە سووریا گوتاری خۆیان یەک بخەن، لە ژێر چەترێکدا کۆببنەوە وەک چۆن لە باشووری کوردستان لە کاتی خۆیدا تێکڕای پارت و هێزە سیاسیەکان لە ژێر چەتری بەرەی کوردستانی ئیدیۆلۆژیایان لەوە دوور خستەوە ببێتە سایکۆلۆژیا

و هەرێمایەتـــی کاریگەرییان لەســـەر هەرێم دەبن، ئاســـتەنگی یەکەم ئەگەر ئیخوانەکان باڵادەســـت بن ئەوا ئازادی کورد لە ســـووریا دەکەوێتـــەوە بەر هەڕەشـــەوە، ســـامناکترین ئاستەنگیش دابەشبوونی خیتابی کوردییە و بوونێتی بە بەشێك لەو ئەجیندایەی ململانێی بلۆکبەندی ناوچەکەی تێکەوتووە، ئاستەنگی تر خۆدابڕینی پەکەکەو پەیەدەیە لە ستراتیژی نەتەوەیـــی بزاڤـــی ڕزگاریخوازانەی کوردو جێبەجێکردنی بەشـــێك لە سیاساتی ئێران و بەکارهێنانیان بۆ شکست پێهێنانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسیەکانی تری کورد لە ســـووریا، سیماکانی ئەو خۆدابڕینە ئاشـــکراو ڕوونە کە ئێستا کوردی سووریای پەلکێشی شـــەڕی ناوخۆیی کردووە، چ بە ناردنـــی مەفاریزی جوولاو بەرەو شـــارەکان چ بە کوشـــتنی کادرانی پارتە کوردیەکانی ســـووریا چ بە ئیهانەکردنی کەســـایەتییە ناســـراوەکانی کورد، کە پێویستە بە گشتی ڕۆشنبیری کوردی کاریان لەسەر بکات..))

# سیاسەتی پەنابەران و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی

**٢-١**

ڕێبوار سیوەیلی *

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**چیرۆکی خانمە دانیمارکیەکە:**

ماوەیەکە خانمە توێژەرێکی دانیمارکی میوانمانە. ئەو توێژەری بواری پێوەندیە نێودەوڵەتیەکانەو پرسی کورد لە نێوان تورکیا و هەرێم، جێگەی پرسیاریەتی. مرۆڤێکی چالاك و زیتە و کاتناس. ڕۆژێ لە سلێمانیەو ڕۆژێ لە دهۆك و لەپڕ دێتەوە بۆ هەولێر. ئەو ڕۆژە تەکسییەکی گرتبوو، وتبووی بمبە بۆ پیرزین. تەکسیەکە شارەزای پیرزین نەبووەو تەکسییەکی تری بۆ گرتبوو تا بیهێنێت. لە دهۆکەوە بەتەنیاو لە پێشەوە لەگەڵ شۆفێرێکی گەنج و شەرمن گەڕابۆوەو کاتژمێر دەونیو گەیشتەوە ماڵێ.

لە سلێمانی کۆمەڵە کەسێکی ناسیبوو، هەریەکەیان بردبوویان بۆ شوێنێك: خواردنی چینی و ئیتاڵیی و کوردەواری خواردبوو. لە دهۆك، بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان دەعوەتی ماسیی ڕووباریان کردبوو. یەك ڕۆژیش لە ماڵەوە لە جێدا کەوت، چونکە لە چێشتخانەیەکی ئوردونیدا لە عەینکاوە، فەلافلی خواردبوو کە بە ڕۆنی کۆن سوورکرابۆوە. زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی داوایان لێکردبوو دەرسگوتارێکیان دەربارەی کایەکەی خۆی بۆ ئامادە بکات. لەهەمان کاتیشدا ڕۆژێکیان لە چواری ئێوارەوە چوو بۆ ئەکواپارك لە سەر جادەی شۆڕش و کوڕێکی مەسیحی پارەکەی بۆ دابوو کە هاوڕێی خۆمانە.



بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستێت، لە باخەکەدا یۆگا دەکات، وەك هەر کوردێکیش نان و ماست نەبێت نایخوات. ئەم خانمە شۆخە، هیچ کاتێك وەڕس نەکراوە، لەبەر ئەوەی کچە و قژزەردە و لە ئێمە نییە و کوردی نازانێت. من بەردەوام لەوبارەیەوە قسانی لەگەڵ دەکەم و تا ئێستا یەك ڕستەی خراپی لەبارەی کوردستانیەکانەوە نەوتووە. بۆ من ئەمە جێی خۆشحاڵیە، نەك لەبەر ئەوەی کوردم، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەناو کۆمەڵەیەکی ئەتنی و ئایینی و کولتووری جیاوازدا دەژیم، کە پێدەچێت بتوانێ دوارۆژێکی ئاشتەوایی دروستبکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەزموونە ڕەتکەرەوەی ئەزموونی ناخۆشتر نییە بۆ بێگانەی تر، کە هاتوون و دێن و لە وڵاتەکەماندا دەمێننەوە. بەڵام ئەم وێنەیە نمونەیەکی بچووکیی کۆمەڵگایەکی جیهانگەرایە، کە پێکەوەژیانی کولتوورەکان و جیاوازیی نیشانەی ناسینەوەیەتی و ئەویتر هەمیشە پێوەری ناسینەوەی خۆمانە..

**جیهانگەرایی و شوناس:**

لە سەردەمی جیهانگەراییدا، پرسی ئەوانیتر پێوەندییەکی ڕیشەیی هەیە بە پرسی ئێمەو شوناسەوە. شوناسی ئێمە لەبەر تیشکی ئەو تێڕوانینانەدا بۆ ئەوانیتر هەڵدەسەنگێنرێن، کە لێرە لەگەڵ ئێمە دەژین و سەردانمان دەکەن. پێوەری ئەوەی ئێمە میللەت و نەتەوەیەکی چۆنین و چ بنەماگەلێکی کەلتوری و بەهایی، لە کۆمەڵگاکەماندا باڵادەستن، پەیوەستن بە جۆری نیگاکردن و هەڵسوکەوتمانەوە لەگەڵ ئەوانیتر. ئەویتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا هەر تەنیا پارسەنگی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارە ئەخلاقییەکانی ئێمە نییە، بەڵکو پێوەری سیستەمی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیشە لەم کۆمەڵگایەدا. ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەوانیتر لە هەر فۆرمێکی یاساییدا لە وڵاتەکەماندا، ویژدان و کەرامەتی ئێمە ئاشکرا دەکات و پێماندەڵێت، ئێمە لە چ قۆناغێکی ویژدانی و ئیتیکیداین و لێبووردەیی

و توندڕەوی، مرۆڤدۆستی و ڕەگەزپەرستیمان گەیشتۆتە کوێ و فرەیی ئایینیی و کەلتووریمان چ ئاسۆیەکی بۆ داهاتوومان هەڵگرتووە.

بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین، هەڵسوکەوتی کولتووری و کۆمەڵایەتی خەڵکانێك، کە لەسەر زەوییەکی تایبەت و لە هەرێمێکی جوگرافیاییدا دەژین، پێویستیی بە پشتوانیی و هەڵوێستی هاوشێوەی یاسایی و دەستووریی و ئیداریی و ئیجرایی هەیە لەلایەن دەسەڵات و پێگەکانی بڕیاری سیاسییەوە. ئەگەر خەڵکی وڵاتێك لە پێش ڕەوتی سیاسی ئەو وڵاتە و حکومەتەکەیەوە نۆرمی گەورەیان دانا و پەیڕەویان لێکرد، ئەوە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیش ئەم نۆرمانە بەهەند بگرێت و لە پرۆسەی خۆدیموکراتیزەکردنی زیاتری خۆیدا، گوزارەی یاساییان بۆ بدۆزێتەوە. خۆ ئەگەر خەڵکی وڵاتێك و هاووڵاتیانی لەبەرامبەر ئەوانیتر و بێگانەکاندا، وەکو پێویست نەبوون ئەوە بەمانای ئەوەیە پێویستە هوشیاری یاسایی لە سەرەوە بێتە خوارەوە و خەڵك فێری ئەو پرانسیپانە بکرێت، کە بۆ خۆشگوزەرانیی و پێکەوەژیانی هەنووکەیی و دوارۆژیان پێویستە..

بۆیە هەڵوێستی سیاسی و ئیداریی هەر حکومەتێ بەرامبەر بە بێگانە و پەنابەران و ئەوانەی هانا بۆ وڵات دەهێنن، زۆرشتمان لەسەر ئەخلاقی سیاسی ئەو حکومەت و ئیدارەیە پێدەڵێت. سیاسەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پەنابەران هەمیشە سیاسەتێکە بۆ بەهاناوەچوون و داڵدەدان و هەموو بەهاناوەچوون و داڵدەدانێکیش بەرجەستەکەری ئەو ویژدان و ئەخلاقە سیاسییەیە کە تیایدا چەمکی مرۆڤی پەنابەر بەوجۆرە پێناسە کراوە، کە مرۆڤێکە بەهەمان ئەو مافانەی هاووڵاتیانی نیشتەجێوە، بەڵام بە زیادکردنی ئەوەی کە دەبێ هاوکاریان بین و یارمەتیان بدەین و لەگەڵیاندا ڕووخۆش بین، چونکە وەك ئادۆرنۆ لە (مینیما مۆراڵیا) دا گوتویەتی: «ئەوەش بەشێکە لە ئەخلاق مرۆڤ بتوانێ لە ماڵی خۆشیدا هەستنەکات خاوەن ماڵە» و هەستبکات ماڵی خۆی لەگەڵ ئەوانیتر بەشکردووە.

لە چیرۆك و گێڕانەوەکانی خانمە دانیمارکیەکەدا، سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستانی شتێکم گوێ لێنەبوو کە بۆنی وەڕسیی ئەوی لێبێت. بەڵام ئەو ڕۆژەی چووبوو لە فەرمانگەی پاسەپۆرت و مانەوە، فیزەکەی تازە بکاتەوە، پاش شەش کاتژمێر پێیان وتبوو: فیزەکەت تازە ناکەینەوە و دەبێت بچیتە دەرەوە، یان لە سلێمانی تازەی بکەیتەوە. لە سلێمانیش پێیان وتبوو دەبێت بچیت لە هەولێر تازەی بکەیتەوە. بەهەرحاڵ دوای مشتومڕێکی زۆر و واسیتەی قونسوڵخانەی وڵاتەکەی، ڤیزاکەیان بۆ تازە کردبۆوە. ئەم ڕەفتارەش هیچ بیروڕای ئەوی لەسەر کوردستان و هەرێمەکەی نەگۆڕی، بەڵام دەیگوت: من لەو بڕیارە تێنەدەگەیشتم و کاتێ داواشم دەکرد بۆم ڕوونبکەنەوە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان پێنەبوو. بەڵام گومانی تێدا نییە ئەم بەشەی چیرۆکەکە بەشێکە لە واقیعیش و ئەمە ڕووداوێکە بە هەڵە یان بە ڕاست ڕوویداوە، کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئێمەدا ناگونجێت و لانیکەم لە دوارۆژدا کێشەمان بۆ دروستدەکات..

تەواوی گوتاری ئەخلاقی سیاسیی حکومەتێك لەو ڕستەیەدا کۆدەبێتەوە کە بزانین لەو گوتارەدا چەندە ماڵی (ئێمە) دەبێتە (ماڵی ئەوانیتر) و چەندە لەو وڵاتەدا کە ئێمە بەهی خۆمانی دەزانین، ئەوانیتر هەستدەکەن داڵدەیان دراوە و جێگەیان بۆتەوە؟ لەدەرەوەی ئەمە دەکرێ ئەو ماڵ و نیشتیمانەی ئێمە بە بەهەشتی ژیانی خۆمانی دەزانین، بۆ ئەوانیتر ببێتە دۆزەخێك کە خولقێنەرەکەی یەزدان نییە، بەڵکو ئێمەین، ئەمەش بەو جیاکارەیەوە کە یەزدان بۆ سزادانی گوناهکاران دۆزەخی ئەفراندووە و ئێمەش بۆ سزادانی لێقەوماوان و ئەوانەی هانایان بۆ هێناوین نیشتیمانی خۆمان بۆ کردونەتە دۆزەخ..

بەڵام ئێمە هەرچەندەش لەڕووی کەلتوورییەوە، بە میللەتێکی میواندۆست ناسراوین و هەر بەڕاستییش کوردە دڵپاك، کوردە بەدبەخت و کوردە بێکەس، لانیکەم لە دنیای فیودالیدا، گاجووتی خۆی بۆ سەپانی ئەوانیتر سەر دەبڕی، بەڵام ئێمە کە بە حساب کەمێ لە جیهانی فیودالیانە دوورکەوتوینەتەوە، ناتوانین داڵدەی کەس بدەین ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن حکومەتەکەمانەوە داڵدە نەدرابێت. میللەت لە ئاست حکومەتدا چەندەش دڵفراوان بێت، هێشتا ئەوە سیاسەتی حکومەتە پێماندەڵێ دەبێ ئامێز و دەرگای ماڵمان چەندە کراوەبێت. بە مانایەکی دیکە، حکومەت دەزگایەکی بە دەروونی بووە و ئەخلاقی ئەو، ئەخلاقی نمونەییەو ئەوەی ئەوە نەکات کە حکومەت ڕێگەی پێداوە، لەسەر ئەوەی دەیکات سزا دەدرێ.

**سیاسەتی حکومەت لە هەمبەر پەنابەران و بێگانەکاندا:**

بۆیە لەو چوارچێوەیەدایە دەکرێ پرسیار بکەین: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی ئەم حکومەتە لەبارەی پەنابەران و ئەوانەی دەچنە ئەم خانەیەوە چۆن بیریکردۆتەوە و تاچەندە بەهۆی سیاسەتەکانییەوە (بەهەشتی نیشتیمان)ی کردۆتە شوێنی داڵدەدانی پەنابەران و تاچەندەش ئەو کەمتەرخەمییە زۆرانەی لەو بوارەدا هەستیان پێدەکرێ، بۆتە هۆی ئەوەی لەم نیشتیمانەدا و لە سایەی سیاسەتی فەرمیی

**ئەویتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا هەر تەنیا پارسەنگی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارە ئەخلاقییەکانی ئێمە نییە، بەڵکو پێوەری سیستەمی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیشە لەم کۆمەڵگایەدا**

**ئادۆرنۆ لە (مینیما مۆراڵیا) دا گوتویەتی: «ئەوەش بەشێکە لە ئەخلاق مرۆڤ بتوانێ لە ماڵی خۆشیدا هەستنەکات خاوەن ماڵە» و هەستبکات ماڵی خۆی لەگەڵ ئەوانیتر بەشکردووە**

**تەواوی گوتاری ئەخلاقی سیاسیی حکومەتێك لەو ڕستەیەدا کۆدەبێتەوە کە بزانین لەو گوتارەدا چەندە ماڵی (ئێمە) دەبێتە (ماڵی ئەوانیتر) و چەندە لەو وڵاتەدا کە ئێمە بەهی خۆمانی دەزانین، ئەوانیتر هەستدەکەن داڵدەیان دراوە و جێگەیان بۆتەوە؟**

**پێویستە بە جیدی و لە هەنگامەی بیرکردنەوەمان لە قۆناغی نوێی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریزەکردنی زیاتری سیاسەتی ئیداری وڵاتەکەمان، بیرێکی جیدیتریش لە سیاسەتی پەنابەران و تاراوگەیی و هاوڕێ کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەینەوە**

**ئەگەر خەڵکی وڵاتێک لە پێش ڕەوتی سیاسی ئەو وڵاتەو حکومەتەکەیەوە نۆرمی گەورەیان دانا و پەیڕەویان لێکرد، ئەوە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیش ئەم نۆرمانە بەهەند بگرێت و لە پرۆسەی خۆدیموکراتیزەکردنی زیاتری خۆیدا، گوزارەی یاساییان بۆ بدۆزێتەوە**

حکومەتی هەرێمدا، دۆزەخێك بۆ ئەوانە ساز بکەیـــن، کە بوونەتە پەنابەرمـــان و هانایان بۆ هێناوین؟

من ئەم پرســـیارانە دەکـــەم و دەزانم واچاکە پێناســـەی نەگـــۆڕی سیاســـیی حکومەتی هەرێم ســـەبارەت بـــە پەنابەران لە ئێســـتا و داهاتووشـــدا ئەمە بێت: (ئەوان ئەو دەستەیەن لە هاونیشـــتیمان و میـــوان و تازەهاووڵاتیانی ئێمە کـــە بە ناچـــاری یان بـــە هەڵبژاردنی خۆیان، بۆ ماوەیەکی کاتیی، یان بۆ هەمیشە، ڕوویانکردۆتە وڵاتەکەمـــان و متمانەیان هەیە [redacted]ون و گوتومانە: لەم نیشتیمانەدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریـــدا کەرامەت و ئەمنییەت و مافتان پارێزراوەو لەبەرامبەر کارەســـاتە سرووشـــتی و تراژیدیاکانیشـــدا یەکســـانین، وەلێ ئێوەش بە هەمـــان ڕاددەی هاووڵاتیانی خۆجێ ئەرك و بەرپرســـیاریتان لەسەر شـــانە لە ئاست یاسا و ژیانی هاوبەشدا).

بەبێ بوونی تێگەیشـــتنێکی سیاســـیانەی ئەوتۆ لە دیاردەی پەنابەری، ئەم وڵاتە چەندە بۆ (ئێمە شـــیرینە و خاکـــی ڕەنگینە و ئاوی کەوسەرە)، ئەوەندەش بۆ (ئەوان تاڵ و ناخۆش و پـــڕ لە خەم و ئەســـرینە)، چەنـــدە بۆ ئێمە (سەیرانگا و شوێنی خۆنواندن)، ئەوەندەش بۆ ئەوان شوێنی (خۆشـــاردنەوە و خۆداپۆشین). دەبێ ئێمەی هاووڵاتیانی ئاسایی بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتیمان و حکومەتی هەرێم بەو گوتارە سیاسیەی ســـەبارەت بە پەنابەران و بێگانەکان بەرجەســـتەی دەکا، پێوەرێکمان بێتەدەست تاکو باس لە ئەخلاقـــی ئازادیخوازانەی نەتەوەییمان بکەین. بەمانایەکـــی دی: دەبوو وڵاتەکەمان وەك ئێستا پڕببێ لە پەنابەران و خەڵکی غەیرە کورد، تاکـــو دڵڕەقیی خۆمـــان بەرامبەر بەو کەسانە بۆ ئاشکرا ببێ کە هانایان بۆ هێناوین بەو نیازەی بیانپارێزین، کەچی ئێمە بە قەپاڵی دڕندە کەوڵیاندەکەین و ئەمەش ئاشکرای دەکا، کـــە چ دڕندەییەك لە دەروونی ئەم حکومەت و خەڵکەدا دروستبووە، کە بنەچە و ڕەگوڕیشەی خۆی دەباتەوە سەر شۆڕش و ئازادیخوازیی..

هەر میللەتێکی وەکو ئـــەوەی ئێمەو دواجار هەرحکومەتێکی وەك ئەوەی ئێستە لە کوردستان حوکم دەکات، بۆ یەك ساتەوەخت ئەو دەستانەی بیر بچێتەوە کە ڕۆژگارێ ئامێزیان بۆ ڕۆشنبیر و شاعیرە دوورخراوەکانی ئێمە، بۆ سیاسەتمەدار و تێکۆشـــەر و پێشـــمەرگەکانی ئێمـــە و بۆ کۆڕەوەکان و لێشاوەکانی کۆچی لاوانی ئێمە، لە وڵاتی خۆیاندا گرتبۆوە و ئێستە ئێمە هەمان ئەو دەستە وەك دەستی سواڵکەر و دەرۆزەکەر تەماشا دەکەین، ئەوە بە مانای ئەوەیە نە ئێمە تڵپی تەڕی ئازادیخوازیمان تێدا ماو و نە حکومەتەکەشمان هێشـــتا ئەوەندە پێگەیشـــتوو و تێگەیشتووە کە لە ڕێگەی سیاســـەتێکی عەدالەتخوازنەوە بۆ پەنابەران، ڕێبگرێ لە هەر دەســـتدرێژییەك کە لـــە کۆمەڵگا و ئیدارە و دامەزراوەکاندا دەکرێتە ســـەریان. من لەم قســـانەمدا تەنیا مەبەســـتم کابینەیەکـــی تایبەت نییە، بەڵکو سیاســـەتی کابینە جیاوازەکانی حکومەت و دەســـەڵاتە، لە هەمبەر پەنابەرو بێگانەکاندا. تەنانەت لە کۆی گوتاری سیاســـیی ئێمەدا تا ئەم ساتەوەختە لە هیچ بۆنەیەکی نەتەوایەتـــی و کولتووریماندا، هیچ سیاسیەکی کورد لەگەڵ پیرۆزیاییکردنی ئەو بۆنەیە لە کورد و کوردســـتانیەکان، ڕووی قسەی کردبێتە بێگانە و پەنابەران و خۆشهاتی لێکردبن، یان پیرۆزبایی لێکردبن. بە بیرم دێت، شـــاژنی دانمارك، مارگرێتا، کاتێ لە کۆتایی وتاری ســـاڵانەیدا بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە ئاراستەی دەکرد، پێشئەوەی کۆتایی پێبێنێت، بە زەردەخەنەیەکەوە ساڵەکی لە گشت هاووڵاتیان و پەنابـــەران و بێگانان پیـــرۆز دەکرد و مرۆڤ چاوی پڕ دەبوو لە ئاو..

ئەوە کێشـــەیەکی گـــەورەی حکومەتە کە نەزانێـــت دۆخی پەنابەران لـــەم وڵاتەی ئێمەدا چۆنەو ئەوان لەچـــی مەحروومن و چۆن ژیان دەگوزەرێنـــن؟ هیـــچ حکومەتێ لـــەو دادگا ئەخلاقـــی و ویژدانیـــە ڕزگاری نابێ، کە لە کەموکوڕیی مافی پەنابەرانی وڵاتەکەیدا بەدیار دەکەوێ. نەبوونی سیاسەتێکی کارای پەنابەران بۆخۆی ئاشـــکراکەری دوو شـــتی سەرەکییە: یەکەم غیاب و ونبوونی چەمکی مافی مرۆڤە لە گوتاری سیاسیی ئەو حکومەتەدا، کە دواجار دەبێ چاوەڕێ بێت تا ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ چی لەبارەوە دەڵێن و چۆن لە ئابڕووچوونێکی سیاسیدا مەچەکی دەگرن، دووەمیش ئاشـــکراکەری تێنەگەیشتنە لە مەســـەلەی پەنابەرێتی و کۆچ لە پرۆسەی جیهانگیریدا.

هەرچی داتـــاکان و نمونەکان و گێڕانەوەی ئەو پەنابەرانەی کە لـــە وڵاتی ئێمەدا دەژین، لە ئاســـتی کۆمەڵایەتیدا جێی خۆشـــحاڵین و بێگانەکان بەباشە باسی خەڵکانی ناو هەرێمی کوردســـتان دەکەن. بەڵام هەمیشـــە بەشێکی چیرۆکـــەکان، کاتـــێ دەگەنە ســـەر ڕەهەندە ئیداریـــی و فەرمیەکەی، بـــە پێچەوانەوەن و سیاسەت و بەرنامەی ئەخلاقیی حکومەتێکمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە لە داییکەوە ئازادیخواز و لەباوکیشەوە شۆڕشگێڕ بێت، بەڵام مامەڵەیەکی نەگونجاو لەگەڵ پەنابەر و بێگانەکاندا دەکات. چیرۆکی پەنابەرانێك کە هاتوونەتە وڵاتەکەی ئێمەوە و کارتی مانەوەی حکومەتەکەی ئێمەیان لە گیرفانێدایە، باس لە سیاسەت و ئەخلاقێکی نابیناو بێمژدە و توندوتیژاویمان بۆ دەکەن، کە ئەگەر لە کەلتووری ئێمەدا ئادابی میوانداریی ئەوەندە بەهێز نەبایە، ئێستا هەموومان لە سایەی ئەو سیاسەتەدا وەك ئەو خزمەتکارە سریلانکی و ئەسیوپی و فیلیپینیانەمان لێدەهات، کە جیهانیان لـــەلا بچووکراوەتەوە بۆ چواردیواری مەتبەخی ماڵێکـــی کورد، کە تەنیا مژدەیـــان ئەوەیە لە شـــەممەوە تا پێنجشەممە بۆنی هالاوی شلە و برنج و لە هەینیدا بۆنی سەروپێی لێهەڵدەستێ. هەروەکچـــۆن ئەو مەتبەخـــە و ئەو ماڵە و ئەو مەنجەڵی شـــلە و برنج و سەروپێیە هیچ شتێ بە دنیای ئینســـانیی ئەو بێگانانە نابەخشێ، ئاواش سیاسەتی پەنابەرانی حکومەتی هەرێم هیچ شـــتێك بـــەو مرۆڤانە نابەخشـــێ کە بە ناچاری یان بـــە هەڵبژاردنی خۆیان هاتوونەتە وڵاتەکەمانـــەوە. بۆیە پێویســـتە بە جیدی و لە هەنگامـــەی بیرکردنەوەمان لـــە قۆناغی نوێی ژیانـــی کۆمەڵایەتی و کولتووریزەکردنی زیاتری سیاسەتی ئیداری وڵاتەکەمان، بیرێکی جیدیتریش لە سیاسەتی پەنابەران و تاراوگەیی و هـــاوڕێ کوردەکانـــی بەشـــەکانی دیکەی کوردســـتان بکەینەوە. ئەمەش بابەتی وتاری داهاتوومان دەبێت.

**ئەوە کێشەیەکی گەورەی حکومەتە کە نەزانێت دۆخی پەنابەران لەم وڵاتەی ئێمەدا چۆنەو ئەوان لەچی مەحروومن و چۆن ژیان دەگوزەرێنن؟ هیچ حکومەتێ لەو دادگا ئەخلاقی و ویژدانیە ڕزگاری نابێ، کە لە کەموکوڕیی مافی پەنابەرانی وڵاتەکەیدا بەدیار دەکەوێ**

*** سەرۆکی بەشی فەلسەفە کۆلیژی ئەدیبات زانکۆی سەلاحەدین**

# کاتێک (دەوڵەتی یاسا) نایەوێت (یاسای دەوڵەت) پیادە بکات

لەم عێراقەدا کە بەناناسایی دروست بوو، زۆرێك لە شتەکانیشی هەتا ئێستا هەر نائاساییین، بۆیە چارەسەرەکانیش زۆرجار نائاسایی دەبن.

هەر لەبەر ئەمەشە کە (تۆماس ئی واکس) دەڵێت: لەعێراقدا نابێت بەدوای چارەسەری تەواودا بگەڕێین، بەڵکو دەبێت بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێین کەباشی نێو خراپەکانە.

راستیی ئەم قسەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق، لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە نۆ مانگی ویستووە هەتا پێکهێنراوە، کەئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە لەدنیای سیاسەتدا.

دەنگوباسی لێسەندنەوەی متمانە لەمالیکی هەنگاوێکی دەستوورییەو، دوو رێگەی دەستووریی هەیە، هەرکامیان سەری گرت پرۆسەکە کۆتایی دێت، بەڵام ئەم بارگرژییە نائاساییەی کەبەهۆی هەوڵدان بۆ لێسەندنەوەی متمانە لەمالیکی دروستکراوە شتێکە جێگەی سەرنجە، چونکە ئەوە نیشان دەدات کە (دەوڵەتی یاسا) نایەوێت (یاسای دەوڵەت) وەك خۆی جێبەجێ بکات.

راستە تا ئێستا لەم عێراقەی دوای رژێم پرۆسەی لێسەندنەوەی متمانە لە هیچ حکومەتێك پیادە نەکراوە، مەسەلەکە نوێیەو پێشینەی نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەکە دەستوورییە خۆ هەر دەبێت رۆژێك دابێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت، بائەمرۆش ئەو رۆژە بێت، ئەگەر دەنگی پێویستیی هێنا یان نەیهێنا ئەوسا هەردوولا هەر دەبێت بەئەنجامەکە رازیی بن.

راستە لێسەندنەوەی متمانە خاڵی باش و خراپیی تێدایە، بەڵام خۆ هەر دەبێت پەرلەمان ئەو بڕیارە بدات لەرێگەی نوێنەرانی گەلی عێراقەوە، چونکە پرسی لێسەندنەوەی متمانە پرۆڤەیەکی دیموکراسییە لەپرۆسەی سیاسیی نوێداو، رێگە چارەیەکی ئاشتییانەی دوور لە کودەتای سەربازیی و زەبروزەنگی سوپایە.

هەروەها پرسی لێسەندنەوەی متمانە لەحکومەت ئەگەر دەنگیی پێویستیی هێنا، ئەوسا کەسێکی دی باشتر کاری کابینەی حکومەت بەڕێوە دەبات، خۆ ئەگەر دەنگی پێویستیشی نەهێنا، ئەوسا سەرۆك وەزیران گۆڕانکاریی لە گوفتارو رەفتاری خۆیدا دەکات، واتە لە پرسی لێسەندنەوەی متمانەدا، لەوانەیە حکومەت بگۆڕدرێت، ئەگەر نەشگۆڕدرێت ئەوسا حکومەت هەڵسوکەوتی خۆی دەگۆڕێت، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا گەل سوودمەند دەبێت و، دەستوور پیادە دەکرێت و، رێگە لە تاکڕەویی و دیکتاتۆرییەت دەگیرێت.

بۆ ئێمەی خەڵکی کوردستانیش واباشە کە پرسی لێسەندنەوەی متمانە بکەینە وێستگەیەك بۆ یەك هەڵوێستیی و، بۆ پاراستنی یەکریزیی و رێککەوتنامە ستراتیژییەکان و، خۆ دوورگرتن لەسیاسەتی هەندێك لە دەوڵەتانی دەوروبەر.

هەروەها پێویستە بەخزمەتگوزاریی زیاترو، دابینکردنی هەلی کارو، بەردەوام بوون لە پرۆسەی چاکسازیی نێوخۆیی و، بەرەنگاربوونەوەی گەندڵیی، دڵی هاوڵاتییانی کوردستان خۆش بکەین، چونکە عەدالەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی هەر دەوڵەتێك کەدەیەوێت ئارامیی و سەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە شەقامدا بەرقەرار بکات، لەبەرئەوەی تەواوی چالاکیی و کارەکانی دەوڵەت لەسایەی ئارامیی و هێمنیدا بەڕێوە دەچن.

با لەم بۆنەیەشدا لەو راستییەش بگەین کە خودی متمانە سروشتێکی ئایندیی هەیە نەك هەنووکەیی، واتە متمانە لەئەنجامی کەڵەکەبوونەوە دروست دەبێت نەك بەتەنیا جارێك، بۆیە متمانە بژاردەیەکی ئەخلاقیی دوو لایەنەیە لەنێوان مرۆڤەکانداو، بەردەوامبوونیشی دەوەستێتە سەر ئەنجامەکانی دوای متمانە پێدان.

لەبەرئەمەشە پێوەندیی نێوان بنیاتنان و رووخاندنی متمانە، پەیوەندییەکی هاوشێوەیە، واتە ئەگەر لەلایەکەوە نەما یان لاواز بوو، ئەوسا لای بەرامبەریشەوە نامێنێت یان لاواز دەبێت.

متمانەی رووخاو بنیات دەنرێتەوە ئەگەر هۆکاری رووخانەکەی بەهۆی بارودۆخێکی نەخوازراوەوە بوو بێت، بەڵام ئەگەر بەهۆکاری خودی وکەسیی بێت، ئەوسا بنیاتنانەوەی زۆر زەحمەت دەبێت، ئەگەر بشکرێت دەبێتە پینەکردنەوەی متمانە نەك بنیاتنانەوەی، چونکە بنیاتنانی متمانە گرانە، بەڵام بنیاتنانەوەی زۆر گرانترە.



عەبدولڕەحمان سدیق

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

**لە پرسی لێسەندنەوەی متمانەدا، لەوانەیە حکومەت بگۆڕدرێت، ئەگەر نەشگۆڕدرێت ئەوسا حکومەت هەڵسوکەوتی خۆی دەگۆڕێت، لەهەردوو حاڵەتەکەشدا گەل سوودمەند دەبێت و، دەستوور پیادە دەکرێت و، رێگە لە تاکڕەویی و دیکتاتۆرییەت دەگیرێت**

## چارلس گۆردن ماکدۆناڵد بۆ گوڵان:

# ئەقڵیەتی دیکتاتۆری مەترسی دەخوڵقێنێت بۆئەوەی مانۆڕی سیاسی ئەنجامبدات و خەڵک هەڵبخەڵەتێنێت

**پرۆفیسۆر چارلس گۆردن ماکدۆناڵد ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی فلۆریدای نێودەوڵەتی و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە لەهەمان زانکۆ، نووسەری کتێبی (ناسنامەی کورد، مافەکانی مرۆڤ و بارودۆخی سیاسیە) کە بەهاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر کارۆل ئۆلێری نووسیویانە، بۆقسەکردن لەسەر مەترسیەکانی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری و ئەو هەڕەشانەی لەئاکامی ئەم ئەقڵیەتە دەکەونە سەر دیموکراتی و ئاییندەی وڵات، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر مەکدۆناڵد کردو بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**




***لەو وڵاتانەی کە بەقۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕن و دەست دەکەن بەپرۆسەی دیموکراتی، زۆرجار پرۆسەی هەڵبژاردن دیکتاتۆر یان سیستمێکی ئەسۆریتاریانیزم (authoritarianism) بەهەرم دێنێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەقڵیەتی بەرهەمهێنانی دیکتاتۆر تاچەند مەترسیە و تاچەند دەتوانێت خۆی لەژێر پەردەی هەڵبژاردن بشارێتەوە و شەرعیەت بەدیکتاتۆریەت بدات؟**

- پێش هەموو شت هەستکردن بەبوونی ئەقڵیەتی دیکتاتۆریی مەترسی ئەوە هەیە کە دەستنیشانی هەڕەشەیەك بکرێت کە بەلای خەڵکیەوە جێی مەترسی بێت و دواتر ئەم ترسە بەکاربهێنرێت بۆ مانۆری سیاسی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵك بۆ ئەوەی ئەو ئەقڵیەتە خۆی وەك دیکتاتۆر بچەسپێنیت.... باس لەوە دەکرێت چۆن حکومەت هەڵبستێت بە ڕووبەڕووبوونەوەی دروستبوونی دیکتاتۆریەت، بێگومان ئەو کاتە مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆر سەرهەڵدەدات کە کەسێك دەیەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆی تەلاعوب بەخەڵك بکات، کەواتە ئەمە مەترسیە لەئێستادا، بەچەشنی ئەوەی کە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا مەترسی بوو.

*** زۆر جار ئەقڵیەتی دیکتاتۆری بۆ شاردنەوەی خواستە دیکتاتۆرییەکانی، بارودۆخی وڵات بەو جۆرە پیشاندەدات، کە لەژێر هەڕەشەیەکی گەورەدا بێت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە شەرعیەتی حکومڕانی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان تەنیا لەدەستی یەك کەسدا کۆبکرێتەوە، پرسیار ئەوەیە کاتێك تاکە کەس حکومڕانی بکات ئاییندەی وڵات بەرەو کوێ دەڕوات؟**

- بەداخەوە، فەراهەمکردنی دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینە کە هاوشان بێت بەشەرعیەت و دادپەروەریی، کاتی دەوێت. هەموو سەرکردەیەك ئەجێندای خۆی هەیە لەبەرامبەر ئەجێندای کۆمەڵگە، کە هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، دەتوانێت خەڵکی بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی بەهۆی دەستنیشانکردنی مەترسیەوە، واتە بەترساندنی خەڵکەکە بۆئەوەی پشتیوانی بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پۆستێك دەگرێتەدەست کە شەرعیەتی هەبێت، هەندێ جار دەتوانێت کاریگەر بێت و زەحمەت دەبێت کارێك بکات کە بەئاشکرا گومان لەشەرعیەتی بکرێت. کەواتە لەئێستادا هۆکاری پێوەندیکردن زیاترە، بە بەراورد بەبیست ساڵ پێش ئێستا. ڕاگەیاندنیش لەئێستادا گرنگترە بە بەراورد بەڕابردوو، ئەمەش مانای وایە ئەو دۆخەی ئەگەری دیکتاتۆریەتی تێیدا سەرهەڵدەدات، بەچەشنی ڕابروو وەك دۆخێکی لاواز دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو مەترسیە ئاشکرا بێت، ئەوا دەبێتە هۆی سنووردارکردنی توانای ئەو کەسەی دەسەڵات خراپ بەکار دەهێنێت.

> **ئەو کاتە مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆر سەرهەڵدەدات کە کەسێك دەیەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆی تەلاعوب بەخەڵك بکات**

*** مەترسیترین حاڵەتی ئەقڵیەتی دیکتاتۆر بڕوا نەبوونیەتی بە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی دەسەڵات، کۆنترۆڵکردنی ئەم دوولایەنەش واتە تێکشاندنی بنەماکانی دیموکراتی، پرسیار ئەوەیە کاتێك هەڵبژاردن هەبێت و پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەبێت، ئایا چ مەترسیەك لەسەر دیموکراتی دروست دەبێت؟**

- دوو ڕێگا هەیە بۆ تێڕوانین لەم مەسەلەیە. یەکەمیان، دەبێت لێپرسینەوە و چاودێری هەبێت، واتە دەبێت وەك بەشێك لەدیموکراسی دامەزراوە هەبێت کە ڕێگە نەدات سەرۆك دەسەڵاتەکانی تا سنوورێکی دوور ببات، بەهەمان شێوە ڕێگری لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دەسەڵاتی قەزائی بکات کە دەسەڵاتەکان تا سنوورێك دوور نەبن. تەنانەت فەیلەسوفە تەقلیدیەکان، لەنێویاندا ماکیافیلی باس لەئامرازێك دەکەن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بۆ ڕێگرتن لەبوونی دەسەڵاتێکی زۆر و ئیستبدادی دەسەڵات. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر بمانەوێت دیموکراسی بەهێز بێت و بەرەپێش بچێت، ئەوا تەنیا هەڵبژاردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت لەهەڵبژاردندا، ئیتر هەڵبژاردنی سەرۆك بێت یان پەرلەمان، دەبێت هاوسەنگی دەسەڵات هەبێت لەنێوانیاندا. ڕێگای دووەم بۆ تێڕوانین لەم مەسەلەیە، ئەوەیە دەکرێت هەڵبژاردن بکرێت و سەرۆکیش دەسەڵاتی هەبێت و شەرعیەتی هەبێت، بەڵام تا ئەو کاتەی پشتیوانی سەرجەم کۆمەڵگە دەکات، نەك تەنیا زۆرینە، یاخود بایەخ بە بەرژەوەندی تایبەت، بەڵکو مامەڵەی دادپەروەرانە لەگەڵ هەموو کەسدا بکات. بەم شێوەیە ئەرستۆ باسی لەحکومەتی باش کردووە، حکومەتێك کە پشتیوانی لەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دەکات. لەم جیهانە ئاڵۆزەدا، زەحمەتە بتوانیت بەهۆی نارەزایی دەربڕینی دیموکراتیانەوە فۆرمێکی حکومەت بگۆڕێت بۆ حکومەتێك کە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە چاودێری بکرێت، ئەوا ئەو حکومەتەی دروست دەبێت زۆر درێژە ناکێشێت، ئەگەرچی حکومەتەکەی پێش خۆی دیکتاتۆری بووبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی دەیەوێت بەخێرایی هەنگاو بنێت، یاخود پشتیوانی لەبەها دیموکراتیەکان ناکات. کەواتە سیستمە سیاسیەکە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی سەقامگیر بێت و دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو یاخود کۆمەڵگەیەکی مەدەنی سەرکەوتوو بێنێتەئاراوە. لەهەمان کاتدا گرنگە سەرکردەکان لەحکومەتدا، لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا، هەروەها ڕۆشنبیران خەڵکیش بەهاگەلێکی دیاریکراو بچەسپێنن. کەواتە ئەگەر ئەم کارە بکرێت و ئەگەر ئاگادارکردنەوە هەبێت کاتێك بەها دیموکراتیەکان پیادە ناکرێن، ئەوا سنووربەندیەك لەسەر ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت دروست دەبێت. بەڵام بەداخەوە ئەمە پرۆسەیەکی قورسە و ئەنجامەکەی نادیارە و کاتی دەوێت.

*** لەو لاتانی تازە پێگەیشتوو بەردەوام سوپایەکی گەورە هەیە، بەبێ ئەوەی ئەو دەوڵەتە هەڕەشەی دەرەوەی لەسەر بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە سوپا بۆ دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆ بەکاردێت، ئایا مەترسی دەستێوەردانی سوپا لەکاروباری ناوخۆی وڵات چەند مەترسیدارە؟**

- بەزۆری سوپا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە خراپ بەکاربهێنرێت. بەزۆری

> **ئەگەر بمانەوێت دیموکراسی بەهێز بێت و بەرەپێش بچێت، ئەوا تەنیا هەڵبژاردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت هاوسەنگی دەسەڵات هەبێت**

ئەو کەسانەی لەدەسەڵاتدا سوپا بەکاردەهێنن لەبەرامبەر بوونی ئەو سوپایە وەك دامەزراوەیەك، واتە ئەگەر سوپا وەك دامەزراوەیەك کە لەخەڵکی کۆمەڵگەکە پێکهاتبێت، ئەوا دەکرێت دەستێوەردان بکات بۆ ڕێگرتن لەدروستبوون و سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت، لەهەمان کاتدا دەکرێت لەبری دیکتاتۆریەکان و لەبەرژەوەندی ئەوان دەستێوەردان بکات. واتە دەکرێت سوپا بۆ سەقامگیرکردن و بۆ ناسەقامگیرکردن بەکار بهێنرێت، و ئەمەش دەوەستێتەسەر فەرماندەکانی سوپا و سروشتی حکومەتەکە. لەڕابردوودا، باوەڕم وابوو بوونی سوپایەکی بەهێز کارێکی باشە، ئەگەر پشتیوانی لەبەها دیموکراسیەکان بکات، لەهەندێ وڵاتدا سوپا دەسەڵات دەگرنەدەست، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دژی بەها دیموکراسیەکان کاردەکەن، یاخود دژی ئەو گروپەی بەهای دیموکراسیان نییە. هەندێ جار سوپا پشتیوانی لەحکومەتێکی عەلمانی دەکات، لەبەرامبەر حکومەتێکی ئایینیدا، ئەو کاتە لەبەرامبەر بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا لێبوردە نابن، بەڵام ئەگەر سوپا پشتیوانی لەبەها دیموکراسیەکان بکات، ئەوا دەکرێت ببێتە پارێزەری دیموکراسی. ئەگەر سوپاش گەورە و بەهێز بوو، هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، ئەوا ڕەنگە کەسانێك هەبن کە هەوڵی دەسەڵات بدەن و دەستی بەسەردا بگرن، ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا تاکەکەسەکە هەوڵی گرتنەدەستی دەسەڵات دەدات. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لەجیهانی بڕوانین، ئەوا لەڕابردوودا سوپا هەڕەشەبوو بۆ سەر دیموکراسی، لەهەندێ وڵاتی دیکەدا دیموکراسی ڕزگارکردووە، کەواتە ئەمە هەمیشە وەك پرسیارێکی فەلسەفی قورس دەمێنێتەوە.

*** دەوڵەتانی لیبرالیزم شانازی بەوە دەکەن، کە ئەوان دەوڵەتی قانوونن و قانوون حکومڕانی دەکات، لەوڵاتانی تازە پێگەیشتووش قانوون هەیە، پرسیار ئەوەیە بۆچی لەوڵاتانی ڕۆژئاوا قانوون دەبێتە زەمینەیەك بۆ بونیادی دیموکراتی، بەڵام لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەبێتە زەمینەیەك بۆ بەرهەمهێنانی دیکتاتۆر؟**

- پێموایە ئەگەر تەرکیز لەسەر سەروەری یاسا بکەیتەوە، ئەوا ئەمە سنوورێك بۆ دروستبوونی دیکتاتۆریەت دادەنێت. ئەوە ڕاستە کە ئەکرێت یاسا وەك ئامرازێکی دەسەڵات بەکار بهێنرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا یاسا وەك سنووربەندیەك لەسەر بەکارهێنانی دەسەڵات دەمێنێتەوە. یەکێك لەو شتانەی لەچەند دەیەی ڕابردوودا بەدی دەکەین لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا، ئەگەرچی دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست، ئەوا خەڵکی توانیان یاسا بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی چەندین دەستکەوت و سەروەری یاسا بەکار بهێنن و هەندێ جار توانیویانە سنوورێك بۆ کارەکانی دیکتاتۆریەت دابنێن. لەبەر ئەوە لەکاتی باسکردنی سەروەری یاسادا، بەتایبەتی لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، ئەوە بەدی دەکەین کە ئەگەرچی دیکتاتۆرەکان یاسا بەکاردەهێنن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەوا کاتێك باسی یاسا دەکەیت، ئەوا سروشتی ناکۆکیەکە دەگۆڕێت، و ئەو کاتە مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەیەکی یاسایی، ئەگەر خەڵکیش بەو شێوەیە بیر لەمەسەلەکە بکەنەوە، کە ئایا بەپێی یاسا مافەکانیان چیە و چی ڕاستە، ئەوا ئەمە خۆی لەخۆیدا شتێکی ئیجابیە بۆ کۆمەڵگە.

> **هەندێ جار سوپا پشتیوانی لەحکومەتێکی عەلمانی دەکات، لەبەرامبەر حکومەتێکی ئایینیدا، ئەو کاتە لەبەرامبەر بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا لێبوردە نابن**



# له مێژووی خۆیدا میسر به سـ

**گوڵان- ئەسما ئەلحوسێنی/ قاهیره**

لەم رۆژانەدا میسر بە سەختترین و درێژترین رۆژەکانی دەگوزەرێنێ لەدوای شۆڕشی **٢٦**ی یەنایرەوە بەر لە ساڵ و نیوێك، میسریەکان بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە چاوەڕێی ئەنجامەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتین لەنێوان فەریق ئەحمەد شەوقی دوایین سەرۆك وەزیرانی سەردەمی حوسنی موبارەك و دکتۆر محەمەد مورسی پاڵێوراوی حزبی (الحرية و العدالة) کە دەربڕی جەماعەتی ئیخوان موسلیمینە، گەیشتنی ئەم دوو پاڵێوراوە بۆ خولی دووەم لەنێوان ١٣ پاڵێوراوی دیکە، وەك شۆك وابوو بۆ زۆر لە پێکهاتە گەورەکانی شەقامی میسری، هەروەها وەك میسرییەکان دەریانبڕی هەڵبژاردنێك بوو لەنێوان دوو ئەگەر کە یەکیان لەویتر تاڵتر بوو.

هەر زوو ئیخوان موسلمین سەرکەوتنی پاڵێوراوی خۆیان راگەیاند بەر لە راگەیاندنی لیژنەی هەڵبژاردنەکان بە ڕێژەی ٥٢٪ لە هەڵوێستێکیاندا کە هەندێك لایەن بە ئارەزووی ئیخوانیان لێکدایەوە بۆ سەپاندنی ئەمری واقع، لە کاتێکدا ئەوان دووپاتیان کردەوە کە ئارەزووی ئەوان لە راگەیاندنی راستییەکانە بۆ ئەوەی ساختەیان تێدا نەکرێت بۆ بەرژەوەندی ئەحمەد شەفیقی رکابەریان کە بەگوێرەی ئەوان ڕێژەی ٤٨٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە ئەمە لە کاتێکدا کە هەڵسوراوانی هەڵمەتی شەفیق سەرکەوتنی پاڵێوراوی خۆیان راگەیاند.

> **ژمارەی گرنگ لە هاوکێشەی ئەم هەڵبژاردنانەدا ئەوانەن کە بایکۆتیان کردووە و ئەوانەی کە دەنگی خۆیان (باتڵ) کردووە و ڕێژەیەکی زۆریش پێکدەهێنن**

ئەنجوومەنی سەربازی بەر لە راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن چەند هەنگاوێکی نا کە زۆر لە چاودێران وایان لێکدایەوە کە بۆ سەرکەوتنی پاڵێوراوی ئیخوانەکان بوو، لەنێو ئەم هەنگاوانەش هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی گەل (مجلس الشعب) بوو کە زۆرینەی ئەندامەکانی ئیخوان و سەلەفین، هەروەها راگەیاندنی دەستوورێکی تەواوکەر کە دەسەڵاتی تەشریعی بە ئەنجوومەنی سەربازی دەدات تائەو کاتەی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی ئەنجام دەدرێت، هەروەها دەسەڵاتی پێدەدات، لیژنەیەکی دامەزرێنەر بۆ دەستوور پێك بهێنێت کە دەربڕی ئیرادەی گەلی میسری بێت لەجیاتی دوو



# ـــەختترین رۆژگاریدا تێپەڕدەبێت

لیژنە کە ئیخوانەکان سەرکەوتوو نەبوون لە پێکهێنانیان بەشێوەیەکی هاوسەنگ کە هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکە پێی قایل بن، هەروەها ئەنجوومەنی سەربازی بڕیاری رێککاری قەزایی دەرکرد کە دەسەڵات بە هێزەکانی هەواڵگری و ئاسایش دەدات، هەموو ئەم هەنگاوانە هێزە سیاسییەکان ئیدانەیان کرد و بووە هۆی ئەوەی جارێکی تر برژێنەوە مەیدانی تەحریر و مەیدانەکانی دیکەی میسر بۆ نارەزایی دەربڕین دژیان، ئیخوانەکانیش ئەمەیان قۆزتەوە بۆ بەرزکردنەوەی نارەزایی دژی ئەنجوومەنی سەربازی و سەپاندنی پاڵێوراوی خۆیان، ئێستا جۆرێك لە سەرنجراکێشان و دابەش بوون لەنێوان ئیخوان موسلمین و هێزە شۆڕشگێڕ و دیموکراتیخوازەکانی دیکە هەیە کە لایەنگرییان کردن لە ترسی لەدەست نەدانی دەستکەوتەکانی شۆڕش، هەروەها ئەنجوومەنی سەربازی و چین و توێژەکانی گەل وهێزە شۆڕشگێڕو دیموکراتیخوازەکانیش لایەنگریان کردن بۆ لەدەست نەدانی وڵات بەگوێرەی لێکدانەوەی خۆیان کاتێك ئیخوان موسلمین جڵەوی حوکم بگرنە دەست لە میسرو راگەیاندنی ناوی سەرۆك کۆماری داهاتووی میسر کە بڕیار وابوو رۆژی پێنجشەممەی رابردوو رابگەیەنرێت دواکەوت بەهۆی تانە زۆری ئەو تانانەی

> **ئەگەر هاتوو ئیخوانەکان سزای نەیارانیان بدەن و چارەسەری هەڵەکانی خۆیان نەکەن و مەیلیان بۆ تاکڕەوەی لەدەسەڵاتدا کەم نەکەنەوە ئەوانیش رووبەرووی شۆڕشێکی گەورە دەبنەوە**

کە لە لایەن هەردوو پاڵێوراوەکە پێشکەش کران، زۆر لە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە گفتوگۆیەك یاخود جۆرە سەفقەیەك لەنێوان ئەنجوومەنی سەربازی و ئیخوان لە ئارادایە، ترسی ئەوە لە ئارادایە کە کۆتایی بە قەیرانەکە نەهێنێت، یاخود سەرەتایەك بێت بۆ زنجیرەیەك قەیرانی دیکە، هەروەها هەواڵی ئەوەش لە ئارادایە کە ئەمریکا چەند فشارێك بەکار دەهێنێت لە بەرژەوەندی ئیخوان و چەند چاوپێکەوتنێك ئەنجامدرا بێت لەنێوان بەرپرسە ئەمریکییەکان و ئیخوان.

لە خوێندنەوەی بارودۆخی ئێستای میسر نووسەر و رۆژنامەنووس سەعید هجرس بۆ گوڵان وتی: میسر بە ساتەوەختێکی مێژووییدا تێدەپەڕی کە دوو رووی هەیە، یەکەمیان زۆر ئیجابییە و خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەمە یەکەمین هەڵبژاردنی

فرەیی لە میسر ئەنجام دەدرێت، لایەنە ئیسلامی و علمانی و نەتەوەیی و لیبراڵی و علمانییە نەتەوەییەکان بەشداریان تێدا کرد و بیروڕای خۆیان دەربڕی، بەڵام ئەم بەهارە روویەکی ترسناکیشی هەیە، میسر بە ساتەوەختێکی زۆر ورد و هەستیار تێدەپەڕێت کە بە دڵەڕاوکێی بارگاوی کراوە و هەڵگری مەترسییە، چونکە هەڵبژاردنەکانی هاوشێوەی هەڵبژاردنی هیچ وڵاتێکی جیهان نەبوون کە دوڕاو براوەی تێدایە، لە میسر هەر یەك لەلایەنە رکابەرەکان ئیدیعای سەرکەوتنی خۆی دەکات بەر لە راگەیاندنی ئەنجامەکان بەشێوەیەکی فەرمی، لێرەدا پرسیار ئەوەیە بارودۆخی دۆڕاوەکان چۆن دەبێت دوای ئەو هەموو جۆشدانە، تەنانەت دوای راگەیاندنی سەرۆکیش بێ پەرلەمان یان دەستوور دەبێت، و پەرلەمانی هەڵوەشێنراوە خەبات دەکات لەپێناو مانەوە و ئەنجوومەنی سەربازیش دەسەڵاتی تەشریعی بردووە و خۆی بەشێوە پەرلەمانێك دەزانێت و هەوڵ دەدات ئەنجوومەنێکی دامەزراندنی دەستوور پێك بهێنێت، لیژنەیەکی دیکەش هەیە، بەمەش چەند ئەگەرێکی مەترسیدار لە ئارادان، و پێکدادان و ململانێی سیاسی وحاڵەتێکی شێواو لە ئارادایە، چونکەجیاوازی نێوان ڕێژەی دەنگدان لەنێوان پاڵێوراوەکان زۆر گەورە نییە بەمەش دابەشبوونەکە زۆر توندە، پێموایە کە ژمارەی گرنگ لە هاوکێشەی ئەم هەڵبژاردنانەدا ئەوانەن کە بایکۆتیان کردووە و ئەوانەی کە دەنگی خۆیان (باتڵ) کردووە و ڕێژەیەکی زۆریش پێکدەهێنن و دوو جۆرە بایکۆت کردن هەیە، یەکیان بەهۆی گوێ نەدانە، بەڵام جۆرێکی دیکە لە بایکۆت کردنی نارەزایی هەیە لەسەر پاڵێوراوەکان کە بە ڕای زۆر لە میسرییەکان ناگەنە ئاست ئاواتەکانی شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر، بەمەش سەرۆکی داهاتووی میسر بە شەرعیەتێکی بریندارەوە دێت، بە هۆی زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی دەنگی خۆیان (باتڵ) کردووە.

هجرس لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: پێموایە نزیك بوونی ڕێژەی دەنگی پاڵێوراوەکان ئاماژەیە بۆ توندی ململانێی نێوان هەردوو لایەن، بۆیە دابەشبوونی کۆمەڵگا و ئەو دەنگانەی کە مورسی بەدەستی هێناوە ئەوەندە خۆشەویستی نەبووە بۆ مورسی ئەوەندەی نارەزاییە لەسەر شەفیق کە زۆر کەس وا دەبینن کە بوونی بە سەرۆك کۆمار واتە گەڕانەوەی رژێمی پێشوو، هەروەها ئەو دەنگانەی کە شەفیق بەدەستی هێناوە ئەوانیش لە خۆشەویستییان بۆ شەفیق نییە بەڵکو رەت کردنەوەی دەوڵەتی دینییە کە مورسی نوێنەرایەتی دەکات، ئەمەش وەهمێك نییە لە عەقڵی لیبرالی و علمانی و چەپەکان لە میسر، ئەگینا لێکدانەوەی دروشمەکانی دەوڵەتی خیلافەت کە لە ریزەکانی ئیخوان و ئیسلامییەکان سەریهەڵدا، یەکێك لە بانگخوازانی ئیخوان داوای دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دەکات کە پایتەختەکەی قودسە، ئەگەرچی ئیخوان زۆر جار ئەمە رەت دەکەنەوە، لە بەرامبەردا شەفیق نوێنەری دەوڵەتی مەدەنیەت نییە، چونکە هەڵبژاردنی دووبارە رژێمی پێشووی موبارەك بەرهەم دەهێنێتەوە بەشێوەیەکی سەربازی، ئەم دوو شێوە سەربازی و ئایینییە دژی دەوڵەتی مەدەنین.



د. ئەحمەد سەید ئەحمەد بۆ گوڵان:

**گۆڕینی دیمەنی ئەو هاوکێشەیەی وای پیشان دەدا کە شەڕەکە لە نێوان ئەنجومەنی سەربازی و ئیخوانەکاندایە، ئەمەیان گۆڕیی بۆ دیمەنێک کە شەڕەکە لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و ئەنجومەنی سەربازییە**

هجرس پێیوایە کە دیموکراسییەکان لەو هەڵبژاردنەدا دۆڕاندوویانە، بەڵام لەوانەیە دیموکراسییەت سەرکەوتوو بێت، چونکە کەسانی نادیموکراسی میکانیزمەکانی دیموکراسییەت پیادە دەکەن، ئەمەش پێشکەوتنێکی گرنگە، و وای دەبینێت کە پێکدادانی نێوان ئەنجوومەنی سەربازی و ئیخوان لە ئارادایە ئەگەر مورسی سەرکەوتنی بەدەست بهێنێت یان نا؟، چونکە جۆرێك لە ئیزدواجیەت لە دەسەڵات ناکۆکی دەربارەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك هەیە، هەروەها دەرفەت بۆ سازش و تەسویە و لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوولا هەیە، بۆ زانیاریش ئیخوان ئاستێکی بەرزی پراگماتی و زانستییان هەیە و هەردوو لا هەوڵی (تەسویە) دەدەن لە هەردوو حاڵەتەکەدا، بەڵام ئەمە ئەگەری پێکدادان کەم ناکاتەوە کە تێیدا ئەنجوومەنی سەربازی و ئیخوان نادۆڕێن، بەڵکو میسر هەمووی دەدۆڕێ کە چاوەڕوانی گواستنەوەیەکی نەرمی دەسەڵات دەکات کە میسر بگوازێتەوە لەم حاڵەتی بێ ئومێدییە بۆ دەوڵەتێکی مەدەنی هاوچەرخ.

لە لای خۆیەوە شرۆڤەکاری سیاسی دکتۆرئەحمەد سەید ئەحمەد پێی وایە کە ئیخوانەکان دەسبەرداری تاکتیکەکەنیان بوون، چونکە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، کە ئەمەش زۆر دەسکەوتیان بۆ وەدیدێنێت، یەکەمینیان داسەپاندنی دیفاکتۆیە بۆ بردنەوەی پاڵێوراوەکەیان لە ڕێگەی پێشخستن و زووتر ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی یەکلاکردنەوەی دەنگەکان لە ڕێی لیژنە لاوەکیەکانیانەوە، بەمەش لە پەراوێزدا هەموو پرۆسەیەکی ساختەکردن و کەمکردنەوە ئەگەر هەبێت و ڕووبدات بۆ گۆڕینی یان ڕاستکردنەوەی ئەنجامەکان لەبار بران، هەروەها بەرەیەکی یەکڕیزیی نیشتمانییان دامەزراند ئەویش بە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ زۆربەی هێزە شۆڕشگێڕیەکانی ٦ی ئیبریل و بەرەی نیشتمانی گۆڕان و ئەنجومەنی لاوانی شۆڕشی میسری و سۆسیالیزمە شۆڕشگێڕەکان و زۆربەی ڕەمزە نیشتمانیەکانی تر، ئەوەش بۆ گۆڕینی دیمەنی ئەو هاوکێشەیەی کە وای پیشان

دەدا شەڕەکە لە نێوان ئەنجومەنی سەربازی و ئیخوانەکاندایە، ئەمەیان گۆڕیی بۆ دیمەنێك کە شەڕەکە لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و ئەنجومەنی سەربازییە، ئەو ئەنجومەنەی کە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی کودەتایەکی نەرمی بەسەر شۆڕش و ئامانجەکانیدا کردووە، تا ئەم بەرەیەی لە پاڵ جەماوەری مەیدانەکاندایە نەك تەنیا تەوژمی ئیسلامی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە بەڵکو هێزە شۆڕشگێڕەکانی تریش لەخۆی نزیکبخاتەوە، ئەمەش دەبێتە کارتێکی فشار بەسەر ئەنجومەنی سەربازییەوە بۆ ئەوەی راگەیاندنی دەستووری هەموار بکاتەوە یا حوکمەکەی دادگای دەستووری رەتبکاتەوە، کە بۆ هەڵوەشانەوەی پەرلەمان دراوە یا بڕیاری کۆنترۆڵکردن و بەرزەفتی دادوەری هەڵبوەشێنێتەوە، هەروەها ئەمە هۆکارێکی گوشارهێنانە لەپێناوی ئەوەی سەرۆکی داهاتوو، هەموو دەسەڵاتەکانی تایبەتمەند بە پایەکەی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، ئەم بزاف و جووڵانەوەیەی ئیخوانەکان زۆر مەترسی و نیگەرانی سەبارەت بە گەیشتنی تەوژمی ئیسلامی بەدەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی دەوڵەت کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی کاتێك مورسی و بەیاننامەکەی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دامودەزگای سەرۆکایەتی لەپاڵ ئیخوانەکاندا نوێنەرانی قیبتیەکان و لاوان و ئافرەتان و فرە ڕەگەزوو هەمەڕەنگە سیاسییەکانی ناوکۆمەڵگاشی تێدا بێت، هەروەها مورسی بەڵێنیدا کە حکومەتی داهاتوو هاوپەیمانی بێت و هەموو هێزە سیاسییەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوەو کەسایەتییەکی نیشتمانی بێلایەن سەرۆکایەتییان بکات، بەڵام پرسیارە گرنگەکە لێرەدایە، ئایا هەموو ئەم شتانە دەبنە هۆی رازیبوونی ئەنجومەنی سەربازی و ئەو هێزە سیاسییانەی کە پاڵپشتی لە شەفیق دەکەن، یان ئەم دیمەنە هەروا بەئاڵۆزی و بەگرژی سیاسی دەمێنێتەوە، ئەوەش دەوەستێتە سەر کۆمەڵێك فاکتەر گرنگترینیان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانە بەو مەرجەی بەشێوازێکی خاوێن و شەفاف و ڕوون ڕابگەیەنرێن، بەشێوەیەك کە شەرعیەت بەسەرۆکی هەڵبژێردراو بدات

هەروەها توندوتیژییەکانی لایەنگرانی تەوژمی بەرامبەر کەم بکاتەوە، وێڕای ئەمەش لۆژیکی دیالۆگی نیشتمانی و ئاشتبوونەوەی گشتی لە ڕێگای دیالۆگی نێوان هێزە سیاسییەکانەوە سەربخرێت، تا ئەم حاڵەتی جەمسەرگیری تیژە کۆتایی پێ بێت و لەبری ئەوە بەرژەوەندی نیشتمانی و بەرژەوەندی باڵای وڵاتەکەو ئامانجەکانی شۆڕش بەرز رابگیرێن، لەهەموو حاڵەتەکاندا پێویستە لەسەر سەرۆکی ئایندەی وڵات، ئەوەی لاروون بێت کە میسر لەوە گەورەترە بکرێتە پاروویەکی ئاسان لەلایەن هەر لایەنێکی تاکڕەو یا گرووپێکی بەرژەوەندخوازو تەوژمێکی ئاینییەوە قووت بدرێت، میسر لەسەربازییەکان و ئیخوانییەکان و پاشماوەی حزبی نیشتمانی هەڵوەشاوە گەورەترەو ئەو پەندەی کە پێویستە سەرۆکی داهاتوو وەریبگرێت و پێویستە هەموو میسرییەکان لێی تێبگەن، ئەوەیە مانەوەو سەقامگیربوون و پێشکەوتنی میسر ئەمڕۆ بەستراوەتەوە



سەعید هجرس بۆ گوڵان:

**میسر بە ساتەوەختێکی زۆر وردو هەستیار تێدەپەڕێت کە بە دڵەڕاوکێ بارگاوی کراوە و هەڵگری مەترسییە، چونکە هەڵبژاردنەکانی هاوشێوەی هەڵبژاردنی هیچ وڵاتێکی جیهان نەبوون**

بەتوانای وڵاتەکە لەسەر وەدیهێنانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بوونیاتنراو لەسەر مەبدەئی دادپەروەری.

هیچ سەرۆکێك ناتوانێت میسر بگێڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە هەڵەیەی کە لەپێشوودا زوڵم و چەوسانەوەی بۆ گەل هێنابووە پێشەوە، چونکە گەلی میسر ئێستا متمانەی بەتواناو وزەی خۆیەتی لە هیچ دیکتاتۆرو ستەمکارێکی تر قبووڵ ناکات، چ دیکتاتۆری سەربازی یا دیکتاتۆر لەژێر دروشمی ئیسلامیدا بێت، هەر سەرۆکێك کە دێتە کۆشکی کۆماری ناچار دەبێت ڕێز لە ئیرادەو خوێنی شەهیدان و ئومێدبەخشان بگرێت، ئەوانەشی کە خەو بەدەسەڵاتی پێشووەوە دەبینن یا ئەو ئیسلامییانەی کە خواستەکانیان لەئەدایان زیاترە، پێویستە بەمیتۆدی خۆیاندا بچنەوە، ئەگەر شەفیق لەحاڵەتی بردنەوەیدا سیاسەتێکی سڕینەوە یا سزادانی بەپێی عەقڵیەتی رژێمی پێشوو بەکاربهێنێت، شۆڕشێکی گەورەتر رووبەرووی دەبێتەوە، یا ئەگەر هاتوو ئیخوانەکان سزای نەیارانیان بدەن و چارەسەری هەڵەکانی خۆیان نەکەن و مەیلیان بۆ تاکڕەوەی لەدەسەڵاتدا کەم نەکەنەوە ئەوانیش رووبەرووی شۆڕشێکی گەورە دەبنەوە، ئایا سەرۆکی داهاتوو لەسەروو وابەستەبوونی تەسکی بە حزبەکەی خۆی ئەو بوێرییەی هەیە کە ئاسۆکانی ئاشتەوایی نیشتمانی بەدیبهێنێت و خیتابێکی سیاسی تەوافوقی بە بۆندێکی پان بنووسێتەوە کە میسر بۆ هەمووانە کەسی لێ پەراوێز نەخات و هیچ ناوچەیەك یا تایەفەیەکی تێدا سزا نەدات، لەئاست زوڵم و گەندەڵیشدا بێدەنگ نەبێت، وێڕای هەموو ئەو نیگەرانی و ترسەی لەدەوری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدان، هەروەها وێڕای رەشبینی کە لەدوای بارودۆخی شۆڕش بەسیمای خەڵکەوە دیارە، ئاکامەکان هەرچۆنێك بن میسر براوەیە و دەچێتە پێشەوە، ئەگەرچی بەهێواشی و لەسەرخۆییش بێت بەڵام بەتەئکید هۆشیاری خەڵك زیادیکردووەو ئەزموونیان پەیدا کردووەو لاموبالاتی و پووچگەرایی کەمی کردووەو هەمووان بۆ لەمەودوا هیچ حاکمێکی دیکتاتۆر قبووڵ ناکەن.

# تورکیاو ئەردۆغان و سیستمی سەرۆکایەتی



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیویێتی

ئەگەری هەنگاونانی تورکیا بەرەو سیستمی سەرۆکایەتی، نیگەرانیی لەشەقامی تورکیا دروست کردووە. بۆچوونە سیاسییە کلاسیکییەکە پێی وایە سیستمی سەرۆکایەتی زۆرتر بە کەڵکی ئەو وڵاتانە دێ کەپێشینەیەکی دیموکراتییان هەیەو بۆ وڵاتانێك دەست نادات کەتازە بەرەو دیموکراسی دەڕۆن، یاخود ئەزموونی دیموکراتییان لاوازە. ئەگەرچی تەمەنی دیموکراسییەکەی تورکیا نزیکەی ٦٠ سالأ دەبێ بەڵام بە بەراورد لەگەڵ دیموکراسیی لیبرالی پەیڕەوکراوی رۆژئاوا ئەم دیموکراسییە هەمیشە رەخنەی لێ گیراوەو دراوەتە بەر توانج.

ئەو لایەنانەی لەسیستمی سەرۆکایەتی دەترسن، لەو بڕوایە دان کەتورکیا پێویستی بەسیستمی سەرۆکایەتی نییەو لەوە دەترسن سیستمی سەرۆکایەتی ببێتە مایەی پاشەکشەی دیموکراسی.

سیناریۆی پێشبینیکراوی تورکیا . زۆر لەسیناریۆکەی روسیا دەچێ کەتێیدا پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تەنیا لەنێوان ڤلادیمیر پۆتین و میدڤیدیف دا بەڕێوە دەچێ و هەر جارەی یەکێکیان دەبێتە سەرکۆمارو سەرەك وەزیران. بەم پێیە، ئاڵوگۆڕی پێشبینیکراو لەتورکیا رەنگە لەنێوان ئەردۆغان و عەبدوڵڵا گولی سەرۆکی ئێستای تورکیا بێ.

بەڵام مەسەلەکە بەو جۆرەی کە لەتورکیا پلانی بۆ دانراوە، لەوە تێپەڕیوە کەتەنیا پرۆسەی گواستنەوە بێ لەسیستمی پەرلەمانییەوە بەرەو سیستمی سەرۆکایەتی چونکە پارتی دادو پەرەپێدان چ سیستمەکە پەرلەمانی بێ چ سەرۆکایەتی، هەر حوکمڕانیی تورکیا دەکا. بۆ دادو پەرەپێدان سیستمەکە پەرلەمانی بێ یان سەرۆکایەتی، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ. مەسەلەکە لەوە دایە کەئەردۆغان جگە لەوەی کەخۆی ئامادە کردووە کەجێی گول بگرێتەوەو ببێتە سەرکۆمار، دەیەوێ بەگۆڕینی سیستمی پەرلەمانی، هەموو دەسەڵاتەکان لەسەرەك وەزیران بسەنێتەوەو خۆی ببێ بەلێپرساوی یەکەمی دەسەڵاتی راپەڕاندن. ئەردۆغان سەرۆکایەتییەکی پرۆتۆکۆلیی ناوێ و لەهەوڵی ئەوە دایە کەهەلی دانانی دەستورێکی تازە بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی بقۆزێتەوە.

بەمجۆرە، ئەو لایەنانەی لەگۆڕینی سیستمی سیاسی نیگەرانن، مەسەلەکە وا لێکدەدەنەوە کەئەردۆغان سیستمێکی بۆ تورکیا دەوێ کەپڕ بەبەری خۆی بێ و ئەم مەسەلەیە ئەوەندەی کەرەنگدانەوەی حەزو ئارەزووی ئەردۆغانە، ئەوەندە رەنگدانەوەی پێداویستییە مادییەکان نییە.

لەسیستمی ئێستای تورکیادا، سەرۆکی کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێرێ و زۆربەی دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆلین، دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست سەرەك وەزیرانە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە بۆ ئەردۆغان بچێتە سەر، راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێ و ئەمەش دەرفەتێکی وا پێکدێنێ کەپەرلەمان لەپرۆسەی سیاسیدا کەمتر رۆڵأ بنوێنێ و پۆستی سەرەك وەزیرانیش بایەخی جارانی نەمێنێ و لەپۆستێکی سیاسییەوە ببێتە پۆستێکی ئیداری.

سەربار، نیاز وایە سەرۆکی هەڵبژێردراو ناچار نەکرێ واز لەسەرۆکایەتی و ئەندامێتیی حزبەکەی خۆی بێنێ، وەك ئەوەی دەستوری پەیڕەوکراوی ساڵی ١٩٨٢ سەپاندویەتی. لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئەردۆغان ئەوەی بەلاوە پەسندتر بوو کەسەرۆکی کۆمار حزبی بێ نەك سەربەخۆ یاخود ناچار بکرێ، پاش هەڵبژاردنی، واز لەپۆستە حزبییەکانی بهێنێ. یالچین دوغان لەرۆژنامەی ((هوربیەت)) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم مەسەلەیە وەك گەڕانەوە بۆ دواوە دەناسێنێ و ئەردۆغان بەعیسمەت ئینونو دەچوێنێ کەهەم سەرۆکی کۆمار بوو، هەم سەرۆکی پارتی گەل. ئەو وا گوزارشت لەمەسەلەکە دەکا کە لەو سەردەمەدا ئینونو سەرۆکی حکومەتی بەلاوە وەك سکرتێر وابوو.

بۆ کوردی تورکیا مەسەلەی گۆڕینی سیستمی سیاسی لەپەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی لەمەسەلەی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گرنگتر نییە بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کەئەوان لەم گۆڕینە نیگەران نین. لەهەندێ رووەوە دەشێ ئەم مەسەلەیە لەمانۆڕە سیاسییەکانی کورددا سوودی لێ وەربگیرێ چونکە ئەردۆغان و دادو پەرەپێدان لانی کەم دوو جار پێویستیان بەدەنگی کورد دەبێ. یەکێکیان لەکاتی دەنگدان بەدەستوری تازە کەلەقۆناغی نوسیندایەو ئەوی تر، ئەگەر سیستمەکە کرا بەسەرۆکایەتی، لەکاتی دەنگدان بەکاندیدەکانی سەرۆکایەتی. ئەو ئاڵووێرەی کە لەکوردستان بیری لێ دەکرێتەوە ئەوەیە کە لەم جموجووڵە سیاسییەدا بەبێ مسۆگەرکردنی دەستکەوتێکی دیاریکراوو پەسندکراو، نابێ کورد بەدەست بەتاڵی دەرچێ.

بەکردەوە، سیستمی تورکیا چ ببێ بەسەرۆکایەتی چ وەك ئەوەی ئێستا بمێنێتەوە، هەر پێویستی بەچەردەیەك چاکسازییە کە رێ بۆ هێنانە کایەی رەوشێکی لەبارتر بۆ شێوەی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی خۆش دەکەن.

**بۆ کوردی تورکیا مەسەلەی گۆڕینی سیستمی سیاسی لەپەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی لەمەسەلەی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گرنگتر نییە بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کەئەوان لەم گۆڕینە نیگەران نین**